ئەنجومەنی دادوەری

# تاوانەکانی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن و کێشەی چارەسەرکردنیان لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان

# (جرائم النشر والاعلام ومشكلة معالجتها في التشريعات النافذة في اقليم كوردستان)

دادوەر
سروەر علي جعفر

تویژینەوەیەکە پێشکەشکراوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی پلە بەرزکردنەوە بۆ پۆلی یەکەم لە پۆلێنەکانی دادوەری

بە سەرپەرشتی دادوەر
تۆفیق نامق رضا
سەرۆکی دادگای نەوجەوانان لە سلێمانی

٢٠٢٢

## سوپاس و پێزانین

لە کۆتایی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی دادوەر بەڕێز (توفیق نامق رضا) سەرۆکی دادگای نەوجەوانان لە سلێمانی بکەم بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم توێژینەوەیەم و هاوکاری کردنی بە ڕێنمایی و تێبینییەکانی، هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی بەڕێزان (د. سامان فوزی عمر )و (د.طه عمر رشید) و (دادوەر –هاوڕێ لطیف طه) بکەم کەبە سەرچاوەو بڕیاری پێداچونەوە هاوکاریان کردووم.

توێژەر
سەروەر علی جعفر
دادوەری دادگای کەتنی سلێمانی

# هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیار

پاش دەستنیشانکردنم وەک سەرپەرشتیار لە سەر ئەو توێژینەوەیەی کە توێژەر دادوەر بەڕێز (سەروەر علی جعفر ) نوسیویەتی بە مەبەستی پێشکەشکردنی بۆ ئەنجومەنی دادوەری وەک بەشێک لە پێویستییەکانی پلە بەرزکردنەوە بۆ پۆلی یەکەم لە پۆلێنەکانی دادوەری.
توێژەر ئەو هەنگاوانەی پیشانداوم کە دەیگرێتەبەر لە پێناوی نوسینی توێژینەوەکەیداو هەموو ئەو ڕێنمایی و ڕاسپاردانەی پێمداوە وەک خۆی بەهەندی وەرگرتووە، پاش ئەوەی کە توێژینەوەکەشم خوێندۆتەوە بۆم دەرکەوتووە کە توێژەر هەوڵێکی باشی داوە لە نوسینەکەیدا ئەوەش بە پاڵپشتی ئەو سەرچاوە یاساییانەی بەکاری هێناوە بۆ ئەوەی ببێتە توێژینەوەیەکی کورت و پوخت و تەواو لە هەموو ڕوویەکەوە کە توێژینەوەکەی لەسەر بابەتی (تاوانەکانی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن و کێشەی چارەسەرکردنیان لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان) لە بواری سزاییدا کە ئەو توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی بە نرخ و زانیارییەکی بەسوود بۆ خوێنەرانی ، لەبەر هەموو ئەوانە توێژینەوەکەی شایەنی قبوڵکردنە لەبەر ئەو هەوڵ و کۆششانەی داویەتی لە پێشخستنی زانیاری یاسایی لەو بوارەدا ، لێرەدا من تەنها دەتوانم هانی بدەم لەسەر بەردەوام بوون وکۆششی زیاتر لەو بوارەو بوارە یاساییەکانی تریشدا تاوەکو هەم خۆی سوودی لێ ببینێت هەم هاوڕێکانی تریشی کە کاردەکەن لە سێکتەری یاساو دادوەریدا .

لەگەڵ ڕێزدا

**سەرپەرشتیار**
**تۆفیق نامق رضا**

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| باسی یەکەم /چەمکی تاوانەکانی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن | ٣ |
| بابەتی یەکەم/پێناسەی تاوانەکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن | ٣ |
| بابەتی دووەم /سروشتی تاوانەکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن | ٤ |
| بابەتی سێیەم/ پایەکانی تاوانەکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن | ٦ |
| باسی دووەم / بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی ڕاگەیاندن | ١٧ |
| بابەتی یەکەم - بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی ڕۆژنامەی چاپکراو (کاغەزی) | ١٧ |
| سیستەمی بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی ڕۆژنامەی چاپکراو | ٢٠ |
| یەکەم : بنچینەی سیستەمی بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی ڕۆژنامە | ٢١ |
| دووەم : پاساوەکانی سیستەمی بەرپرسیارێتی سزایی | ٢٢ |
| بابەتی دووەم / بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو | ٢٦ |
| بابەتی سێیەم - بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی | ٢٨ |
| باسی سێیەم / تاوانەکانی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان | ٣٣ |
| بابەتی یەکەم /یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ | ٣٣ |
| بابەتی دووەم/یاسای چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ | ٣٨ |
| بابەتی سێیەم /یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان –ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ | ٣٩ |
| بابەتی چوارەم / یاسای قەدەغەکردنی لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن لە هەرێمی کوردستان- ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ | ٤٢ |
| باسی چوارەم / ئەو کێشانەی هەن لە یاسا بەرکارەکاندا | ٤٤ |
| بابەتی یەکەم /پەرتەوازەیی لە یاساکاندا. | ٤٥ |
| بابەتی دووەم / کەموکورتی لە ڕێکخستندا | ٤٥ |
| بابەتی سێیەم / نا وردی لە داڕشتندا | ٤٧ |
| کۆتایی | ٤٩ |
| سەرچاوەکان | ٥٢ |

## پێشەكی

تەكنۆلۆجیای گەیاندن و زانیاری بەشێوەیەكی خێرا گەشەی سەندووە، ئەوەش كاریگەری لەسەر زۆر لەبوارەكان دروست كردووە لەوانەش بواری ڕاگەیاندن ، كە دەتوانرێت بوترێت ئەو گەشەسەندنەی لە بواری ڕاگەیاندن رووی داوە بە شۆڕش ناوببرێت ، چونكە لە دوای داهێنانی ئامێری چاپ لە ئەڵمانیا لە ناوەندە فەرمییەكانی ئەو وڵاتە هەندێك دۆكیۆمێنت چاپ دەكران كە زانیاری لە خۆگرت بوو، لە دوای شۆڕش فەرەنساش كە شۆڕشێكی هیوا بەخش بوو بۆ رۆژنامە وای كرد كە رۆژنامەی چاپكراو بتوانێت هەموو وڵات بگرێتەوە هەروەها یاسای رۆژنامەگەری فەرەنسیش لە ساڵی ١٨٨١ دانرا بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دەتوانرێت بوترێت لە سەدەی شانزەوە تاوەكو شەستەكانی سەدەی ڕابردوو رۆژنامە گۆڕانكارییەكی گەورەی بەسەردا نەهات تەنها لە ڕووی جوگرافیاوە نەبێت كەسنوورەكەی فراوانتر بوو، بەڵام لە شەستەكانی سەدەی رابردووەوە بەهۆی گەشەسەندنی زانستی هەنگاو بەهەنگاو بواری رۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن پێشكەوت تاوەكو لە نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوو بەدیاری كراوی لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٩٢ یەكەم رۆژنامەی كە تەواو ئەلیكترۆنی بێت بە ناوی شیكاگۆ ئۆن لاین دەرچوو ، هەروەها لە ڕێگەی مانگە دەستكردەكان و ئینتەرنێتیشەوە ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو پەرەی سەند، بەشێوەیەك كە ئێستا دەتوانرێت چركە بەچركە زانیاری و هەواڵ بەهەموو جیهان بگەیەنرێت لەوەش زیاتر ئێستا بەهۆی سۆشیال میدیاوە هەموو كەس دەتوانێت ببێتە خاوەنی ڕاگەیاندنی نوسراو و بینرا و بیستراو بە خۆی و زانیاری و هەواڵی تیادا بڵاو بكاتەوە لە كاتێكی كەمیشدا زۆرترین وەرگری هەبێت كەبەدڵنیایی ئازادییەكی بێ سنووری بۆ بواری ڕاگەیاندن فەراهەم كردووە ، بەڵام ئەو ئازادییە پێویستی بە پابەندی و بەرپرسیارێتی هەیە تاوەكو نەبێتە سەكۆیەك بۆ زیادەڕەوی كردن بۆسەر ماف و ژیانی تایبەتی كەسانی تر هەروەها زیادەڕەوی كردن بۆسەر بەرژەوەندی گشتی و سیستەمی گشتی .

## گرنگی بابەتی توێژینەكە:

لە گەڵ پێشكەوتنی بواری ڕاگەیاندن بێ گومان تاوانەكانی بڵاوكردنەوەو ڕاگەیاندنیش لەرووی جۆرو ژمارەو كەسە بەرپرسیارەكانەوە زۆر زیادیان كردووە، كە گرنگە راڤە(دراسة)ی تاوانەكانی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە بكرێتەوەو بەرپرسیارێتی سزایی كەسەكان دەستنیشان بكرێتەوە پاش ئەوەی بەهۆی بەكارهێنانی تەكنۆلۆجیاوە لە هەندێك باردا گۆڕانكاری بەسەر پرۆسەی كاركردن لە ڕاگەیاندن هاتووەو تاوانەكان زیادیان كردووە و هەندێك بواری تریش كە پێشتر نەبوون ئێستا هاتونەتە ئاراوە كە ئاشكرایی تیایاندا توخمێكی سەرەكییە تیایاندا وەك رۆژنامەی ئەلیكترۆنی و سۆشیال میدیا هەروەها راڤەكردنی بەرپرسیارێتی كەسەكان و تاوانەكانی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە لە یاسا بەركارەكانی هەرێمی كوردستاندا.

## كێشەی توێژینەوەكە :

كێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە بوارەكانی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە لە هەرێمی كوردستان لەیەك یاسادا ڕێك نەخراون دەقەكانی پەرش و بڵاون و ناڕوون و ناوردن و بەهەمووشیان نەیانتوانیوە دەستنیشانی تەواوی تاوانەكان بكەن و بەرپرسیارێتی كەسەكان دیاری بكەن و چارەسەری بكەن ، ئەوانەش كێشەی زۆری بۆ دادگا سزاییەكان دروست كردووە لەكاتی لیكۆڵینەوە و دادگایی كردن لەو كێشانەدا، هەروەها

توێژینەوەی زۆر كەم لەبارەیەوە كراوە كەلەچوارچێوەی بابەتێكدا ڕاڤەیەكی وردی ئەو یاسایانە بكات كە تایبەتن بەبواری ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوەو، بەراوردیان بكات بە یاسای وڵاتانی تر بە تایبەتی فەرەنساو میسر تاوەكو دەستنیشانی كەم و كورتییەكان بكرێت و چارەسەریان بكرێت .

## هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە :

هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە بۆئەوە دەگەڕێتەوە كە سەرەڕای ئەوەی پێناسەی چەمكی تاوانەكانی بڵاوكردنەوەی راگەیاندن و سروشت و پایەكانی بكات لەبەر رۆشنایی ئەو گەشەسەندنانەی كە ڕاگەیاندن و ئینتەرنێت بەخۆیانەوە بینییەوە، هەروەها لەچوارچێوەی یەك توێژینەوەدا تیشك بخرێتە سەر ئەو دەق و یاسایانەی كەلەهەرێمی كوردستان بەركارن و تایبەتن بە بواری ڕاگیاندن و بڵاوكردنەوەو كەم و كورتییەكانیشی دەستنیشان بكرێت و پێشنیاری چارەسەری كۆتاییان بۆ بخرێتە ڕوو بۆ ئەو كەسانەی كە هەوڵ دەدەن و مەبەستیانە یاسایەكی نوێ و هاوچەرخ بۆ بواری ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە دەربكرێت .

## پەیكەری توێژینەوەكە :

بۆ ئەوەی بابەتی توێژینەوەكە بەتەواوی بخرێتە ڕوو و كێشەكان دەستنیشان بكرێت پاشان ئامانجی توێژینەوەكە بێتەدی ،ئەم توێژینەوەیە دەكەین بە چوار باسەوە لە باسی یەكەم ئاماژە بە پێناسەی تاوانەكانی بڵاوكردنەوە و ڕاگەیاندن وسروشتی تاوانەكانی بڵاوكردنەوە و ڕاگەیاندن و پایەكانی تاوانەكانی بڵاوكردنەوە و ڕاگەیاندن دەكەین لەباسی دووەم ئاماژە بە بنەما تایبەتەكانی بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەكانی رۆژنامەی چاپكراو كە تیایدا بەرپرسیارێتی سزایی رۆژنامەنوس لە یاسادا و یاساوی بنەما تایبەتەكانی بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەكانی رۆژنامە دەخەینە ڕوو هەروەها بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەكانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەكانی رۆژنامەی ئەلیكترۆنی شرۆڤە دەكەین لە باسی سێیەمەیش ئاماژە بەو دەق و یاسایانە كەین كە تایبەتن بە بوارەكانی بڵاوكردنەوەو ڕاگەیاندن و لە هەرێمی كوردستان بەركارن كە خۆیان دەبیننەوە لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ و یاسای چاپەمەنی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ و یاسای كاری رۆژنامەگەری لە كوردستان –ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای قەدەغەكردنی خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندی كردن لە هەرێمی كوردستان- ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨، لە باسی چوارەمیش باس لەو كێشانە دەكەین كەلەو یاسایەندا هەن لەپەرتەوازەیی لە یاساكانداو كەموكورتی لە ڕێكخستنداو نا وردی لە داڕشتندا .

**توێژەر**

**٢٠٢٢**

# باسی یەكەم
# چەمكی تاوانەكانی بڵاوكردنەوەو ڕاگەیاندن و پایەكانی
# (مفهوم جرائم النشر و الاعلام واركانها)

ئازادی ڕاگەیاندن بەلقێك لە لقەكانی ئازادی ڕادەربڕین دادەنرێت و گرنگیەكی تایبەتی هەیە لەبەر ئەو ڕۆڵە بنچینەییەی هەیەتی لە دروستكردنی ڕای گشتی لەلای تاكەكانی كۆمەڵگە ، هەروەها ڕەهەندێكی سیاسی هەیە لەبەرئەوەی زۆرجار لە ڕێگەی ئەوەوە ڕەخنە لە كارەكانی حكومەت دەگیرێت و هەڵەكانی لەبەردەم ڕای گشتی ئاشكرا دەكرێت .[1]

بەڵام ئازادی ڕاگەیاندن كۆتكراوە بەوەی نابێت زیادەڕەوی لەو سنوورە بكات كە یاسا بۆی كێشاوە كە زۆربەی یاسا سزاییەكان لەوانەش ئەو یاسا سزاییانەی كەلە هەرێمی كوردستان بەركارن بڵاوكردنەوەی بەتاوان ئەژماركردووە ئەگەر ئەو بڵاوكردنەوەیە دەستدرێژی تیابێت بۆسەر بەرژەوەندی گشتی یان بەرژەوەندی تایبەتی تاكەكان .

بە شێوەیەكی گشتی تاوانەكانی ڕاگەیاندن بە تاوانەكانی ڕادەربڕین دادەنرێن ،واتە لەو تاوانەن كە یاسا سزای بۆ داناوە بەهۆی دەربڕین لە هزرو ڕاو هەواڵ و زانیاری و هەستێكی دیاریكراو ، كەوەك بنەمایەكی گشتی دەربڕین لەو جۆرە تاوانانەدا دەبێت بەشێوەی ئاشكرایی بێت .[2]

بۆ ئەوەش ئەم باسە دەكەین بە سێ بابەتەوە ، لە بابەتی یەكەم باسی پێناسەی تاوانەكانی بڵاوكردنەوە و ڕاگەیاندن دەكەین و لە بابەتی دووەم باسی سروشتی تاوانەكانی بڵاوكردنەوە و ڕاگەیاندن و لە بابەتی سێیەم باسی پایەكانی تاوانەكانی بڵاوكردنەوە و ڕاگەیاندن دەكەین .

## بابەتی یەكەم
## پێناسەی تاوانەكانی بڵاوكردنەوە و ڕاگەیاندن

یاساناسان كۆك نین لەسەر پێناسەیەكی یەكگرتوو بۆ تاوانەكانی ڕاگەیاندن بەڵام دەتوانرێت بەوە پێناسە بكرێت كە تاوانەكانی ڕاگەیاندن تاوانی هزرین و خۆی دەبینێتەوە لە ڕاگەیاندنی بیرو ڕایەك بەمەبەستی خراپ كە یاسا

---

١عادل كاظم السعود- نحو قانون جنائي يكفل حرية الصحافة في العراق- زانكۆی اهل البيت- بڵاوكراوەتەوە لە ماڵپەڕی abu.edu.iq ل ٢٧٣-دوا سەردان ٢٠٢٢/٨/٧

٢- چيا اسماعيل عثمان – المسؤولية الجنائية للصحفي عن جرائم النشر –مصر/ الامارات ٢٠١٧

سزای بۆ داناوە، یان دەتوانرێت بوترێت كە تاوانەكانی ڕاگەیاندن تاوانی یاسای گشتین خۆی دەبینێتەوە لە ڕاگەیاندنی بیروڕا كە زیادەڕەوی لە سنوری خۆی كردووە و هۆكارەكانی ڕاگەیادنیش ئەو ئامڕازەن كە لەئەنجامدانی تاوانەكەیدا بەكاری هێناوە .[٣]

بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو تاوانانەی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە دەكرێن تاوانی هزری و بیرو ڕا بن بۆ نموونە هەڕەشەكردن یان جنێودان ناچنە چوارچێوەی تاوانەكانی بیرو راو هزرییەوە چونكە ئەو تاوانانە گوزارشت لە هزر یان ڕایەكی دیاریكراو ناكەن هەروەها ئاشكرایی پایەیەك نییە لە پایەكانی تاوەكو بەبێ ئەو تاوانەكە نەیەتەدی ، بەڵكو بەبێ پایەی ئاشكرایش ئەو جۆرە تاوانانە دێنەدی دەكرێت  بە نهێنی و بە ئاشكراییش ئەنجام بدرێن .

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین لەدوو باردا كردارەكان بەتاوانی بڵاوكردنەوە دادەنرێن باری یەكەم ئەگەر یاسادانەر بەدەق كردارێكی بە تاوانی رۆژنامەگەری دانابوو باری دووەمیش ئەگەر تاوانەكە گوزارشت بوو لە دەربڕینی هزرێك یان ڕایەك بەڵام دەستدرێژی و زیادەڕەوی تیادا بێت و خراپ ئازادی را و دەربڕینی لە خۆ گرت بوو لەهەمان كاتدا بە ئاشكرا ئەنجام درا بن[٤] .

## بابەتی دووەم
## سروشتی تاوانەكانی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە

ڕای یاساناسان جیاوازە لەسەر دیاریكردنی سروشتی یاسایی تاوانەكانی رۆژنامەگەری كە بەهۆی بڵاوكردنەوەوە دروست دەبێت ، كە بڵاوكردنەوە توخمێكی گرنگی ئەو جۆرە تاوانانەیە،هەروەها بەهۆكارێك دادەنرێت بۆ دەربڕین لە ڕاو بیروباوەڕەكان ئەمەش وایكردووە بەریەككەوتن و جیاوازی لە ڕای یاسانان دروست بكات و دابەش ببن بۆ دوو ئاڕاستەوە:

**ئاڕاستەی یەكەم :**

هەندێك لە یاساناسان دەڵێن  كە تاوانی رۆژنامەگەری سروشتێكی تایبەتی و سەربەخۆیەو جیاوازە لە تاوانەكانی یاسای گشتی بەوەی كە هیچ لێكەوتەیەكی مادی نییە و تەنها دەبێتە هۆی دروست بوونی دڵەڕاوكێی دەروونی یان هزری لەلای هاوڵاتیان واتە ئەو زیانەی بەهۆی ئەوجۆرە تاوانەوە دروست دەبێت زیانێكی ئەدەبییە كەئەوەش دەستنیشانكردنی و سەلماندنی قورسە لەهەمان كاتدا مەترسیان زیاترە چونكە شوێنەواری تاوانەكە دەگاتە

---

٣وسیلة عاس  - جرائم الاعلام /٢٠١٤-٢٠١٥- یاداشتێكی تەواوكەرە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر – زانكۆی  العربي ابن مهیدي- بڵاوكراوەتەوە لە ماڵپەڕی - bib.univ-oeb.dz--دوا سەردان ٢٠٢٢/٨/٧

٤  د. عمر سالم - *نحو قانون جنائي للصحافة –چاپی یەكەم -قاهیرە ١٩٩٥ ل٢٩*

ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك جا بەراستەوخۆ بێت یان بەناڕاستەوخۆ کەئەوش هەڕەشەیە بۆ سەر سیستەمی گشتی و ئەو بەرژەوەندییانەی کە یاسا دەیانپارێزێت ، بەپێچەوانەی زیانی مادی کەدیارو بەرچاوە ،سەرەرای ئەوانەش کەیاسادانەر مەرجی تریشی داناوە بۆ روودانی تاوانی رۆژنامەگەری لەوانە پایەی ئاشکراییە کە بە پایەیەکی بنچینەیی ئەو تاوانە دادەنرێت، واتە جەوهەری تاوانی ڕاگەیاندن خۆی دەبینێتەوە لە ڕاگەیاندنی هزرێك یان رایەك کە یاسادانەر بەشێوەیەکی تایبەت هزرێك و راگەیاندنی بەتاوان داناوە ، بەڵام تاوانەکانی یاسای گشتی گرنگی دەدات بەوکردە مادییەی ئەنجام دراوە بەبێ گەران بۆ بیرکردنەوەی پێشوو کە پاڵنەری کەسەکە بووە تاوانەکەی ئەنجام بدات هەروەها گرنگی نادات بەوەی تاوانەکە بەنهێنی ئەنجامدراوە یان بە ئاشکرا [٥].

جیاوازییەکی تر دەرچوونە لەبنەما گشتییەکان لەڕووی رێکخستنی بەرپرسیارێتی لە تاوانەکانی بڵاوکردنەوە ، هەروەها لە رووی رێکارییەوە کە زۆر لە یاساکان جیاوازی کردووە لەنێوان تاوانی ڕاگەیاندن و تاوانەکانی تر لە رووی تایبەتمەندی دادگاو ڕاگرتنی تۆمەتباری ئەو جۆرە تاوانانەوە [٦].

**ئاڕاستەی دووەم:**

لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە پێیان وایە کە تاوانی ڕاگەیاندن بە تاوانەکانی یاسای گشتی ئەژمار دەکرێن تەنها شتێك کە جیای دەکاتەوە لەوان پەیوەستە بەو رێگەیەی کە تاوانەکەی پێدەکرێت ئەوەش رێگەی ئاشکراییە ، کەبەو پێیەی ڕاگەیاندن هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بڵاوکردنەوە لەبەرئەوە پایە مادییەکەی خۆی دەبینێتەوە لەکرداری بڵاوکردنەوەو ئەنجامەکەی و پەیوەندی هۆکاری نێوانیان و، ئاشکرایی توخمێك نییە لە پایەی مادی تاوانەکە بەڵکو مەرجە بۆ ئەنجامدانی تاوانی ڕاگەیاندن ، کە دەکرێت ئەو تاوانانە بە رێگەی تریش ئەنجام بدرێن بێجگە لە بڵاوکردنەوە [٧] ، کە یاسای سزادانی عێراقی بەم ئاڕاستەیەی وەرگرتووە .

بۆ نموونە ئەو تاوانانەی کە ئەنجام دەدرێن لە رێگەی رۆژنامەوە وەك تۆمەت هەڵبەستن و جنێودان لە تاوانەکانی یاسای گشتین و سروشتی یاسایی و پایەکانیان یەکە تەنها پایەی ئاشکرایی نەبێت کە تاوانی رۆژنامەگەری پێ جیا دەکرێتەوە ،کە ئەوەش نابێت وا لێکبدرێتەوە کە ئەو رێگەیەی تاوانەکەی پێ ئەنجام دەدرێت سروشتی یاسایی تاوانەکە دیاری دەکات چونکە دانانی مەرجی ئاشکرایی لەلایەن یاسادانەرەوە لەو جۆرە تاوانانەدا نابێتە هۆی گۆڕانی وەسفی یاسایی تاوانەکەو لەهەمان کاتدا دەکرێت ئەو تاوانانە بەرێگەی تریش وەك رووبەڕوو بەرامبەر بە تاوانلێکراو یان بەرێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی یان لەرێگەی نامەی ئەلیکترۆنییەوە ئەنجام بدرێن .

ئەو ڕایەش کە دەڵێت تاوانی رۆژنامەگەری سروشتێکی تایبەتی هەیە بەهۆی ئەوەی لێکەوتەی مادی نییەو تەنها زیانی ئەدەبی لێ دەکەوێتەوە لەجێی خۆی نییە ،لەبەرئەوەی بنەمایەکی یاسایی نییە تیایدا هاتبێت کە کردارێك

---

٥ د. عمر سالم - *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل ٢٦

٦ وسيلة عاس - *هەمان سەرچاوەی پێشوو*

٧ چیا اسماعيل عثمان – *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل١٥

وەسفی تاوان وەرناگرێت ئەگەر زەرەرێكی مادی لێ نەكەوێتەوە، سەرەڕای ئەوەش ناكرێت ئەو لێكەوتە مادییە لەبەرچاو نەگیرێت كە تاوانەكە لەكاتی ئەنجامدانیدا دروستی دەكات لەڕێگەی بڵاوكردنەوەوە.

## بابەتی سێیەم

## پایەكانی تاوانی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە

بۆ ئەوەی كردارێك بە تاوان ئەژماربكرێت پێویستە پایە دیاریكراوەكانی تاوانی تێدا بێت كەبەهۆیانەوە تاوان جیا دەكرێتەوە لەكرداری ئاسایی كە پێیان دەوترێت پایە گشتییەكانی تاوان كە خۆی دەبینێتەوە لە پایەی شەرعی و پایەی مادی و پایەی واتایی (معنوی ) كەبەبێ هەبوونی ئەو پایانە تاوان نایەتەدی ، بەڵام بۆ هاتنە دی تاوانەكانی ڕاگەیاندن سەرەڕای هەبوونی ئەو پایانە پێویستی بە پایەیەكی تری تایبەت هەیە ئەویش ئاشكراییە كە ئەم پایەیان جیای دەكاتەوە لە تاوانەكانی ترو بەبێ پایەی ئاشكرایی تاوانی ڕاگەیاندن نایەتەدی [٨] .

### یەكەم / پایەی شەرعی

مەبەست لە پایەی شەرعی تاوان، خەسڵەتێكی نادروستە یاسا دەیدات بەسەر كردارێكدا تا بە تاوان دابنرێت [٩]، بەپێی ئەوەش دەبێت دەقێكی یاسایی هەبێت ئەنجامدانی كردارێك یان نەكردنی كردارێك بەتاوان ئەژمار بكات و سزای بۆ دابنێت ،كەواتە هیچ كردارێك بە تاوان ناژمێردرێت ئەگەر یاسادانەر بەدەقێك نەیكردبێت بەتاوان ئەوەش پاڵپشت بەو بنەما یاساییەی كە دەڵێت ( تاوان و سزا بوونی نییە بەدەقێكی یاسایی نەبێت ) و، یاسادانەری عێراقیش لە مادەی (١) لەیاسای سزادانی عێراقیدا كردویەتی بەمەرج كە دەبێت كردە تاونكارییەكان و ئەو سزایانەی بۆیان دادەنرێت بە دەقی یاسایی قەتیس (حصر) بكرێن.

ئەم بنەمایەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە گرەنتیەكی گەورەیە بۆ ماف و ئازادی تاك ، چونكە كردارێك كەیاسا نەیكردبێت بە تاوان ڕێگەپێدراوە بەوەش تاك دڵنیا دەبێت لە ئەنجامی ئەو كارانەی دەیانكات ، تەنانەت ئەگەر كردارێك یان نەكردنی كردارێك لەڕووی كۆمەڵایەتی یان ڕەوشتی یان ئایینی بێزراویش بێت ئەگەر یاسادانەر بەدەقێكی یاسایی نەیكردبێت بە تاوان ئەوا ڕێگەپێدراوەو بكەرەكەی لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ ناكرێت و ، لە توانای دادگای سزاییدا نییە كەبە تاوان دایبنێت لەكاتێكدا یاسا نەیكردبێت بە تاوان .

---

٨ د. سامان فوزی عمر – بنەماكانی یاسای ڕاگەیاندن – چاپی سێیەم –كوردستان –سلێمانی - ٢٠٢٠ ل٩٨

٩ پارێزەر محسن ناجی –الاحكام العامة فی قانون العقوبات – چاپی یەكەم- بغداد- ١٩٧٤ ل١٧

بەو پێیەش كە پایەی شەرعی یەكێكە لەو سێ پایەی كە تاوانی لەسەر بنیات دەنرێت كەواتە بە نەبوونی ئەو پایەیە كردەی تاوانیش بوونی نابێت و پێویست ناكات كە بە دوای پایەكانی تردا بگەڕێین ، سەرەڕای ئەوەش پەیوەندییەكی ڕوون هەیە لەنێوان هەرسێ پایەكەی تاواندا بەوەی پایەی شەرعی ئەو كردە مادیانە دیاری دەكات كە یاسادانەر سیفەتی نادروست (غیر مشروع)ی دەداتە پاڵ ، هەروەها پەیوەندی نێوان پایەی شەرعی و پایەی واتایی ئەوەیە كە پایەی شەرعی پەیوەندی نێوان كەسی تاوانكار و شتەمادیەكانی تاوانەكە ڕوون دەكاتەوە [١٠].

## دووەم/ پایەی مادی

مەبەست لە پایەی مادی تاوان ئەو ڕەفتارە مادییە دەرەكییەیە كەیاسا بەدەق كردویەتی بە تاوان ، واتە هەموو شتێك كەدەچێتە ناو قەوارەی تاوانەوە پێویستە سروشتێكی مادی هەست پێكراوی هەبێت تاوەكو بوترێت تاوانێك ڕوویداوە چونكە یاسا تاوانێك ناناسێت ئەگەر پایەی مادی نەبێت [١١] ، یاسادانەری عێراقی لە مادەی (٢٨) لە یاسای سزادان پێناسەی پایەی مادی بەوە كردووە كە (ڕەفتارێكی تاوانكارییە بە ئەنجامدانی كارێك كە یاسا قەدەغەی كردووە یان نەكردنی كارێك كە یاسا فەرمانی پێكردووە ).

گرنگی شتە مادیەكانی تاوان خۆی لەبواری سەلماندندا دەبینێتەوە ، چونكە ئاسانە سەلماندنی شتە مادیەكان ، هەروەها گرنگە بۆ پاراستنی مافەكانی تاك چونكە دەسەڵاتی گشتی ناتوانێت بە ناڕەوا سزای یەكێك بدات ئەگەر ڕەفتارێكی مادی تاوانكاری نەكردبێت [١٢].

لێرەدا ئەگەر تاوانی ڕۆژنامەگەری بە نموونە وەربگرین ئەوا پێویستە دەقێكی یاسایی هەبێت سیفەتی نادروستی دابێت بەسەر كردارێكدا یان نەكردنی كردارێكدا دواتریش تاوانەكە پایە مادیەكەی هەبێت كە گوزارشت لە ڕاستییە مادییەكەی بكات ئەویش بەوەی كە ڕۆژنامەنوسێك كاری بڵاوكردنەوەی كردبێت بەشێوەیەك كە پێچەوانەی یاسا بێت و لەئەنجامی ئەوەش زیانی بەشكۆو پێگەی كەسێك یان كۆمەڵێك یان دەستەیەك گەیاندبێت یان سوكایەتی پێكردبێت[١٣] .

---

١٠ وسیلة عاس - هەمان سەرچاوەی پێشوو

[١١] د. علی حسین الخلف و د. سلطان عبدالقادر الشاوی – المبادیء العامة فی قانون العقوبات – بغداد ل ١٣٨

١٢ د. جمال ابراهیم الحیدری – الوافی فی القسم العام من قانون العقوبات –بیروت ٢٠١٧ ل ٢٠٢

١٣وسیلة عاس - هەمان سەرچاوەی پێشوو

**توخمەكانی پایەی مادی**

بەشێوەیەكی گشتی پایەی مادی تاوان لەسێ توخم پێكدێت كە خۆی دەبینێتەوە لە بوونی رەفتارێكی ئەرێنی یان نەرێنی و، ئەو ئەنجامەی كەلەو ڕەفتارەوە بەدیدێت و پەیوەندی هۆكاری كەئەو ڕەفتارە بەو ئەنجامەوە دەبەستێتەوە .

**١- ڕەفتاری تاوانكاری :**

مەبەست لە ڕەفتاری تاوانكاری ئەوچالاكییە مادییە دەرەكییەیە كە پێكهێنەری تاوانەو بەبێ ئەو تاوان بوونی نییە [١٤]، لە مادەی ١/١٩ لە یاسای سزادانی عێراقی هاتووە (كردار :هەموو ڕەفتارێكە یاسا بە تاوانی دانا بێت جا ئەرێنی بێت یان نەرێنی وەك وازهێنان ونەكردن ئەگەر دەقێك بە پێچەوانەی ئەوەوە بوونی نەبێت ) .

هەروەك لە مادەكەدا هاتووە ڕەفتاری تاوانكاری دەكرێت بەشێوەیەكی ئەرێنی بێت كە یاسا فەرمانی كردبێت بە نەكردنی كارێك بەڵام كەسێك ئەو كارە بكات یان بەشێوەی نەرێنی بێت كەئەوەیان یاسا فەرمانی كردبێت بەكردنی كارێك بەڵام كەسەكە ئەو كارە نەكات لەهەردوو بارەكەشدا سەرپێچییە لەیاسا.

ڕەفتاری تاوانكاری لە تاوانێكەوە بۆ تاوانێكی تر دەگۆڕێت بۆ نموونە لەتاوانی كوشتندا خۆی دەبینێتەوە لەكرداری رۆح كێشان و لە تاوانی لێدان و بریندار كردندا خۆی دەبینێتەوە لەكرداری زیان گەیاندن بە سەلامەتی لەشی مرۆڤ و لەكاری ڕاگەیاندنیشدا رەفتارە تاوانكارییەكە خۆی دەبینێتەوە لەكرداری بڵاوكردنەوە كەلایەن تاوانبارەكەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام بیركردنەوەو پلاندانان و ویست و ئارەزوو بۆئەنجامدانی تاوان پێش ئەنجامدانی تاوان بەكاری ئامادەكاری ناودەبرێت و بەتاوان ناژمیرێت تاوەكو رەفتارە تاوانكارییەكە كە یاسا قەدەغەی كردووە ئەنجام نەدرێت .

أ- كرداری ئەرێنی :

جوڵەیەكی جەستەیی خۆویستە كە تاوانبار بەیەكێك لە ئەندامەكانی لەشی دەیكات بۆ نموونە بە دەستەكانی وەك لێدان یان خنكاندنی تاوانلێكراو هەروەها دەكرێت ئەو ئەندامە زمانی تاوانبار بێت وەك جنێودان و تۆمەت هەڵبەستن هەر بەو شێوەیە ئەو جوڵە جەستەییە دەكرێت قسە یان وێنە یان نوسین یان فشار یان جوڵەیەكی چاو بێت [١٥] .

---

١٤د. علی حسین الخلف و د. سلطان عبدالقادر الشاوی – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٣٩

١٥ قیس لطیف كجان التمیمی- شرح قانون العقوبات العراقی بقسمیه العام والخاص وتعدیلاته – چاپی نوێ- بیروت/ بغداد ٢٠١٩ ل٧٥

ب-كرداری نەرێنی :

كرداری نەرێنی خۆی دەبینێتەوە لە نەكردنی ئەركێك یان كارێك كە یاسا سەپاندویەتی ، كە هەروەك كرداری ئەرێنی دوو توحمی هەیە جوڵەی جەستەیی و سیفەتی خۆویستیی كرداری نەرێنیش ئەو دوو توخمەی هەیە سەرەڕای ئەوانەش توخمی سێیەمیش پێویستە ئەویش نەكردنی ئەركێكە كەیاسا پێویستی كردووە [١٦].

نەكردن بەرامبەر بە جوڵەی ئەرێنییە ، ئەو كەسەی كە یاسا سەپاندویەتی ئەركێكی دیاریكراو ئەنجام بدات بەڵام نایكات وەكو ئەوە وایە كە كارێكی ئەرێنی كردبێت كە یاسا قەدەغەی كردووە ، بۆ نموونە سەنوسەر یان بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە بەئەركی خۆی هەڵنەسێت بەرۆڵی چاودێری كردن كەیاسا پێویستی كردووە كە گریمانەی ئەوەی دەكرێت كەسەیری هەموو ئەو هەواڵ وبابەت و وێنانەی كرد بێت پێش بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامە بەپێچەوانەوە بەرپرسیارە لەو كارەی نەیكردووە ئەگەر شتێك بڵاوببێتەوە كە تاوان دروست بكات .

هەروەك چۆن بۆ كرداری ئەرێنی ویست پێویستە بەهەمان شێوە بۆ كرداری نەرێنیش ویست پێویستە بەڵام ئەگەر نەكردنەكە لە دەرەوەی ویستی كەسەكە بوو ئەوا بە تاوان ناژمێردرێت .

بەڵام هەموو نەكردنی كارێك بە تاوان ناژمێردرێت ئەگەر یاسا نەیكردبێت بەئەرك كە ئەوەش توخمی سێیەمی تاوانی نەكردنە لە مادەی (٣٤) برگەی (أ) لە یاسای سزادانی عێراقی هاتووە ( بەتاوانی ئەنقەست دادەنرێت ئەگەر یاسا یان ڕیكەوتنێك ئەركێكی دا بەسەر كەسێكدا بەڵام ئەو كەسە كارەكەی ئەنجا نەدا بەمەبەستی ئەوەی تاوانەكە ڕووبدات و، بەهۆی ئەونەكردنەشەوە تاوانەكە ڕاستەوخۆ ڕووبدات .)

**٢- ئەنجام :**
ئەنجام توخمی دووەمە لە توخمەكانی پایەی مادیی تاوان كە بریتییە لەو گۆڕانكارییانەی دروست دەبن لە جیهانی دەرەوەدا وەك لێكەوتەی ڕەفتاری تاوانكاری ، كەواتە ڕەفتارەكە ڕووداوەكەیەو ئەنجامەكەش لێكەوتەی ئەو ڕووداوەیە كەدەتوانرێت هەستی پێ بكرێت بەیەكێك لە هەستەوەرەكان[١٧]، لێكەوتەی مادیش مەرج نییە هەموو كات مادی بێت كە دەشێت دەروونی بێت وەك لە تاوانەكانی ڕاگەیاندندا ڕوودەدەن بۆ نموونە تاوانی تۆمەت هەڵبەستن (قذف) ئەنجامەكەی ئەوەیە كە پێگەی كەسی تاوانلێكراو لەكەدار دەكات .

**٣- پەیوەندی هۆكاری لە نێوان ڕەفتاری تاوانكاری و ئەنجام :**
بەتەنها دەرچوونی ڕەفتاری تاوانكاری لەلایەن بكەرەكەوە و ڕوودانی ئەنجامێك پایەی مادی لە تاوان بەرجەستە نابێت ئەگەر ئەو ئەنجامە پەیوەندی بەو ڕەفتارەوە نەبێت واتە بۆ هاتنەدی پایەی مادی پێویستە پەیوەندییەكی هۆكاری لەنێوان كردارە زیانبەخشەكەو ئەنجامەكەدا هەبێت بۆ نموونە تاوانی ڕاگەیاندن ڕەفتارێكی تاوانكارییە

---

[١٦] پارێزەر محسن ناجي-هەمان سەرچاوەی پێشوو – ل١١٥

[١٧] قيس لطيف كجان التميمي- هەمان سەرچاوەی پێشوو – ل ٨٤

كەبەئاشكرایی دەكرێت و ئەنجامێكى لێ دەكەوێتەوە ئەویش دەستدرێژییە بۆسەر مافێك لەو مافانەى كە یاسا پارێزگارى لێكردووە .

پەیوەندى هۆكارى توخمى سێیەمە لە توخمەكانى پایەى مادى تاوان و، لەتاوانەكانى تر چۆنە لە تاوانى ڕاگەیاندنیش بەهەمان شێوەیە،كەپێویستە لەئەنجامى ئەو كارى بڵاوكردنەوەیەى دەستدرێژى تێدایە بۆ مافێك كەیاسا پاراستویەتى ئەنجامێكى تاوانكارى هەبێت بدرێتە پاڵ ڕوودانى لەڕێگەى ئەو پەیوەندییە هۆكارەى لەنێوانیاندا هەیە كە ڕەفتارەكە بە ئەنجامە تاوانكارییەكەوە دەبەستێتەوە بە واتاى ئەنجامەكە بەرهەمى ڕەفتارەكە بێت [18] .

**سێیەم / پایەى واتایی (الركن المعنوى):**

لە تاوانەكانى بڵاوكردنەوەدا پێویستە كردارە مادییەكان پەیوەست بن بە پایەى واتاییەوە واتە ئاڕاستەبوونى ویستى تاوانكار بۆ ئەنجامدانى كردارێك لەكاتى جێبەجێ بوونیدا ئەنجامێكى تاوانكارى لێ بكەوێتەوە سەرەڕاى ئەوەش بكەرەكەى ئەوە بزانێت كەئەوكردارى دەیكات زیان بە تاوانلێكراو دەگەیەنێت وەك تۆمەت هەڵبەستن یان سوكایەتیكردن بە كەسێك یان كۆمەڵێك یان دەستەیەك،كەواتە لە پایەى واتاییدا بۆئەو جۆرە تاوانانە پێویستە مەبەستى تاوانكارى هەبێت كە خۆى دەبینێتەوە لە زانیارى و ویست واتە تاوانكار زانیارى ئەوەى هەبێت كەئەو كارەى دەیكات كردارێكى قەدەغەكراوە بەپێى دەقێكى یاسایی سزاى بۆ دانراوە لەگەڵ ئەوەشدا ویستى ئەوەى هەیە كەئەو ڕەفتارە تاوانكارییە ئەنجام بدات و ئەنجامێكى تاوانكاریش بەدى بێت [19].

## ١-پێناسەى مەبەستى تاوانكارى (تعريف القصد الجنائى):

یاسادانەرى عێراقى لە مادەى (٣٣) لە یاساى سزادان مەبەستى تاوانكارى بەوە پێناسەكردووە كە بكەر ویستى خۆى ئاراستە بكات بۆ ئەنجامدانى كارێك كە پێكهێنەرى تاوانە بە ئامانجى هاتنەدى ئەو دەرنجامەى لە تاوانەكە ڕوویداوە یان هەر دەرەنجامێكى تاوانى تر،بۆ نموونە ڕۆژنامەنوسێك هەواڵى هەڵبەستراو بڵاو دەكاتەوە بەرامبەر كەسێك یان چەند كەسێك بەمەبەستى لەكەداركردنى ئابڕوو یان پێگەیان لەكاتێكدا بزانێت كەئەو هەواڵە ڕاست نییە بەوەش مەبەستى تاوانكارى دێتەدى .

١٨ د. خالد رمضان عبدالعال سلطان -المسؤولية الجنائية عن جرائم الصحافة -دراسة المقارنة- الطبعة الاولى – القاهرة٢٠٠٢ ل٢٩١

١٩ وسیلة عاس - هەمان سەرچاوەى پێشوو .

## ٢-توخمەکانی مەبەستی تاوانکاری :

أ- زانیاری :
زانیاری وەك توخمێك لە توخمەکانی مەبەستی تاوانکاری پێویست دەکات کە تاوانبار زانیاری هەبێت بەڕەفتارەکەی کە خۆی دەبینێتەوە لە کردارو وتن و نوسین و هەرشتێکی تر کەبەحوکمی ئەوانن و زانیاری هەبێت بە ناوەڕۆك و واتای ئەو وتەو نوسینانە هەروەها زانیاری هەبێت بەبڵاو کردنەوەو پەخشکردنیان بەو پێیەش ئەگەر کەسەکە نەیزانی کە وتەکانی یان نوسینەکانی دەبێتە بابەتی بڵاوکردنەوە یان پەخشکردن سزا نادرێت لەسەر تاوانی بڵاوکردنەوە[٢٠].

هەروەها تاوانبار بزانێت ئەو ڕەفتارەی کردویەتی بە یاسا قەدەغەکراوە ، کەئەم زانیارییەیان گریمانەکراوە لەسەر بنەمای گریمانە(افتراض)ی هەبوونی زانیاری بە یاساکانی سزایی واتە ئەو کەسەی تاوانێك دەکات گریمانەی ئەوە دەکرێت کە دەزانێت ئەوکردارەی کردوویەتی تاوانەو، پاساو هێنانەوە بۆ ئەوەی کەنەیزانیوە ئەو کردارەی کردویەتی تاوانە وەك بنەمایەکی گشتی شیاوی سەلماندن نییە.

ب- ویست (الارادة):
تەنها بە هەبوونی زانیاری لای کەسی تاوانبار مەبەستی تاوانکاری بەرجەستە ناکات بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ویستێك هەبێت بۆ بەدیهێنانی ئەو واقیعە کە تاوانەکە پێك دەهێنێت ، کەواتە ویست هێزێکی دەروونیە کە مرۆڤ پشتی پێدەبەستێت بۆ بنیاتنانی ڕەفتارێك و جێبەجێکردنی واتە بزوێنەری سەرەکیی ڕەفتارە جۆر بەجۆرەکانی مرۆڤە کە سروشتێکی مادییان هەیەو لە جیهانی دەرەوەیدا شوێنەواری مادی و دەروونی دروست دەکات[٢١].

## ٣-نییەت پاکی لە تاوانەکانی ڕاگەیاندندا :

هەروەك چۆن نییەت خراپی ڕۆڵی هەیە لەهەبوونی مەبەستی تاوانکاری بەهەمان شێوە نییەت پاکیش ڕۆڵی هەیە لەدوورخستنەوەی لەبەرپرسیارێتی سزایی و ، دادگا دەتوانێت لەڕێگەی ئەو بەڵگانەی بەدەستی دەهێنێت دیاری بکات نییەت پاکی هەبووە یان نا لە ڕوودانی تاوانەکانی ڕاگەیاندندا .

هزری نییەت پاکی پێویستە بە وردی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لەنێوانی بەرژەوەندییە دژبەیەکاندا ، بەشێك لەیاساناسانی فەرەنسی پێیان وایە نییەت پاکی پێویست دەکات ڕاستگۆیی و ڕەوایی ئامانجی تێدا بێت لەپشت بڵاوکردنەوەوە ، لەو نموونانەی کە ئاماژەی ئەوە دەدەن کە نییەت پاکی تێدایە و دادگای فەرەنسی پێی

---

[٢٠] چیا اسماعیل عثمان – *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل٩٧

[٢١] وسیلة عاس - هەمان سەرچاوەی پێشوو .

وەرگرتووە ئەو رۆژنامەنوسەی كەلێكۆڵینەوەی ورد دەكات لە زانیاری و هەواڵەكانی دەكرێت سوود لە لە نییەت پاكی ببینێت، یان هەوڵی تەواو دەدات لە فەرمانگەیەكی حكومی تا زانیاری وەربگرێت لەسەر بابەتێك بەڵام نایدەنێ و دواتر ناچار دەبێت لەسەرچاوەی تر هەواڵەكە یان زانیارییەكە وەربگرێت دەكرێت سوود لە نییەت پاكی ببینێت ، یان رۆژنامەنووس دەكەوێتە هەڵەوە كە دانیشتنێكی دادگایی ئاشكرایەو هەواڵ لەسەر بەڕێوەچوونی دانیشتنەكە بڵاو دەكاتەوە بەڵام دانیشتنەكە نهێنی بووەو رۆژنامەنوسەكە بەوەی نەزانیوە دەكرێت سوود مەند بێت لە نییەت پاكی و مەبەستی تاوانكاری لە ڕووداوەكە نامێنێت [22].

یاسادانەری عێراق و یاسادانەری هەرێمی كوردستانیش لە باری تۆمەت خستنەپاڵ بابەتی نییەت پاكییان وەرگرتووە، كە ئەگەر ئەو كەسەی تۆمەتەكەی خراوەتە پاڵ فەرمانبەر یا خزمەتگوزارییەكی گشتی لە ئەستۆدا بوو،كەسی تۆمەتپاڵدەریش ئەو ڕووداوەی سەلماند كە خستویەتییە پاڵی ئەوا تاوان نامێنێت وتۆمەت پاڵدەر بێ تاوان دەبێت ئەمەش باری ئاشكراییش دەگرێتەوە، بۆ نمونە ئەگەر رۆژنامەنوسێك یان هەركەسێكی تر لە یەكێك لە هۆكارەكارەكانی ڕاگەیاندن تۆمەتێكی گەندەڵی بەئاشكرا بداتە پاڵ فەرمانبەرێكی گشتی و ئەو تۆمەتە بسەلمێنێت ئەوا بەرپرسیارێتی سزایی لەسەر نامێنێت چونكە وا لێكدەدرێتەوە كە بۆ بەرژەوەندی گشتی و بەنییەت پاكی ئەو كارەی كردووە[23] ، بەڵام ئەگەر كەسی تۆمەت پاڵدراو فەرمانبەر یان یا خزمەتگوزاری گشتی لە ئەستۆدا نەبوو، ئەوا كەسی تۆمەت پاڵدەر بەرپرسیارێتی سزایی دەكەوێتە ئەستۆو بابەتی نییەت پاكی نایگرێتەوە با بیشی سەلمێنێت ئەو تۆمەتەی خستویەتییە پاڵ تۆمەتخراوەپاڵ ڕاستە.

**بڕیاری دادگا**

ژمارەی بڕیار :١١٢/كەتن /٢٠١٥ [24]

ڕێكەوتی بڕیار :٢٠١٥/٦/٢١

تێبینی كرا كە بڕیارەكە ڕاستەو پابەندی یاسایەو ئەندامی داواكاری گشتی پاڵپشتی تاوانبارنەكردنی تۆمەتباری كردووە لەبەرئەوەی سكاڵاكار فەرمانبەرێكی گشتییە و نوسینەكانی تۆمەتبار ئاراستەی كەسایەتییەكی گشتی كراوەو مەبەستی تایبەتی نەبووە مادەی ٢/٤٣٣ لەیاسای سزادان تاوان لەو كارە دادەماڵێت كە بەرامبەر فەرمانبەرێكی گشتی كرا بێت و پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵكییەوە هەبێت لەسەر ئەوە بڕیاردرا بە ڕاستاندنی بڕیاری تانەلێدراو و ڕەتكردنەوەی تانەی پێداچونەوە .

---

٢٢د. خالد رمضان عبدالعال سلطان - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٦١

٢٣ بروانە مادەی ٤٣٣ لە یاسای سزادان و مادەی هەشتەم –بڕگەی چوارەم لە یاسای رۆژنامەگەری لەكوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧

٢٤ (بڵاونەكراوە) – بڕیارێكی پێداچونەوەیە دەرچووە لەدادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی بە سیفەتی پێداچونەوە .

## چوارەم / پایەی ئاشکرایی (العلانية) :

دەتوانرێت ئاشکرایی بەوە پێناسە بکرێت کە دەرخستن و پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی هزرێکی دیاریکراوەو بەستنەوەی زانیاری خەڵکە بە وتەیەك یان نوسینێك بەشێوەیەك ئەو هزرە پێیان بگات بەبێ بەربەست یان بڵاوکردنەوەی بەبێ ڕێگری ، کەبە واتا ڕاستەقینەکەی ئەوەیە بەکردار بگاتە زانیاری و تێگەیشتنی خەڵك، کەلە هەندێك باری یاساییدا ئەرکە و پێویستە پەیرەو بکرێت بۆ پاراستنی مافی کەسەکان بۆ نمونە وئاشکرایی لەڕاگەیاندنی حوکمی دادگا ، بەڵام لەهەندێك باری تردا قەدەغەکراوە بۆنموونە لە تاوانەکانی بڵاوکردنەوە یان ڕەفتاری ئابڕووبەر یان ئاشکراکردنی نهێنی، لە پێناسەکەشەوە دەردەکەوێت ئاشکرایی لە دوو توخم پێکدێت :

یەکەم / ڕایەك یان هزرێك دەربارەی بابەتێکی کاروباری ژیان جا ناونیشانی بابەتەکە هەرچییەك بێت یان کەسێك لە کەسەکان جا کەسەکە کەسی سروشتی یان واتایی بێت.

دووەم/ پەخشکردنی ئەو ڕایە یان هزرەو بڵاوکردنەوەی لە ناو خەڵکدا کەلە زانیاری و ویستەوە سەرچاوەی گرت بێت [٢٥].

ئاشکرایی لە تاوانی ڕاگەیاندندا واتە بڵاوکردنەوە یان پەخشکردنی دەستەواژەی تاوانکارییە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی نوسراو و ئەلیکترۆنی یان لەڕێگەی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراوەوە ،ئاشکرایی جەوهری تاوانی بڵاوکردنەوەیە و بەبێ ئەو ئەگەر پایەکانی تریشی تێدابێت تاوانی بڵاوکردنەوە بوونی نابێت[٢٦].

یاسای سزادانی عێراقی لە مادەی (١٩برگەی ٣) ئاماژەی بە ئامرازەکانی ئاشکراکردن کردووەو ، کەبە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئامرازەکانی ئاشکراکردن خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە :

### ١- ئاشکرایی بە وتن و هاوارکردن :

مەبەست لە وتن هەر دەنگێکە لە مرۆڤەوە دەربچێت لە وشە یان دەستەواژە کە گوزارشت لە واتایەکی دیاری کراو بکات و ، جیاوازی نییە ئەگەر وتنەکە لەچەند ڕستەیەك پێکهاتبێت یان لەیەك ڕستە پێکهاتبێت و [٢٧]، جیاوازی نییە ئەو دەستەواژانە پچرپچر بن یان دووبارەکردنەوە بێت ، هەروەها جیاوازی نییە شێوەی وتنەکە چۆن بێت بۆ نموونە جیاوازی نییە گۆرانی بێت یان شیعر یان پەخشان یان وتار.

سەبارەت بەهاوار وتنە بەدەنگێکی بەرز بەشێوەیەك کەسانی تر بیبیستن ،بەوەش لە واتای ئاشکرایی دەردەچێت قسەکردن بە دەنگی نزم یان تەنها ئەوانە بیبستن کە بەشداری لە قسەکردنەکە دەکەن ، کەواتە بۆ دروست بوونی

---

٢٥د.عمادعبدالحميد النجار - الوسيط فی تشريعات الصحافة- مصر ١٩٨٥ ل١٥٧

٢٦ عمرو محمد فوزی الابشيهی – جرائم النشر والاعتداء علی حقوق الملكية الفكرية- زانکۆی طنطا – کۆلێژی ماف- مصر ل١٥

٢٧عمرو محمد فوزی الابشيهی – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١١

پایەی ئاشکرایی تەنها ئەوە بەس نییە ئەو دەربڕینانەی کە سوکایەتی و تۆمەت بۆ هەڵبەستن لەخۆ دەگرێت لەشوێنێکی گشتیدا بێت بەڵکو پێویستە ئەوەی لەو شوێنەدان بتوانن بیبیستن [٢٨].

ئاشکرایی لە وتن و هاوارکردن لە دوو شێوەدا گریمانە دەکرێت ، یەکەمیان خۆی دەبینێتەوە لەئاشکرایی بەیەکێك لەهۆکارە میکانیکیەکان لەکەرنەڤاڵیکی گشتی یان شەقامێکی گشتی دووەمیان خۆی دەبینێتەوە لەپەخشکردنی وتن و هاوار بەشێوەی بێ تەل یان بەهەر ڕێگەیەکی تر .

**٢- ئاشکرایی لە کردارو ئاماژەدا :**

کردارو ئاماژە جوڵەیەکی خۆویستین کە مرۆڤ بەیەکێك لە ئەندامەکانی لەشی دەیانکات کە واتایەکی دیاریکراو بگەیەنێت ، یان هەموو دیمەنێکی جێبەجێکاری ویستی مرۆڤە بۆ گوزراشت لە بیرو ڕاکانی بۆ نموونە بەکارهێنانی پەنجە کە گوزارشت بێت لە هەڕەشە یان جوڵاندنی سەر کە گوزارشت بێت لە ڕەزامەند بوون یان ڕەتکردنەوە، کە جاری وا هەیە هەندێك کردار زیاتر گوزارشت لەهزرێك دەکات و زیاتر کاریگەری هەیە وەك لەوتن یان نوسینێك بۆ نموونە دڕاندنی وێنەیەك و فڕیدانی یان بخرێتە ژێر پێیەوە ، یان تفکردن بە ڕووی کەسێکدا زیاتر ئازاری هەیەو زیاتر مەبەستی سوکایەتی پێکردن و خراپە دەگەیەنێت لەوتنی چەند وشەیەك بەڕووی کەسەکەدا [٢٩] .

شێوەکانی بەدیهاتنی ئاشکرایی لە کردار و ئاماژەدا هەمان ئەو شێوانەن کەبۆ هاتنەدی ئاشکرایی وتن و هاوار پێویستن ، بەڵام ئاشکرایی کردار و ئاماژە گریمانە ناکرێت لە کەرنەڤاڵ یان شوێنی گشتی ئەگەر ئەوکردارە یان ئاماژەیە لەلایەن ئامادەبووانەوە نەبینرێت ، واتە مەبەست لە کردار و ئاماژەیەك کە خراپە بێت بۆ کەسێك یان کەسانێك پێویستە بینراو بێت لەلایەن ئەو کەسانەی کەلەو شوێنەدان [٣٠].

**٣- ئاشکرایی لە نوسین :**

ئاشکرایی لە نوسیندا لەیاساکانی تاواندا سێ شێوەی هەیە ، شێوەی یەکەم بۆ خۆی تاوانێکی سەربەخۆیە وەك تاوانی بڵاوکردنەوەی ناوەرۆکی دانیشتنی دادبینی داوایەکی سزایی یان شارستانی کە دادگا بڕیاریدابێت بە نهێنی ببینرێت و ، شێوەی دووەم دەکرێت ئاشکرایی لە ڕێگەی نوسینەوە تاوان بێت وەکو ئەو تاوانانەی پەیوەستن بەئاشکراکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو حوکمانەی دەردەچن لەدژی تاوانبارێك لە ڕۆژنامە یان هەڵواسینی بەدیواردا،

---

٢٨د. خالد رمضان عبدالعال سلطان -هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٩٨

٢٩عمرو محمد فوزی الابشیهی – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٢

٣٠وسیلة عاس - هەمان سەرچاوەی پێشوو- ل ٢٣

شێوەی سێیەمیش دەگونجێت ئاشکرایی بەڕێگەی نوسین دۆخێکی توندی سزا بێت بۆ ئەو تاوانەی ئەنجام دراوە بۆ نموونە تاوانی تۆمەت هەڵبەستن (القذف) بە ئەنجامدانی لەرێگەی یەکێك لە ڕاگەیاندنەکانەوە .

مەبەست لە نوسین هەموو نوسراوێك دەگرێتەوە با شێوەکەی هەرچۆنێك بێت بەدەستنوس بێت یان چاپکراو ،چاپکراوەکانیش خولاو (دوری) بێت وەك رۆژنامە یان خولاو نەبێت وەك کتێب ، هەروەها عیبرەت بەجۆری مادەکەش نییە کە نوسینەکەی لەسەر دەکرێت کاغەزبێت یان قوماش یان بەرد یان هەر مادەیەکی تر کە گونجاوبێت نوسینی لەسەر بنوسرێت [٣١].

هەروەها بەحوکمی نوسین دێت نیگارکێشان و وێنەی فۆتۆگراف و کاریکاتێر وهێماکان کەمەبەست لە هێما وێنەبێت یان گوزارشت بێت لەکەسەکان و شتەکان یان گوزارشت بێت لە دیمەنە سروشتییەکان .

**شێوەکانی ئاشکرایی لەنوسیندا گریمانە دەکرێت لەسێ شێوەدا :**

**أ- دابەشکردن :**

دابەشکردن کە بەرهەمی بڵاوکردنەوە بێت بریتییە لە نوسین یان یان نیگار یان هەر شتێکی تر کە گوزارشت بێت لە دەربڕین بۆ ژمارەیەك لە کەسەکان جا بەرامبەر بێت یان بێ بەرامبەر[٣٢]و ، ئاشکرایی لەدابەشکردنەکە دێتەدی ئەگەر ڕادەستکردنەکە بەژمارەیەك کەس بێت بەبێ جیاوازی کە پێویستە ڕادەستکردنەکە بەکرداری بێت و گرنگ نییە ئەگەر ژمارەکەش کەم بن ، هەروەها مەرج نییە دابەشکردنەکە بگاتە سنورێکی دیار،هەروەها دەکرێت کە دابەشکردنەکە بەدەستی بێت یان لەرێگەی پۆستەوە بێت یان لەسەر شەقام دابنرێت و بەرێکەوت هەلبگیرێتەوە ،بەڵام بەدابەشکردن دانانرێت پێدانی نوسراوێك بەیەك کەس یان بەچەند کەسانێکی دیاریکراوی ناسراو کەپەیوەندییەکی راستەوخۆ بە دابەشکارەکەوە بیان بەستێتەوەو پاساوی تایبەتمەندییان بداتێ بەسەیرکردنی نوسراوەکە.

**ب- خستنەڕوو:**

مەبەست لەخستنەڕوو بۆ فرۆشتن ئەوەیە کە نوسین یان ئەوەی لەجێی نوسینە لە وێنەو هێما لەشوێنێك دانرابێت بەشێوەیەك بتوانرێت ببینرێت لەلایەن ئەو کەسانەی لەشوێنەیان[٣٣] ناوەکەی بڵاوکرابێتەوە لەپێرستی چاپکراوەکاندا یان لەئاگانامەیەك کەسەرنجی کڕیارەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت .

---

٣١چیا اسماعیل عثمان - هەمان سەرچاوەی پێشوو –ل ٨٥

٣٢ د. خالد رمضان عبدالعال سلطان - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣١٦

٣٣[٣٣]د. عمر سالم - *هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١١٤*

**خستنەڕووو لە ئینتەرنێتدا:**

لەكاتى ئێستاماندا لەگەڵ پێشكەوتنی بواری تەكنۆلۆجیا و پەیوەندییەكان كەزیاتر خۆی لە ئینتەرنێتدا دەبینێتەوە چەندین ڕێگەی نویَ بۆ ئاشكرایی هاتونەتە ئاراوە ، لە خاڵى پێشوودا ئاماژەمان بەخستەڕوو بۆ فرۆشتن كرد بەڵام لێرەدا مەبەستمان لە خستنەڕوو، دانانی نوسین یان وێنە یان هەرشتێكی ترە لە ئینتەرنێتدا، واتەگواستنەوەی زانیاری لەوتن و وێنەو هەرشتێكی تر لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بۆ هەرشوێنێك بویسترێت بەكەمترین كات بەوەش بێ گومان ئاشكرایی دێنێتەدی [٣٤].

**ج- فرۆشتن:**

مەبەست لە فرۆشتن ڕادەستكردنی نوسین یان وێنەیە بەرامبەر پارەیەكی دیاریكراو، بەڵام مەبەست لەفرۆشتن بەڕێگەی ئاشكرایی مەرجە فرۆشتنەكە بۆ ژمارەیەك لەخەڵك بێت بەبێ جیاكاری جا لە شوێنێكی گشتی بێت یان لەكۆبوونەوەیەكی گشتی بێت و ،مەرجە فرۆشتنەكە بازرگانی بێت تا ئاشكرایی بێتەدی [٣٥] و ویستی فرۆشتنیش بە مەبەستی بڵاوكردنەوە بهێنێتەدی واتە نابێت فرۆشتنێكی تایبەت بێت ، بەڵام سیفەتی شوێنەكە مەرج نییە بۆ هاتنەدی ئاشكرایی ئەوەی كە مەرجە سیفەتی چالاكیەكەیە كە پێویستە فرۆشتنەكە بازرگانی بێت .

---

٣٤وسیلة عاس - هەمان سەرچاوەی پێشوو- ل ٢٥

٣٥د.عمادعبدالحمید النجار- *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل ٢٠٣

## باسی دووەم
## بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی ڕاگەیاندن

بەرپرسیارێتی سزایی ئەنجامی ڕوودانی تاوانە جا بۆ ئەوەی ئەو بەرپرسیارییەتییە دروست ببێت پێویستە پایەکانی تاوان و گەڕاندنەوەی بۆ کەسێکی دیاریکراو بسەلمێنرێت کەئەوش مۆرکێکی کەسی هەیەو تەنها ئەنجامدەری تاوانەکە بەرپرسیار دەبێت [٣٦]، بەڵام کاری ڕۆژنامەگەری زیاتر بەرهەمی چەند کەسێکە، لەبەرئەوە زۆر جار ناکۆکی دروست دەبێت لەبەرپرسیارێتی ئەو کەسانەی بەشدارییان هەیە لە ڕووداوێکی تاوانی کەدروست دەبێت بەهۆی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە ئەمەش پێویست دەکات حوکمی تایبەت بچەسپێنرێت لە بەرپرسیارێتی سزایی تاوانەکانی ڕاگەیاندندا و دەقی یاسایی وردو ڕاشکاو تەرخان بکرێت بۆ ئەو بنەمایانەی کە ڕێکخەری کاری ڕۆژنامەگەرین، بۆیە ئەم باسە دەکەین بەسێ بابەتەوە لە بابەتی یەکەم ئاماژە بە بنەما تایبەتەکانی بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی ڕۆژنامەی چاپکراو و لەبابەتی دووەم ئاماژە بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و لە بابەتی سێیەمیش ئاماژە بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی دەکەین .

## بابەتی یەکەم
## بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی ڕۆژنامەی چاپکراو (کاغەزی)

بەرپرسیارێتی کاری ڕۆژنامەگەری ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆیە بۆیە لەو ڕووەوە دەکرێن بەدوو گرووپەوە : .

**گرووپی یەکەم :**

ئەو کەسە بەرپرسانە دەگرێتەوە کە بەرپرسیارییەتییەکی سزایی سەرەکییان هەیە کە بریتیین لە دانەری نوسین یان نیگارکێش و سەرنوسەر یان بەڕێوەبەری بڵاوکرنەوە و بڵاوکار (الناشر) و خاوەن ئیمتیاز .

---

٣٦ د. *عمر سالم- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٣*

**١- دانەری نوسین (مؤلف الكتابة) :**

دانەر سەرچاوەی نوسین و نیگار(رسم)و وێنە (صورة)و هێما و هەرشتێك بەحوكمی ئەوانە بێت دەگرێتەوەو بەبكەری سەرەكی دادەنرێت بەحوكمی ئەوەی دەستپێشخەر بووە لەو نوسین یان نیگارەی كە تاوان لەخۆدەگرێت لەكاتی بڵاوكردنەوەیدا .

خاوەنی نوسینەكە وەك بكەری سەرەكی سزا دەدرێت با خۆیشی نوسینەكەی نەنوسی بێت ئەگەر ئەو نوسینەكەی پێشكەش بەسەرنوسەر یان بە بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە كردبێت و ناوی نوسەرەكە نەهێنێت بەڵام ئەگەر ناوی نوسەرەكەی هێناو لەسەر ڕاسپاردەی نوسەر نوسینەكەی پێشكەش كردبوو ئەوا نوسەرەكە وەك بكەری سەرەكی بەرپرسیار دەبێت .

هەروەها هەر كەسێك وەرگێڕانی كتێبێك یان وتارێكی بیانی دەكات یان زانیاری لەبارەی ئەو كتێبە یان وتارە پێشكەش دەكات وەك بكەری سەرەكی بەرپرسیار دەبێت [٣٧].

**٢- بەرپرسیارێتی سەرنوسەر یان بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە :**

سەرنوسەر ئەو كەسەیە كەلە لوتكەی بەرپرسیارێتی تاوانەكانی بڵاوكردنەوەدایە بەحوكمی كارەكەی لەسەرپەرشتی كردن و چاودێری كردنی لەسەر نوسەرەكان و هەبوونی دەسەڵاتی لە ڕێگەپێدان یان ڕەتكردنەوەی بڵاوكردنەوە ، لەبەرئەوە یاسا پێویستی كردووە كە هەموو بڵاوكردنەوەیەكی خولی سەرنوسەری هەبێت تاوەكو بەئەركی سەیركردن و پشكنینی ناوەڕۆكی وتارو هەواڵەكاندا هەڵبسێت و لەسەر واتاكانی بووەستێت و دڵنیا بێت لەسەر شتێك كەیاسا قەدەغەی كردووە بڵاو نەكرێتەوە ، كەواتە بەرپرسیارێتی سەرنوسەر یان بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە بەرپرسیارییەتیەكی گریمانەیی یاساییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە كە سەیری هەواڵ یان بابەتەكەی كردووە پێش بڵاوكردنەوەی كەهەرچەندە تاوانی لەخۆی گرتووە ڕێگەی بەبڵاوكردنەوەی داوە [٣٨].

**٣- بڵاوكار (الناشر):**

بڵاوكار بەرپرسیار دەبێت لەو بەشەی نوسین كە سەرپەرشتی دەكات بۆ نموونە بەرپرسی لاپەڕە لە ڕۆژنامەیەك ،كەبەرپرسیارییەتیەكەی وەك بكەری سەرەكییە لەو تاوانانەی لەو لاپەڕەیەدا ڕوودەدات بەو مەرجەی مەبەستی تاوانكاری بسەلمێت بەپێی بنەما گشتییەكانی سەلماندن لە داوای سزاییداو وەك سەرنوسەر نییە كەبەرپرسارێتی گریمانەكراوی هەبێت .

**٤- خاوەن ئیمتیاز :**

بەرپرسیارێتی خاوەنی ڕۆژنامە یان خاوەن ئیمتیاز گریمانەكراو نییە بەڵكو بەرپرسیارییەتیەكەی بەپێی بنەما گشتییەكانی بەرپرسیارێتی سزاییە كەپێویستە ئەوە بسەلمێت ئاگاداری ناوەڕۆكی نوسینەكە هەبووەو مەبەستیشی بووە بڵاوبكرێتەوە .

---

٣٧د. *خالد رمضان عبدالعال سلطان - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٧٩*

٣٨ چیا اسماعیل عثمان – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٢٥

بەڵام یاسادانەر بەو سزایانە نەوەستاوە دژی ئەو کەسانەی بەرپرسن لە تاوانەکانی بڵاوکردنەوە کەلەرێگەی ڕۆژنامەوە دەکرێن بەڵکو سزای تری داناوە دژی خودی ڕۆژنامەکە لە غەرامەو قەرەبوو و داخستن ئەمەش لە سەر بنەمای بەرپرسیارێتی سزایی کەسی واتایی[39].

**گروپی دووەم :**

ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەبەرپرسیاریەتییەکی لاوەکییان هەیە و بریتین لە هاوردەکار (المستورد )و چاپکار (الطابع) و فرۆشیار(البائع ) و دابەشکار(الموزع ).

هاوردەکار لەسەر ئەو بنەمایە بەرپرسیار دەبێت کە هۆکارە لە بڵاوبوونەوەی ئەو شتەی کە هاوردەی کردووە بۆ ناو وڵاتەکە و، بەرپرسیارێتی چاپکاریش بەرپرسیارێتییەکی گریمانەکراوە بەو پێیەی هەستاوە بە چاپکردنی کتێبێك یان دانراوێك بەبێ ئەوەی بزانێت دانەرەکەی یان بڵاوکارەکەی کێیە ، هەریەك لە فرۆشیارو دابەشکار بەرپرسیار دەبن لەسەر بنەمای ڕەواج پێدانی ئەو نوسینانەی کە تاوان لەخۆدەگرن ئەگەر کەسی چاپکار یان هاوردەکار نەزانراو بوون ، بەڵام ئەگەر ئەوەیان سەلماند کە ناوەرۆکی نوسینەکە یان وێنەکە یان نیگارەکەیان نەزانیوە ئەوا بەرپرسیارییەتیان لەسەر نامێنێت[40].

## بەرپرسیارێتی سزایی لەیاسای فەرەنسی :

یاسادانەری فەرەنسی لە مادەی (٤٢)لەیاسای ڕۆژنامەگەری فەرەنسی ساڵی ١٨٨١ بەرپرسیارێتی سزایی ئەو کەسانەی ڕێکخستووە لە حاڵەتی ڕوودانی تاوانێکی بڵاوکردنەوەدا لە ڕۆژنامەی چاپکراو دا بەم شێوەیە :

١- بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە بەرپرسیار دەبێت سەبارەت بە بڵاوکراوە خولییەکان (النشرات الدورية) یان بڵاوکار (الناشر) سەبارەت بەو بڵاوکراوانەی کەخولی نین جا پیشەکەیان یان ناوی پیشەکەیان بەهەرچییەك هات بێت.

٢- نوسەر بەرپرسیار دەبێت وەك بکەری سەرەکی ئەگەر بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە بوونی نەبوو ، بەو پێیەش دانەر وەك بکەری سەرەکی لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێت تەنها ئەگەر نەتوانرا شوناسی بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە بدۆزرێتەوە، بەپلەی سێیەمیش ئەو کەسانە دێن کە کاری چاپکردنی نوسینەکە دەکەن هەروەها فرۆشیارو دابەشکار و ئەوانەی هەڵی دەواسن ئەگەر نەتوانرا شوناسی ئەوانە بزانرێت کەلەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا.

بەپێی مادەی (٤٣) لەیاسای ڕۆژنامەگەری فەرەنسی دانەری نوسین هاوبەشە لە تاوان ئەگەر بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە یان بڵاوکار یان بەڕێوەبەری بەشدار زانراو بێت ، لەسەر بنەمای ئەوەی کە دانەری نوسین ئامرازی ئەنجامدانی تاوانەکە پێشکەش بە بکەری سەرەکی دەکات ، ئەگەر بکەری سەرەکی تاوانەکەش بە هەر هۆکارێك لە هۆکارەکان سزا نەدرێت ئەوا دانەری نوسینەکە یان وێنەکە تەنها بەسیفەتی هاوبەش ( شريك) سزا

[39] چیا اسماعیل عثمان – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٣١و١٣٢
[40] د. عمر سالم - هەمان سەرچاوەی پێشوو –ل١٥٩

دەدرێت ،بەڵام دانەری نوسین یان وێنە سزا نادرێت ئەگەر ئەوە نەسەلما کە مەبەستی تاوانکاری نەبووە یان نەیویست بێت کە بڵاو بکرێتەوە .

لەوانەشەوە دەردەکەوێت کە یاسادانەری فەرەنسی لە بنەماکانی بەرپرسیارێتی لە تاوانی رۆژنامەگەری لایداوەو، ئەو کەسەی کاری بڵاوکردنەوە دەکات لە تاوانێکی رۆژنامەگەریدا بکەری تاوانەکەیە و، دانەر یان نوسەر تەنها هاوبەشن لەگەڵی ، بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە هەمیشە بەرپرسە لەتاوانی رۆژنامەگەری جا نییەت پاك بێت یان نییەتی خراپ لە بەرپرسیاریەتی نابەخشرێت تەنها ئەگەر بەڵگە بهێنێتەوە کە هێزی زاڵ( قوة قاهرة) بووەتە هۆی ئەوەی نەیتوانیوە سەیری وتار یان بابەتی تاوانەکە بکات و لەدەرەوەی ویستی ئەودا بووە [41].

## سیستەمی بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی رۆژنامەی چاپکراو

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد کاری رۆژنامەگەری بەرهەمی تاکەکەسی نییە بەڵکو بەرهەم و کۆششی چەند کەسێکە ، کە تیایاندا هەیە رۆڵی سەرەکی لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا هەیەو هەندێکی تریشیان رۆڵی لاوەکی لە بڵاوکردنەوەی هەیە و هەشیانە رۆڵی لە داهێنانی بابەتەکە هەیە بەڵام رۆڵی لە بڵاوکردنەوەی نییە ، واتە لە تاوانەکانی بلاوکردنەوە لەڕێگەی رۆژنامەوە پێشبینی ئەوە ناکرێت کەلەلایەن یەك کەسەوە ئەنجام بدرێت ، بەهۆی زۆری کەسە بەشداربووەکانیش لەم جۆرە تاوانانەدا وایکردووە کە دیاریکردنی بەرپرسیارێتی سزایی ئاسان نەبێت [42].
یاساکان لەڕێکخستنی بەرپرسیاریەتی کەسە بەشدابووەکانی ئەنجامدانی تاوانەکانی رۆژنامەگەری جیاوازن و دەتوانین بیکەین بەسێ ئاراستەوە، ئاراستەی یەکەم بەرپرسیارێتی گریمانەکراو(المسؤولیة المفترضة) کە لێپرسینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە دەکرێت لە تاوانی ئەنقەست ئەگەر هەواڵێك یان نوسینێك یان وێنەیەك بڵاوکرایەوە لە رۆژنامەکە کە تاوانی لەخۆگرت بوو بەپێی ئەوە دەبێتە بکەری سەرەکی تاوانەکە یان هاوبەشی تاوانێکی تایبەت لەسەر ئەو بنەمایەی پێشێلی بەئەرکی خۆی لە چاودێری کردووە، ئاراستەی دووەمیش ئەو بەرپرسیاریەتییەی لەسەر هزری هاوبەرپرسیارێتی (المسؤولیة التضامنیة) بنیاتناوە کەهەریەك لە لەبەڕێوەبەر یان سەرنوسەر یان ئەو کەسەی بڵاوی دەکاتەوە بکەری سەرەکی تاوانەکەن ، هەندێك لە یاساکانیش بەهەردوو ئاراستەکەی وەرگرتووە بنەمای گریمانەیی و هاوبەرپرسیارێتی کۆکردۆتەوە وەك یاسای ئیتاڵی ، ئاراستەی سێیەمیش سیستەمی بەدوای یەکدا هاتن (التتابع)ە کە سیستەمێکە بەرپرسیارەکان لە تاوانی رۆژنامەگەری قەتیس(حصر) دەکات و ڕیزبەندییان دەکات ، یەکێکیان بەتەنها بەرپرسیارناکات لە تاوان وەك بکەری سەرەکی تەنها ئەگەر نەتوانرا ئەو کەسەی لەڕێزبەندییەکە لەپێش ئەوەوەیە بناسرێت .

بۆیە لەسەر ئەو بنەمایانەی ئاماژەمان پێکرد باسێکی کورتی بنچینەی سیستەمی بەرپرسیارێتی سزایی دەکەین لەتاوانەکانی رۆژنامە و پاساوی سیستەمی بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی رۆژنامە .

---

٤١ د. خالد خضير دحام - احكام المسؤولية الجزائية في القانون العراقي – دراسة مقارنة- گۆڤاری دراسة الحقوق/ ژمارە یەك ٢٠١٤ - بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی عراق السلام www.iraqpf.com - -دوا سەردان ٢٠٢٢/٨/٧

٤٢وسيلة عاس - *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل٣١

## یەکەم

## بنچینەی سیستەمی بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی رۆژنامە

مرۆڤ تاکە بوونەوەرە کە ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی سزایی دەکرێتەوە لەبەر هەبوونی ژیری و جیاکردنەوەی چاکەو خراپە هەروەها جیاکردنەوەی کارە ڕێگە پێدراوەکان و ئەو کاروڕەفتارانەی یاسا قەدەغەی کردوون ، بەوەش هەرکارێك یان ڕەفتارێك لە مرۆڤەوە دەربچێت پێچەوانەی یاسا بێت بە ئەنجامدەری تاوان ئەژمار دەکرێت و سزا دەدرێت لەسەری ، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەرپرسیارێتی سزایی دروست دەبێت لەسەر پرەنسیپی بەرپرسیارێتی کەسی ، واتە دەبێت کردە تاوانییەکە ڕاستەوخۆ بگەڕێنرێتەوە بۆ کەسی بکەر تاوەکو لەڕووی سزاییەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت ، لە تاوانەکانی رۆژنامەگەری وەکو هەر بکەرێکی تاوانی تر وایە کە ئەنجامدەری شتە مادیەکانی تاوانەکەیە ، ئەم وەسفەش ڕاستە بۆ هەر یەك لە دانەری کتێب و دانەری وێنە هەروەها ڕاستیشە بۆ هەریەك لە بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە یان بڵاوکار (الناشر) ، لەبەرئەوەی ڕەفتاری تاوانکاری لە تاوانی رۆژنامەگەریدا لەدوو کردار پێکدێت کە خۆیان دەبیننەوە لە لەکردەی نوسین و کردەی بڵاوکردنەوە [٤٣].

سەبارەت بەگەڕان بەدوای بنچینەی بنەما تایبەتەکانی بەرپرسیارێتی سزایی رۆژنامەگەری چەند ئاراستەیەکی یاساناسی هەن کە بریتین لەمانە :

### أ- بەرپرسیارێتی گریمانەیی:

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە کە بەرپرسیارێتی لە تاوانەکانی بڵاوکردنەوە بنتیاتنراوە لەسەر گریمانەی ئاگاداربوونی سەرنوسەر لەهەرشتێك کەلە رۆژنامەکەدا بڵاو دەکرێتەوە ،واتە بەرپرسیارێتی سزایی سەرنوسەر لەسەر بنچینەی گرینە(قرينة)یەکی یاساییە بەوەی بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوەیەو ئاگادارەو زانیاری هەیە لەهەموو ئەو نوسینانەی کەبڵاو دەکرێنەوە، ئەگەر ڕێکەوتنیشی هەبوو کە کەسێکی تر بەرپرسی بڵاوکردنەوە بێت ئەوا ئەو بەرپرسیارییەتیەی لەسەر لاناچێت چونکە ئەو خۆی سەرپەرشتی نوسینە یان لە توانایدایە ئەو سەرپەرشتیارییە بکات .

لێپرسینەوە لەگەڵ سەرنوسەر یان نوسەری بەرپرس دەکرێت لە تاوانی بڵاوکردنەوە بە سیفەتی ئەوەی بکەری تاوانەکەیە بەوپێیەی ئەو تاوانە ڕووناداات بە بڵاوکردنەوە نەبێت ، ئەگەر یەکێکی تریش هاوبەشی کرد لەو

٤٣د. خالد خضير دحام - *هەمان سەرچاوەی پێشوو*

بڵاوكردنەوەیە ئەوا بەرپرسیار دەبێت بەپێی بنەما گشتییەكانی بەرپرسیارێتی جا بە سیفەتی بكەر بێت یان بەسیفەتی هاوبەش بێت [٤٤].

لەبەرپرسیارێتی گریمانەییدا لەسەردەسەڵاتی لێكۆڵینەوە پێویست نییە كەبەڵگە كۆبكاتەوە تا بیسەلمێنێت تۆمەتبار واتە سەرنوسەر یان نوسەری بەرپرس ئەو تاوانەی كردووە چونكە تەنها بەبڵاوكردنەوەی هەواڵ یان بابەتەكە بەڵگەیە لە دژیان بەپێچەوانەوە لەسەر تۆمەتبارە كەبەڵگەی نەكردن (نفي) پێشكەش بكات تاوكو بەرپرسیارێتی لەسەر خۆی لاببات و بیسەلمێنێت كەپەیوەندی بە تاوانەكەوە نەبووە ، لەو ڕووەوە لەمادەی (٨١) لەیاسای سزادانی عێراقی هاتووە (سەرنوسەری ڕۆژنامە سزا دەدرێت و بەبكەری ئەوتاوانە دادەنرێت لە ڕێگەی ڕۆژنامەكەیەوە ئەنجامدراوە ، ئەگەر سەرنوسەریشی نەبوو ئەوا نوسەری بەرپرس سزادەدرێت لەو بەشەی ڕۆژنامەكەدا كەتیایدا بڵاوبووتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت هەریەكەیان لەسزا ببوردرێن ئەگەر لەكاتی لێكۆڵینەوەدا دەركەوت بەبێ ئاگاداری ئەو بڵاوكراوەتەوە و هەموو زانیاری یان پەڕاوە یارمەتی دەرەكانی پێشكەش كرد بۆ دیاریكردنی خودی ئەو كەسەی هەستاوە بە بڵاوكردنەوەی ئەو بابەتە لە ڕۆژنامەكەدا ).

**ب- بەرپرسیارێتی بەهۆی كەمتەرخەمییەوە (الاهمال) :**

بەپێی ئەم هزرە سەرنوسەر یان بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە یان چاپكار لێپرسینەوەی سزاییان لەگەڵ دەكرێت لە تاوانێكی تایبەت كە جیاوازە لەخودی تاوانی بڵاوكردنەوەكە، بنەمای ئەو بەرپرسیارییەتیەش كەمتەرخەمییە[٤٥] ، بەرپرسیارێتی دروست بوو بەپێی ئەم هزرە بەوە جیا دەكرێتەوە كە هەوڵ دەدات بەرپرسیارێتی سەرنوسەر یان بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە لەچوارچێوەی هزری (بەبێ هەبوونی هەڵە بەرپرسیارێتی نییە) دابڕێژێت .

بەپێی ئەم ئاراستەیە دانەری نوسین یان دانەری وێنە بەرپرسی سەرەكییە لەتاوانی ڕۆژنامەگەری بەڵام ئەگەر نەناسرا ئەوا بڵاوكار یان ئەوەی كە چاپی دەكات سزا دەدرێت ، بنچینەی بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە یان بڵاوكار یان ئەوەی كە چاپی دەكات خۆی دەبینێتەوە لە كەمتەرخەمی و پێشێلكردن بە ئەركی پیشەیی ، چونكە لەسەریانە كە پابەندبن لەڕێگرتن لە ڕوودانی تاوانەكە لەڕێگەی زانینی ناوەڕۆكی نوسینەكەو ڕێگرتن لە بڵاوكردنەوەی یان چاپكردنی [٤٦] .
ئەم تیۆرە هەرچەندە یاسای ئەڵمانی پێی وەرگرتووە بەڵام ڕەخنەلێگیراوە لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتی سەرنوسەر بەرپرسیارییەتیەكی ئەنقەستە واتە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێت لەسەر تاوانێكی ئەنقەست و وەك بكەری سەرەكی تاوانێكی ئەنقەست و ناكرێت لێپرسینەوە لەگەڵ كەسێك بكرێت لەسەر تاوانێكی ئەنقەست و بوترێت كەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی كارەكەی كردووە .

---

٤٤چیا اسماعیل عثمان – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٤٩

٤٥ د. *عمر سالم- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٣٦*

٤٦ د. خالد خضیر دحام - هەمان سەرچاوەی پێشوو

**ج- بەرپرسیارێتی بنیاتنراو لەسەر هزری هاوبەرپرسیارێتی (التضامن) :**

سەرنوسەر یان بەڕێوەبەری نوسین یان بڵاوکار بکەری سەرەکی تاوانی ڕۆژنامەگەرین لەگەڵ دانەری نوسین یان وێنەکە، بەو پێیەی کە تاوانی ڕۆژنامەگەری ڕووندادات ئەگەر بڵاو نەکرێتەوە، واتە هەردووکیان بەهاوبەرپرسیاری بەرپرسیارێتی سزاییان دەکەوێتە ئەستۆ[٤٧] .

بەرپرسیارێتی بەپێی ئەم هزرە قەتیس دەکرێت لەوانەی کەبکەری سەرەکین لە تاوانەکەدا کەئەویش سەرنوسەر یان بڵاوکارە بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەرکەسێکی تر کە بەشدارییان هەبووە لە تاوانەکەدا بەرپرسیار نابن بەڵکو بەپێی بنەما گشتییەکان هەرکەسێك بەشداربێت لە ئەنجامدانی تاواندا بەسیفەتی بکەر یان هاوبەش بەرپرسیار دەبێت لەڕووی سزاییەوە.

بەڵام هزری هاوبەرپرسیارێتی لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی سزایی بوونی نییە بڵکو هزرێکە لە یاسای شارستانی ناسراوە وەك بەرپرسیارێتی کەفیل و قەرزدار بەرامبەر خاوەن قەرز کەبەرپرسیارێتییەکی هاوبەرپرسیارێتییە (المسؤولية التضامنية) .

**د- بەرپرسیارێتی بەدوای یەکدا هاتن( المسؤولية بالتتابع) :**

ئەم بووچوونەش ڕای خۆی بنیاتناوە لەسەر دورخستنەوەی بنەماکانی بەشداری و هاوبەشی تاوانکاری و بەرپرسیارەکانی تاوانەکانی بڵاوکردنەوە قەتیس (حصر) دەکات پاشان ڕێزبەندیان دەکات بەپێی سیستەمێك بەشێوەیەك کەسێك بەرپرسیار نابێت تەنها ئەگەر کەسی پێش خۆی دیار نەبێت ،کەئەمەش لە هەرەمێك دەچێت کەسەرەتا لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسە دەکرێت کە لەلوتکەی هەرەمەکەدایە پاشان دادەبەزێت بۆ بنکەکەی کەلەخوارەوەی ریزبەندییەکەدایە.
ئەو کەسەش کەلە لوتکەی بەرپرسیارێتی هەرەمەکەدایە سەرنوسەرە یان بەڕێوەبەری نوسین ، ئەگەر ئەویش دیار نەبێت ئەوا بڵاوکار بەرسیار دەبێت، ئەگەر ئەو بوونی نەبوو ئەوا نوسەر و ئەگەر ئەویش نەبوو چاپکارو... دادەبەزێتە خوارەوە بۆ بنکەی هەرەمەکە، بەم شێوەیە بەرپرسیارێتی دیاری دەکرێت بە ڕیزبەندی کە دادەبەزێت بەپێی ئەوەی کە یاسا دایدەنێت .
ئەم سیستەمەش بەڕوون و ئاسانی لە چەسپاندن ناسراوە بۆیە زۆر لەیاسای وڵاتان پێیان وەرگرتووە لەوانەش یاسای فەرەنسی بنیاتی ناوەو هەریەك لەیاساکانی میسر و لیبیا و یاسای سزادانی عێراقی لەویان وەرگرتووە[٤٨] .

---

٤٧د.عمادعبدالحميد النجار - *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل١١٣

٤٨وسيلة عاس - هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٢

## دووەم

## پاساوەکانی سیستەمی بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی رۆژنامە

هەروەك ئاماژەمان پێکرد لە تاوانەکانی رۆژنامەگەریدا یاساکان لەبەنەما گشتییەکانی بەرپرسیارێتی دەرچوون و بنەمای تایبەتیان بۆبەرپرسیارێتی لەوتاوانانەدا داناوە پاساوەکانیش بۆ ئەوە ئەمانەن :

**أ- فرەیی بەشداربووەکان لە تاوانەکانی رۆژنامەگەری :**

بڵاوکردنەوە لە ڕێگەی رۆژنامەوە بەفرەیی لە بەشدابووان جیا دەکرێتەوە، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی سێ کەس هاوکاری سەرەکی یەکترن کە بریتین لە دانەرو بڵاوکارو چاپکار و کەسانی تریش دەچنە پاڵ ئەوان و بازنە بەشداربووان زیاتر دەکات وەکو دابەشکارەکان و ریکلامکارەکان و فرۆشیارەکان و لە رۆژنامە گەورەکانیشدا پێویستیان بەدەیان کارمەندو هاوکاری تر هەیە [٤٩].

لەوانەیە قورسایی یەکەم دیاریکردنی کەسە بەرپرسیارەکان بێت لە تاوانەکانی ڕۆژنامەگەریدا بەو پێیەی ژمارەیەکی زۆر بەشدارن لە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی چاپکراوەکەدا، واتە فاکتەری یەکەم لە تایبەتمەندییەکانی بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانی رۆژنامەگەری پێویستی فرەیی بەشداربوانە لەبەدیهێنانی بڵاوکردنەوەدا، ئەمەش بۆ فرەیی ئەو چالاکییە جۆربەجۆرانە دەگەڕێتەوە کە هەریەکەیان لەوی تریان جیاوازە لە هەمان کاتدا هەموویان بەشدارن لە بەدیهێنانی پایەی مادی تاوانی رۆژنامەگەریدا ، واتە پێشبینی ئەوە ناکرێت کەکاری رۆژنامەگەری کاری تەنها کەسێك بێت بەڵکو پێویست دەکات کە کارێکی دامەزراوەیی بێت ، ئەم فرەیەش لە پرۆسەی بڵاوکردنەوەدا وا دەکات قورس بێت حوکمە گشتییەکانی بەرپرسیارێتی سزایی بەسەردا بچەسپێت و دواتریش هەرتاکێك لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت بەپێی ئەو بەشدارییەی کە هەیەتی لە تاوانەکەدا و بە دیاریکراویش کامیان بکەری سەرەکی تاوانەکەیەو کامیشیان هاوبەشی تاوانەکەیە .

کەبەشێوەیەکی بنەڕەتی چەسپاندنی بنەما گشتییەکانی بەرپرسیارێتی سزایی وا دەکات کەسزا لەسەر تاوانی رۆژنامەگەری نەدرێت ، بە تایبەتی کە سروشتی کاری رۆژنامەگەری وایە هەندێك جار بەڕێسای بێ ناوی (اللا اسمية) وەربگرێت ، کە ماف دەدات بە رۆژنامە لە بڵاوکردنەوەی وتار یان هەواڵێکدا ناوی دانەر یان خاوەنەکەی دیاری نەکات ،هەروەها مافی ئەوەی پێ دەدات بە ڕێسای نهێنی رۆژنامەگەری وەربگرێت کە بەپێی ئەوە سەرنوسەر بۆی هەیە پارێزگاری لە نهێنی سەرچاوەی وتار یان هەواڵەکەی بکات ، ئەوانەش وادەکەن ئەگەر پشت ببەسترێت بە بنەمای کەسێتی بەرپرسیارێتی سزاییەوە دەبێتە هۆی رزگابوونی بکەری تاوان بو پێیەی ناتوانرێت کەسی ئەنجامدەری تاوان بدۆزرێتەوە ، سەرەڕای ئەوەی فرەیی کارەکان کەبەشداربووان لەپرۆسەی بڵاوکردنەوەدا ئەنجامی دەدەن وا دەکات قورس بێت ئەوە دیاری بکرێت کێ بەشداری لە تاوانەکەدا کردووە .

٤٩د. عمر سالم هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٣٤

**ب-سیستەمى بێ ناوى لەنوسیندا :**

بێ ناوى لەنوسیندا واتە ئازادى رۆژنامە لە بڵاوكردنەوەى وتار یان هەواڵ بەبێ ناوهێنانى دانەر یان خاوەنەكەى، هەروەها ئازادى دانەر لەدەرخستن یان شاردنەوەى ناوى خۆى لەكاتى بڵاوكردنەوەى وتار یان بابەتەكەى [٥٠]. قورسى دووەم لە كێشەى دیاریكردنى ئەو كەسانەى بەرپرسیارن لە تاوانەكانى رۆژنامەگەرى خۆى لەوەدا دیبنێتەوە كە دەتوانرێت وتار بڵاوبكرێتەوە بەبێ ئەوەى واژوو كرابێت لەلایەن دانەرەكەیەوە تەنانەت هەموو كەسێك بۆى هەیە كە هەواڵێك بنوسێت بەبێ ئەوەى ئاماژە بەناوى خۆى بكات ، ئەم سیستەمەش باشەو خراپەى خۆى هەیە ، لەو ڕووەوە ڕەخنە لێگیراوە كە كارى دادگا قورس دەكات لە دۆزینەوەى ئەو كەسەى كەبەرپرسە لەنوسینەكە ، بەڵام باشییەكەى لەودایە زیاتر لەگەڵ ئازادى رۆژنامەگەرى دەگونجێت بەتایبەتى زۆر گرنگە بۆ وڵاتانى جیهانى سێیەم چونكە لەهەندێك بابەت و هەواڵدا ئەگەر ناوى خاوەنەكەى ئاشكرا ببێت لەوانەیە توشى كێشەو هەڕەشە ببێتەوە تەنانەت لەوانەیە ژیانى بكەوێتە مەترسییەوە .

**ج- نهێنى نوسین :**

واتاى نهێنى بڵاوكردنەوە ئەوەیە كە سەرنوسەر یان رۆژنامەنوسان پارێزگارى لەسەرچاوەى ئەو زانیارییە بكەن كە بۆ كارى رۆژنامەگەرى دەستیان دەكەوێت ، بەڵام نهێنى لەكارى رۆژنامەگەریدا بەو واتایە نایەت كە رۆژنامەنوس پارێزگارى لەنهێنى ئەو زانیاریانە بكات كە دەستى دەكەون بەڵكو پارێزگارى لە سەرچاوەى زانیارییەكانى بكات [٥١].

زۆرجار رۆژنامەنوس زانیارى دەست ناكەوێت لەسەر بنەماى متمانە نەبێت كەلاى سەرچاوەى هەواڵ یان زانیارییەكەى بەدەستى دەهێنێت كە ئەگەر رۆژنامەنوس ناچاربكرێت سەرچاوەى هەواڵەكەى ئاشكرا بكات ئەوا متمانە لەدەست دەدات ،ئەمەش نەك تەنها زیان بەخاوەنى سەرچاوەى زانیارییەكە دەگەیەنێت بەڵكو زیانێكى گەورە بە رۆژنامەكەو ئازادى رۆژنامەگەریش دەگەیەنێت ، سەبارەت بە سەرچاوەى هەواڵ زۆربەى جار ئەو سەرچاوەیە فەرمانبەرێكى گشتییە كە ئەگەر رۆژنامەنوس ناچاربكرێت بە ئاشكراكردنى شوناسى ئەوا دوورنییە توشى ڕووبەڕووبوونەوەى سزایى یان بەرزەفتكارى نەبێتەوە [٥٢].

جا بۆئەوەى رۆژنامە متمانەى خۆى بپارێزێت لەلاى سەرچاوەكانى هەواڵى هەروەها سەرچاوەكانى هەواڵى توشى كێشە نەبنەوە ناوى ئەو سەرچاوەیە لەلاى رۆژنامەكە بە نهێنى دەمێنێتەوە، كە ئەمەش دەبێتە یەكێكى تر لە قورسیەكانى دیاریكردنى ئەو كەسانەى كە تاوانى رۆژنامەگەرى ئەنجام دەدەن بەپێى بنەما گشتییەكانى بەرپرسیارێتى سزایى .

---

٥٠چیا اسماعیل عثمان – هەمان سەرچاوەى پێشوو ل١١١

٥١د. خالد خضیر دحام - هەمان سەرچاوەى پێشوول١٠٣

٥٢د.اشرف رمَضان عبدالحمید - حریة الصحافة - القاهرة ٢٠٠٤ ل٢٦١

## بابەتی دووەم
## بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەكانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو

ئازادی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن لە ئازادییە نوێیەكانە كەلە جاڕنامەی جیهانی مافەكانی مرۆڤ و دواتر قسەیان لەسەركرا و پاشان لە دوای شۆڕشی تەكنۆلۆجیاو زانیاری لە دوای شەستەكانی سەدەی پێشووەوە چووە ناو یاسای وڵاتانەوە تیایدا زۆربەی یاساناسانی یاسای ڕاگەیاندن كۆك بوون لەسەر ئەوەی ئەم جۆرە ئازادییە بەواتای ئەو دێت :

١-دەقە ڕادیۆیی و تەلەفیزیۆنییەكان نەخرێنە ژێر چاودێرییەوە

٢-دەوڵەت ڕێگە بدات بەخستنەكاری دامەزراوەی ڕادیۆیی و تەلەفیزیۆنی و پێویست بەمۆڵەت نەكات ، گرەنتی ئازادی پەخشیان بكات و ، ڕاگەیاندكارەكان ئازادبن لە پەراوەكردنی كارەكانیان وچاودێری پێشوەخت نەخاتە سەر گفتو گۆو چاوپێكەوتنەكان پێش پەخشكردنیان [٥٣] .

بەو پێیەی هێزو كاریگەری ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو زیاترە لە ڕۆژنامەی چاپكراو بەهۆی ئەوەی ژمارەیەكی زیاتر بینەرو بیسەری ڕادیۆو تەلەفیزیۆن هەیە لە خوێنەری ڕۆژنامەو چاپكراوەكان بۆیە یاساكان بە تایبەتی یاسای فەرەنسی بنەمای تری هێنایە ئاراوە كە بگونجێت لەگەڵ كاری ئەو جۆرە نوێیانەی ڕاگەیاندنداو لەساڵی ١٩٨٢ یاسادانەری فەرەنسی یاسایەكی تایبەتی دانا بۆ هۆكارەكانی بیسترا و و بینراو و لەساڵی ١٩٨٩ هەمواری كردەوە تاوەكو ئەو كەموكورتیانەی كەهەبوو سەبارەت بە ڕێكخستنی بەرپرسیارێتی سزایی نەیهێڵێت ، لە مادەی یەكەمی یاساكەدا هاتووە ( پەیوەندییە بیستراو و بینراوەكان ئازادن ) [٥٤] .

سروشتی كاری ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو جیاوازە لە سروشتی كاری ڕۆژنامە چونكە چاپكردن و فرۆشتن و دابەشكردن و هەڵواسین بوونیان نییە ، بۆیە پێویستی كرد كە یاساكان ئەو كەسانە دیاری بكەن كەبەرپرسیار دەبن لە رووی سزاییەوە لە ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو لەو ڕووەوە جیاوازی كرا لە نێوان پەخشی ڕاستەوخۆو پەخشی ناڕاستەوخۆ لە دیاری كردنی بەرپرسیارێتی سزایی .

١- بەرپرسیارێتی سزایی لە حاڵەتی پەخشی ناڕاستەوخۆدا :

یاسای راگەیاندنی بینراو و بیستراوی فەرەنسی تاڕادەیەك ڕێكخستنێكی جیاوازی كردووە بۆ ئەو كەسانەی كەبەرپرسیارێتی سزاییان دەكەوێتە ئەستۆ بۆ ئەو تاوانانەی ئەنجام دەدرێن لە ڕێگەی هۆكارەكانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراوەوە لە حاڵەتی پەخشی ناڕاستەوخۆدا ، واتە پەخشكردنی بەرنامەیەك دوای ئەوەی كە پێشتر تۆماركراوە كە تیایدا لێپرسینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە (بەڕێوەبەری تەلەفیزیۆن یان بەڕێوەبەری ڕادیۆ) دەكرێت لەكاتی ڕوودانی تاوانی ڕاگەیاندندا وەك بكەری سەرەكی تاوان، ئەگەر بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە نادیار بوو ئەوا دانەر وەك بكەری سەرەكی تاوان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێت ، ئەگەر لە حاڵەتێكدا دانەرەكانیش دیار نەبوون ئەوا بەرهەمهێنەر(المنتج) وەك بكەری سەرەكی تاوان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێت، هەروەها لەیاساكەدا هاتووە كە دانەر لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێت وەك هاوبەشی تاوان كاتێك كە نەتوانرێت لێپرسینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە بكرێت بەهۆكارێك بۆ نموونە هەبوونی پارێزبەندی پەرلەمانی .

---

٥٣ابراهيم الداقوقي –قانون الاعلام -بغداد ١٩٨٦ ل ٢١٦

٥٤د. خالد خضير دحام *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل ٣٣

لەوانەوەشەوە بە ڕوونی دەردەكەوێت كە ئەو ڕێزبەندییەی یاسادانەری فەرەنسی كردویەتی بۆ ئەو كەسانەی لە ڕووی سزاییەوە بەرپرسیارن لە ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراودا تا ڕادەیەكی زۆر لەو ریزبەندییە دەچێت كە بۆ ئەو كەسانەی لە ڕووی سزاییەوە بەرپرسیارن لە رۆژنامەی چاپكراودا تەنها یەك جیاوازی هەیە ئەویش بەرهەمهێنەر جێگەی چاپكار و فرۆشیار و دابەشكارو هەڵواسەرەكان دەگرێتەوە، لەبەرئەوە بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە وەك بكەری سەرەكی تاوان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێت لە پەخشی ناڕاستەوخۆدا لە ڕاگەیاندنی بینراودا، هەروەها یاسادانەری فەرەنسی بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوەی كردووە لەسەر گریمانەی ئەوەی زانیاری هەیە لە سەر ناوەڕۆكی ئەو بەرنامەیەی كە پەخشدەكرێت و پێش بڵاوكردنەوەی ڕەزامەندی لەسەر نیشان داوە ، هەروەها دانەر وەك بكەری سەرەكی لێپرسینەوەی لەگەڵ ناكرێت تەنها ئەگەر نەتوانرا شوناسی بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەگەر بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە زانراو بوو ئەوا دانەر وەك هاوبەشی تاوان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێت و، ئەگەر نەتوانرا شوناسی بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوەو دانەر بدۆزرێنەوە ئەوا بەرهەمهێنەر وەك بكەری سەرەكی تاوان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێت .

٢- بەرپرسیارێتی سزایی لە حاڵەتی پەخشی ڕاستەوخۆدا :

بەرپرسیارێتی سزایی لەو تاوانانەی ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو لە حاڵەتی پەخشی ڕاستەوخۆدا رووی لە زیاد بوون كردووە كە بە شێك لە پسپۆرانی بواری یاسا پێیان وایە ئەگەر كەناڵەكە نەبووایە تاوان دروست نەدەبوو بەڵام بەرپرسیارێتی جیاوازە لە حاڵەتی پەخشی ناڕاستەوخۆو بەرنامەی تۆماركراودا ، چونكە كەس ناتوانێت پێشبینی ئەو كردارو هەڵسوكەوتانە بێت كە كەسە بەشداربووەكان دەیكەن لە بەرنامەیەكی پەخشی ڕاستەوخۆدا ، لەبەرئەوە بەرپرسیارێتی سزایی وەك بكەری سەرەكی تاوان دەكەوێتە سەر ئەو كەسەی كردە مادییەكەی كردووە بە دەربڕینی ئەو دەستەواژەیەی كە تاوان دروست دەكات ئەو بەرپرسیاریەیەش بەرپرسیارێتییەكە بەپێی بنەما گشتییەكانی بەرپرسیارێتی سزایی و بەڕێوەبەری تەلەفیزیۆن یان ڕادیۆ بەرپرسیاریەتییان ناكەوێتە ئەستۆ بەمەرجێك بیسەلمێنێت كە زانیاری نەبووەو ئاگادار نەبووە لەوەی كەئەو كەسە لە پەخشی ڕاستەوخۆدا وتویەتی هەروەها بۆ جاری دووەم و زیاتر پەخشیان نەكردبێتەوە [٥٥].

**بەرپرسیارێتی بێژەر یان پێشكەشكاری بەرنامە:**

بێژەر یان پێشكەشكاری بەرنامە ئەو كەسەیە كە زانیاری دەگوازێتەوە بۆ جەماوەر لە رێگەی رادیۆ یان تەلەفیزیۆن ، ئەویش بەهەمان شێوەی نوسەرو نیگاركێش و وێنەگر بەرپرسارێتی سزایی دەكەوێتە ئەگەر كردارێكی تاوانكاری كرد و پایە شەرعی و مادی و واتایی و ئاشكرایی لەخۆگرت بوو ، بۆ نموونە بێژەر یان پێشكەشكار لەكەناڵیكی تەلەفیزیۆنی یان ڕادیۆیەك بەوتن جنێوێك یان تۆمەتێك بخاتە پاڵ یەكێكی تر یان ئاماژەیەك كە سوكایەتی بگەیەنێت بۆ نموونە بە پێكەنینێك گاڵتە بەو كەسە بكات كە پەیوەندی تەلەفۆنی بەبەرنامەكەوە كردووە یان بەرنامەكەی هاندانی تێدا بێت بۆ ئەنجامدانی تاوان یان ڕەفتارێك دژی ئایین یان ئادابی گشت یان سیستەمی گشتی بێت بۆ نموونە دادگایەكی میسری لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٢٠ حوكمێكی داوە بەسەر

[٥٥] د.سامان فەوزی – *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل ١٠٨

پێشکەشکارێکی بەرنامەدا بەبەندکردنی بۆ ماوەی (١)یەك ساڵ و غەرامەکردنی بەبڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار جونیە کە دەکاتە (١٤٧) سەدو چل و حەوت دۆلاری ئەمریکی لەگەڵ ڕاگرتنی سزای بەندییەکەی (وقف التنفيذ) لەبەرئەوەی لە کەناڵێکی ئاسمانیدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ هاوڕەگەزبازێك کردووە کە جۆرێك لە ڕەواجدانی تێدابووە بۆ ئەو کارە لەکاتێکدا پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە [٥٦].

## بابەتی سێیەم
## بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی

**پێناسەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی :**

دەتوانرێت ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بەوە پێناسە بکرێت کەجۆرێکە لەجۆرەکانی ڕۆژنامە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت وەك هۆکارێکی سەرەکی بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی ئەو زانیارییە یان بابەتەی کە دەیەوێت بۆ خوێنەران بیخاتە ڕوو [٥٧].

زاراوەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی سەرەتا وەك ئاماژەیەك بۆ ڕۆژنامەی چاپکراو دەرکەوت کەلە ئینتەنرێت بڵاو دەکرێنەوە ، بەڵام لە ئێستادا ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی تایبەتمەندە بەگواستنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژانە بەپێنوسی ڕۆنامەنوسان و شیکردنەوەو ڕاوبۆچوونیان هەروەك لە لەرۆژنامەی چاپکراو ڕوودەدەن، بەڵام ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە ڕۆژنامەی چاپکراو بەوە جیا دەکرێتەوە کەبڵاوکردنەوەیەکی فراوان و کاریگەرییەکی گەورەی هەیە کە سنووری دەوڵەتان تێدەپەڕینێت تەنانەت لە ئێستادا ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراوی تێپەڕاندووەو، ئینتەرنێت بە گشتی و ئینتەرنێت لە ڕێگەی ئامێری ئەلیکیترۆنییەوە بەشێوەیەکی تایبەت لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە خەریکە جێگەی هەرسێ ڕاگەیاندنی نوسراو و بینراو و بیستراو دەگرێتەوە ، ئەمەش بەهۆی خێرایی لەگەیاندن کە وا لە خوێنەر دەکات سات بە سات زانیاری و هەواڵەکانی پێ بگات.

---

٥٦ د. أحمد محمد اللوزی – المسؤولية الجزائية لمقدم البرنامج التلفيزيونية – زانکۆی الشرق الاوسط حزيران ٢٠٢٢ - بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی www.meu.edu.jo ل٣١ و دواتر-دوا سەردان ٢٠٢٢/٨/٧

٥٧ هبة خيرالله – توێژینەوەیەك دەربارەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی - بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی www.sotor.com- دواتر-دوا سەردان ٢٠٢٢/٨/٧

## بنەما تایبەتەكانی بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەكانی رۆژنامەی ئەلیكترۆنی

هەروەك چۆن پێشكەوتنی تەكنۆلۆجیا باشی زۆر هەیە كەناتوانرێت قەتیس بكرێن ، لەهەمان كاتدا لایەنی خراپەی زۆریشی هەیە كە رۆژبەرۆژ دەردەكەون كە بەشێكیان خۆیان لە تاوانەكانی ئینتەرنێت و رۆژنامەی ئەلیكترۆنی دەبینێتەوە لەگەڵ ئەوانیشدا كێشەی یاسایی دەركەوتن سەبارەت بە دیاریكردنی سروشتی ئەو بنەمایانەی كەبەرپرسیارێتی سزایی ئەو كەسانە دیاری دەكەن كە تاوانی رۆژنامەی ئەلیكترۆنی دەكەن ، ئەمەش وایكردووە پسپۆرانی بواری یاساو و دادگا سزاییەكان پرسیار لەوە بكەن ئایا ئەو یاسایانەی پێشتر هەبوون دەتوانن چارەسەری ئەو تاوانانە بكەن كەلەسەر ئینتەرنێت دەكرێن هەروەها وای كردووە یاسادانەری وڵاتان دەستوەردان بكەن بەدانانی دەقی یاسایی سزایی نوێ كە رووبەرووی تاوانەكانی ئینتەرنێت ببێتەوە.

بۆیە لێرەدا پێویست دەكات باس لەتاوانە ئەلیكترۆنییەكان و بكەرەكان( بەرپرسیارێتی سزایی ئەوانەی كار لەسەر ئینتەرنێت دەكەن) لەگەڵ سیستەمی یاسایی بەرپرسیارێتی لە تۆڕەكانی ئینتەرنێت بكەین.

### ١- تاوانە ئەلیكترۆنییەكان :

لەبواری ئامێری ئەلیكترۆنی و تۆڕی ئینتەرنێتدا دوو جۆر لە تاوان هەن :

**جۆری یەكەم :**

ئەو تاوانانە دەگرێتەوە كە ئامێرە ئەلیكترۆنییەكە خۆی بگرێتەوە وەكو :
أ- چوونە ناو ئامێری ئەلیكترۆنی (التسلل الى جهاز الحاسوب)
ب- تاوانەكانی چوونە ناوەوەی نادروست بۆ دامەزراوەی زانیاری .
ج-تاوانەكانی هاك كردن .
د-تاوانەكانی دەستدرێژی لەسەر داتاو سیستەمی چارەسەركردنی ئامێری (الی) داتاكان.
ە -چەتەگەری لەسەر بەرنامەی زانیاری.
هەروەها دەكرێت ئامێری ئەلیكترۆنی هۆكارێك بێت بۆ ئەنجامدانی تاوان وەك ساختەكاری لە نوسراوە ئەلیكترۆنییەكان و پارەو كارتی دڵنیایی و پێناس.

**جۆری دووەم:**

جۆری دووەم كە بواری بابەتەكەی ئێمەیە ئەو تاوانەن كە ئامێرە ئەلیكترۆنییەكە ئامانج نییە بەڵكو هۆكارێكە بۆ بڵاوكردنەوە لەرێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە ، ئەم جۆرەش چەندین تاوان دژی بەرژەوەندی گشتی یان بەرژەوەندی تایبەتی كەسەكان دەگرێتەوە ،كەئەم جۆرە تاوانانە ناودەبرێن بە تاوانەكانی تۆڕی زانیاری .

كەواتە تاوانە ئەلیكترۆنییەكان بریتین لە هەر كردارێك یان نەكردنی كردارێكی بە ئەنقەست سەبارەت بەبەكارهێنانی نادروستی تەكنۆلۆجیای زانیاری بە ئامانجی دەستدرێژیكردن لەسەر سامانی مادی و واتایی[٥٨] .

## ٢- بكەرەكان ( بەرپرسیارێتی سزایی ئەوانەی كار لەسەر ئینتەرنێت دەكەن) :

ئینتەرنێت چەند نێوەندكارێك لەخۆ دەگرێت تاوەكو خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بگەیەنێت بەبەكارهێنەرەكانی كە ئەوانیش خاوەنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و گوازەرەوەی زانیاری و خاوەنی ماڵپەری ئەلیكترۆنی و سەرچاوەی زانیارییەكانە ، كەلەخوارەوە بەرپرسیارێتی سزایی ئەو كەسانە دەخەینە ڕوو كە كار لە ئینتەرنێت و ڕۆژنامەی ئەلیكترۆنی دەكەن بم شێوەیە :

**١- بەرپرسیارێتی سزایی دانەر یان سەرچاوەی زانیاری (مورد المعلومات) :**
دانەر یان سەرچاوەی زانیاری ئەو كەسەیە كەپەیوەندی بە تۆڕی ئینتەرنێت دەكات و هەواڵ و زانیاری لەسەر لاپەڕەی تایبەت بەخۆی پەخش دەكات و، هەركەسێك كەئەو ماڵپەرە دەكاتەوە دەتوانێت ئەو زانیاریانەی دەست بكەوێت كەلەوێدا دانراون كەبەرپرسە وەك بكەری سەرەكی لەو زانیاریانەی پەخش دەكرێن لەبەرئەوەی بەبێ ئەو پرۆسەی بڵاوكردنەوەكە ئەنجام نادرێن[٥٩] .

**٢- بەرپرسیارێتی سزایی بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری :**
یاسای فەرەنسی بەرپرسیارێتی بەدوای یەكدا هاتن(مسؤولية التتابع)ی گواستۆتەوە بۆ پەیوەندییەكانی بیستن و بینین و هەندێك پێیان وایە بەڕێوەبەری بڵاوكردنەوە كەبەرپرسیارێتی بەدوای یەكدا هاتنی لە ئەستۆیە لە بواری ئینتەرنێتدا بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری دەگرێتەوە لەو تاوانانەی دەكرێن لە تۆمەت هەڵبەستن و جنێو و ناوزڕاندن وهاندانی توندوتیژی و پەخشكردنی وێنەی پێچەوانەی ئاداب و سیستەمی گشتی لەرێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، كەبەپێی بنەما گشتییەكانی یاسای فەرەنسی بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری بە بكەری سەرەكی ئەژمار دەكرێت لەو زانییاریانەی پەخش دەكرێن و تاوان دروست دەكەن ئەگەر ئاگاداری ناوەڕۆكەكانیان بێت و لە توانایدا بێت بڵاویان نەكاتەوە، بەپێچەوانەی ئەوەشەوە ئەگەر ئەوزانیاریانەی پەخش دەكرێن لە توانایدا نەبێت زانیاری هەبێت لەسەریان هەبێت یان لەتوانایدا نەبێت بیان وەستێنێت ئەوا بەرپرسیارێتی سزایی لەسەر نابێت[٦٠] .

**٣- بەرپرسیارێتی سزایی خاوەنی پێگەی ئەلیكترۆنی :**

---

٥٨نعیمی توفیق- المسؤولیە الجزائیة عن جرائم الصحافة الاكترونیة- بڵاوكراوەتەوە لە ماڵپەری ئەلیكترۆنی studies.aljazeera.net/ar/mediastudi.ل٦٣- دواترـدوا سەردان ٢٠٢٢/٨/٧

٥٩د. خالد رمضان عبدالعال سلطان - *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل٤٠٥

٦٠د. خالد خضیر دحام - *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل١٠٦

ئایا بەرپرسیارێتی سزایی خاوەن پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەك خاوەنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی مێتا و ئینستیگرام و تویتەر .. چییە کە ڕێگە دەدەن پەیج و هەژماری ئەلیکترۆنی لەسەر ئەو تۆڕانە بکەنەوە پاشان نوسین و وێنەو ئاماژە و دەنگ و ڤیدیۆی تیادا بڵاو بکەنەوە، لە برگەی (٨)ی مادەی (٤٣) لە یاسای پەیوەندییەکانی بیستن و بینینی ساڵی ١٩٨٦ی فەرەنسی کە بە یاسای ژمارە (٢٠٠٠- ٧١٩) لە ساڵی ٢٠٠٠ هەموار کراوە هاتووە ( کەسە واتاییەکان یان سروشتییەکان کەبەرامبەر یان بێ بەرامبەر هەڵگرتنی زانیاری بەڕاستەوخۆو هەمیشەیی دەکەن کەلەژێر ڕەفتاری کەسەکان بێت لە ئاماژەو نوسین و وێنەو دەنگ و نامە یان هەر سروستێکی هەبێت کە بتوانرێت بڵاو بکرێنەوە بەهۆی ئەو خزمەتگوزارییەوە ، لە ڕووی سزایی و مەدەنییەوە بەرپرسیار نابێت تەنها ئەگەر لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە هۆشداری پێدرا بەڵام ڕێکاری پێویستی نەگرتەبەر بۆ ڕیگرتن لە بڵاوکرندنەوەی هەرشتێك کە تاوان دروست بکات ).

کەواتە دوو مەرج پێویستە بۆئەوەی کەسە سروشتی و واتاییەکان بەرپرسیاریەتیان بکەوێتە سەر لەوانەی کە خاوەنی پێگەی ئەلیکترۆنی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن کە ئەمانەن:

١- **هۆشداری پێدان لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە :**
مەرجە کە تاوانلێکراو داواکارییەك پێشکەش بە دادگا بکات بە دەرکردنی بریارێك بەداخستنی ئەو پێگەیەی ئەو تاوانەی لەخۆگرتووە کەلەدژی کراوە کە دەتوانرێت بریاری دادوەری دەربکرێت بەبێ ئەوەی دەستبکرێت بە ڕێکارەکانی داوا سزاییەکە ، واتە تەنها بە پێشکەشکردنی سکاڵا لەلایەن تاوالێکراوەوە ، دەکرێت ئەو بریارە لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادگای کاروباری بەپەلە یان دادگای بابەتەوە کە دوا سزاییەکە دەبینێت دەربکرێت و دواتریش دادگا دەتوانێت چاوپۆشی لەو بریارەی بکات ئەگەربەپێویستی نەزانی .

٢- **نەکردنی ڕێکاری پێویست بۆ ڕێگرتن لە چوونە ناوەوەی کەسانی تر بۆناو پێگەکە :**
یاسادانەری فەرەنسی پێویستی کردووە بۆ لێپرسینەوە لە خاوەنی پێگە ئەلیکترۆنیەکە کە تاوانەکەی لەخۆگرتووە ، ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر بۆ ڕێگرتن لە بەردەوامی بینینی خەڵك لەو تاوانەی لەسەر پێگەکە دانراوە ، یاسای فەرەنسی کاتێکی دیاری نەکردووە کە خاوەنی پێگەکە ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر بۆ سرینەوە ناوەڕۆکی تاوانەکە یان ڕێگرتن لە بینینی لەلایەن بەکارهێنەرانەوە، لەبەرئەوە دادوەر پەنا دەبات بۆ سەپاندنی غەرامەی هەڕەشەئامێز لە حاڵەتی دواکەوتنی خاوەن پێگەکە لەگرتنەبەری ڕێکاری پێویست [٦١].

٤- **بەرپرسیارێتی سزایی پێدەری زانیاری :**
کەسی سروشتی یان واتایین کەکاری بەستنەوەی بەکاهێنەرانی ئینتەرنێتە بە تۆڕی ئینتەرنێتەوەبەپێی گرێبەستێکی بەشداری کردن کەبەپێی رای هەندێك لە پسپۆرانی یاسا لەبەرئەوەی کە ڕۆڵی هونەرییە بەرپرسیارێتی سزایی ناکەوێتە سەر لەو تاوانانەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەکرێن و ناتوانێن ئەو زانیارییانە بووەستێنێت کە نادروستن،

---

٦١د. خالد خضير دحام - *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل١٠٦و١٠٧

بەڵام ئەگەر پێشنیاری بابەتێك یان زانیارییەکی کردئەوا ڕۆڵی دەگۆڕێت بۆ سەرچاوەی زانیاری یان بەرهەمهێنەری زانیاری (منتج المعلومات ) بەوەش لەڕووی سزاییەوە بەرپرسیاری دەکەوێتە ئەستۆ [٦٢] .

**٥- بەرپرسارێتی سزایی بەکارهێنەری ئینتەرنێت :**

بەکارهێنەر ئەو کەسەیە کە دەچێتە ناو تۆڕی ئینتەرنێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری یان بڵاوکردنەوەی یان پەخشکردنی دەنگ و وێنەو گرتەی ڤیدیۆیی بۆخەڵك،کەبەرسیارە لەناوەرۆکی ئەو شتەی بڵاوی دەکاتەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەروەها بەرپرسیارێتی سزایی دەکەوێتە ئەستۆ ئەگەر ئەوەی بڵاوی کردۆتەوە تاوان لەخۆ بگرێت [٦٣] .

**٣- سیستەمی یاسایی بەرپرسیارێتی لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا :**

لە فەرەنسا مشتومڕێکی یاسایی دروست بوو کە ئایا تا چەند بەرپرسیارێتی بنەما تایبەتەکانی سزایی ڕاگەیاندنی تەقلیدی دەتوانرێت بچەسپێنرێت بەسەر سروشتی تاوانەکانی سۆشیال میدیا و بەرپرسیارێتی سزایی ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کاردەکەن .

لەو ڕووەوە یاساناسانی بواری سزایی بوون بە دوو بۆچوونەوە ، بۆچوونی یەکەم پێیان وایە کە ناتوانرێت بنەما تایبەتەکانی بەرپرسیارێتی سزایی ڕاگەیاندنی تەقلیدی بەسەر ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بچەسپێترێت ، چونکە لە ڕاگەیاندنی ئاسایی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ئازادییە ، بەڵام ئینتەرنێت نامە ناردنە کە تایبەتەو نهێنییە ناچێتە ژێر ئەو بەرپرسیاریەتییەوە ، بەڵام دواتر حوکمە دادوەییەکان بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە سەقامگیری کرد کە پەیوەندییە بیستراو و بینراوەکان نامەناردنی تایبەت نین .

بۆچوونی دووەم پشگیری لەوە دەکات کە دەتوانرێت بنەما تایبەتەکانی ڕاگەیاندنی ئاسایی پەیڕەو بکرێن، کە دەبێت ئەو کەسانەی تاوانەکانی ئینتەرنێت ئەنجام دەدەن بەرپرسیارێتی سزاییان بکەوێتە ئەستۆ ، بە تایبەتی لەکاتێکدا ئەو کەسانەی ئەو تاوانانە دەکەن توانای تەکنۆلۆجیان لە بەردەستە کە بتوانن تاوانە ئاساییەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجام بدەن ، کە ئەمەش پێویست دەکات کە لایەنێك هەبێت بەرپرسیارێتی پاراستنی کۆمەڵگا لە ئەستۆ بگرێت لە زیانەکانی تاوانەکانی ئینتەرنێت [٦٤] .

---

٦٢هبة خيرالله – *هەمان سەرچاوەی پێشوو*

٦٣د. خالد رمضان عبدالعال سلطان *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل٤٠٥

٦٤د. خالد خضير دحام *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل ١٠٥

## باسی سێیەم
## تاوانەكانی بڵاوكردنەوەو ڕاگەیاندن لە یاسا بەركارەكانی هەرێمی كوردستان

لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دروست بوونی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان واقیعێكی نوێ لە هەرێمی كوردستان دروست بوو بە تایبەتی كرانەوەی هەرێمی كوردستان بەڕووی دنیای دەرەو دەركەوتنی چەندین ڕۆژنامەو ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی حیزبی و ناحكومی دواتریش هاتنە ئارای ئینتەرنێت و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ئەلیكترۆنی و سۆشیال میدیا كە وای كردووە لەكەمترین كاتدا زۆرترین زانیاری و هەواڵ بگەنە زۆرترین خەڵك لەهەمان كاتدا بووەتە هۆی ئەوەی كە تاوانەكانی ڕاگەیاندنیش زۆر زیاتر بكەن ، كە زەرورەتی ئەوە هاتە پێشەوە یاسای نوێ بێنە ئاراوە تاوەكو بتوانێت چاپەمەنی و بڵاوكراوەو ڕاگەیاندنەكان ڕێك بخات و لە هەمان كاتدا چارەسەری تاوانەكانی بڵاوكردنەوەو ڕاگەیاندن بكات، بۆیە لەو رووەوە لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە چەند یاسایەك دەرچووە بۆ ڕێكخستنی چاپەمەنی و كاری ڕۆژنامەگەری و ریكخستنی ئامێرەكانی پەیوەندی سەرەڕای ئەوانەش لەهەندێك باردا هێشتا پێویستی بۆ یاسای سزادان لەو بارانەوە ماوەو كاری پێ دەكرێت بۆیە لەم باسەدا لە پێنج بابەتدا ئاماژە بەو یاسایانە دەكەین كە لە ئێستادا لەهەرێمی كوردستان بەركارن .

### بابەتی یەكەم
### یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩

یاسادانەری یاسای سزادانی عێراقی دەروازەیەكی سەربەخۆی دانەناوە بۆ ئەو تاوانانەی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە ئەنجام دەدرێن بەڵكو میتۆدی تری گرتوتەبەر كە جیاوازە لە یاسای فەرەنسی و میسری بەوەی كە پێناسەی ئاشكرایی كردووەو هۆكارەكانی دەربرین لە ڕا و بیرو باوەڕی دیاری كردووە هەروەها ڕێگەكانی دروست بوونی ئاشكرایی لە مادەی (١٩ برگەی ٣) دیاری كردووە و خۆی بەدوور گرتووە لەوەی تاوانەكانی ڕۆژنامەگەری یان ڕاگەیاندن بەكاربهێنێت بەڵكو زاراوەی تری بەكارهێناوە وەك (هەركەسێك بەئاشكرایی یان بەیەكێك لە ڕێگەكانی ئاشكرایی كارێك بكات ) ، هەروەها لەچەند بابەتێكی جیاوازدا لەهەردوو پەرتوكی دووەم و سێیەمدا ئاماژەی بەو تاوانانە كردووە كە ئاشكرایی پایەیەكی سەرەكین تیایاندا و هەندێكیان گەورە كەتن (جنایة) دروست دەكەن وەك بڵاوكردنەوەی نهێنییە سەربازییەكان كەلە مادە(١٧٨)دا هاتووە هەروەها سوكایەتی كردن بە میلەتی عەرەب و گەلی عێراقی بە شێوەی ئاشكرا كە مادە (٢٠٢) هاتووە یان سوكایەتی كردن بە دامەزراوە دەوڵەتییەكان كەلە مادەی (٢٢٦) هاتووە (كە ئەو مادانە لە ئێستادا لە هەرێمی كوردستان لەكارخراون بەپێی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٣ كەلەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە دەرچووە)، ئەوی تر كە زۆرینەی دەگرێتەوە تاوانی كەتن دروست دەكەن هەروەك لە پەرتوكی یەكەم مادەی (٢١٣) هاتووە (سزا دەدرێت بە بەندكردن یان غەرامە هەركەسێك بەیەكێك لە ڕێگەكانی ئاشكرای هانی پابەند نەبوون بكات بە یاساكانەوە) كە ئەم مادەیەش لەهەرێمی كوردستان بەپێی هەمان یاسای ئاماژە بۆكراو لە كار خراوە ، هەروەها لە مادەكانی (٢٣٥) (٢٣٦) هاتوون كە نابێت هەواڵ و زانیاری لەبارەی چەند بابەتێك كە پەیوەندی بە دادپەروەری رەوشی كەیسی دادگاكانەوە هەیە بڵاو بكرێنەوە ، لە پەرتوكی دووەمیش ئاماژە بەچەند تاوانێك كراوە كە زیان

بەبەرژەوەندی تایبەتی تاکەکان دەگەیەنن وەك تاوانەکانی تۆمەت هەڵبەستن و جنێودان و بە ئاشکرا هەروەك لەمادەکانی (٤٣٣)و (٤٣٤) هاتوون [٦٥].

## بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی بڵاوکردنەوە :

بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی بڵاوکردنەوە جیاوازە بەپێی ئەوەی بڵاوکردنەوەکە لەرۆژنامەیەکدا روودات یان لە چاپکراوێك یان هەر هۆکارێکی تر بێجگە لە رۆژنامە .

### یەکەم- بەرپرسیارێتی سزایی لە رۆژنامەدا :

بەرپرسیارێتی سزایی لە تاوانەکانی رۆژنامەگەریدا بەرپرسیارییەتیکی بنەڕەتی (اصلية)ە بۆ دانەری نوسین یان نیگارکێش هەروەها بۆ سەرنوسەر و نوسەری بەرپرس لەو بەشەی کە بڵاوکردنەوەی تیادا کراوە لە مادەی (٨١) لەیاسای سزادان هاتووە (بەبێ پێشێلکردنی بەرپرسیارێتی سزایی سەبارەت بە دانەری کتێب یان نیگارکێش و هەر ڕێگایەکی تری دەربڕین سەنوسەری رۆژنامە وەك بکەری تاوان سزا دەدرێت بۆ ئەو تاوانانەی لەڕێگەی رۆژنامەکەیەوە ئەنجام دەدرێت ، خۆ ئەگەر سەرنوسەری نەبوو ئەوا نوسەری بەرپرس سزا دەدرێت لەو بەشەی رۆژنامەکە تیایدا بڵاوکراوتەوە)،بەپێی مادەکە بۆ ئەوەی سەرنوسەرو نوسەری بەرپرس لەو بەشەی کە بڵاوکردنەوەی تیادا کراوە بەرپرسیاری سزاییان بکەوێتە سەر سێ مەرج پێویستە کە ئەمانەن :

**أ- تاوانێکی بڵاوکردنەوە لەرێگەی رۆژنامەوە روویدا بێت :**
رۆژنامە هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد بڵاوکراوەیەکی خولییە کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو (منتظم) بڵاو دەکرێتەوەو جیاوازی نییە رۆژانە یان هەفتانە یان مانگانە بێت، هەروەها مەرج نییە کە تاوانەکە ڕوودات بە نوسینی وتارێك یان لەچوارچێوەی بابەتێك بێت کەلە رۆژتامەکەدا بڵاو کرابێتەوە ، بەڵکو دەکرێت بە بڵاوکردنەوەی وێنە یان نیگار یان ئاماژە یان رێگەیەکی تری دەربڕین بێت کە تاوان لەخۆبگرن .
بەڵام ئەگەر بڵاوکردنەوەکە لە رۆژنامەدا رووی نەدا بەڵکو لە کتێبێك یان بڵاوکراوەیەکی تر بێجگە لەرۆژنامە یان لەهەر چاپکروێکی تر روویدا ئەوا مەرجێك لە مەرجەکانی مادەکە نایەتەدی و بەرپرسیارییەتیەکی تری دەکەوێتە ئەستۆ کە جیاوازە لە بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەدا [٦٦].

**ب- بڵاوکردنەوەکە تاوان لە خۆ بگرێت :**
مەرج نییە هەر بابەتێك یان هەواڵێك یان وێنەیەك یان نیگارێك کەلە رۆژنامە بڵاو دەکرێتەوە بەرپرسیارێتی سزایی بکەوێتە سەر سەرنوسەر یان نوسەری بەرپرس بەڵکو پێویستە هەریەك لەوانە تاوانێك لەخۆبگرێت دژبە بەرژەوەندی گشتی یان دژ بەمافێك لەمافەکانی تاکەکان .
مەرج نییە بۆئەوەی کەبەرسیارێتی سزایی دروست ببێت بۆیەکەم جار ئەو بڵاوکردنەوەیە لەو رۆژنامەیەدا روویدابێت بەڵکو ئەگەر وەرگیرابێت یان تەنها وەرگێرانێك بێت لەکتێبێك یان بڵاوکراوەیەکی تر لە دەرەوەی عێراق یان ناوەوەی عێراق ئەوا بەرسیارێتی سزایی لەسەر سەرنوسەر یان نوسەری بەرپرس دروست دەبێت .

---

٦٥ د. خالد خضير دحام - هەمان سەرچاوەی پێشوو – ل ٩٦

٦٦ پارێزەر محسن ناجی – هەمان سەرچاوەی پیشوو – ل ٣٧٣

**ج- بەرپرسی ڕۆژنامەكە پێویستە سەرنوسەر یان نوسەری بەرپرس بێت :**
ئەگەر ڕۆژنامە سەرنوسەریان بەڕێوەبەری نوسینی هەبوو ئەوا بەرپرسیار دەبن لە بڵاوكردنەوەی هەر هەواڵ و بابەت و وێنەو نیگاركێك لە ڕۆژنامەكەدا ،یاسای سزادانی عێراقی سیستەمی بەدوای یەكدا هاتن (التتابع)ی وەرگرتووە كە ئەگەر ڕۆژنامەكە سەرنوسەر یان بەڕێوەبەری نوسینی هەبێت ئەوا وەك بكەری سەرەكی تاوان بەرپرسیارێتی سزایی دەكەوێتە سەر ئەوانی تر لە نوسەری بەرپرس لەبەشێك لە ڕۆژنامە و نوسەرەكان و سەرچاوەكانی هەواڵ بەرپرسیار نابن و ، ئەگەر سەرنوسەر یان بەڕێوەبەری نوسینیش نەبێت ئەوا نوسەری بەرپرس لەو بەشەی كە تاوانی بڵاوكردنەوەكەی تیایدا ڕوویداوە ئەوا وەك بكەری سەرەكی تاوان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێت ، بەڵام هەریەكێك لەوانە بەپێی بەشی كۆتایی مادەی (٨١) لە یاسای سزادان ڕزگاریان دەبێت لە سزا ئەگەر بیسەلمێنن كە بەبێ ئاگاداری ئەوان بڵاوكراوەتەوە ، هەروەها بەپێی هەمان مادە دانەری كتێب یان نیگاركێش و هەر ڕێگایەكی تری دەربڕین وەك بكەری تاوان سزا دەدرێن لەگەڵ سەرنوسەر یان بەرپرسی بڵاوكردنەوە بۆ ئەو تاوانانەی لەڕێگەی ڕۆژنامەكەیەوە ئەنجام دەدرێت، واتە لێپرسینەوە لەگەڵ سەرنوسەر نابێتە هۆی ئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوانەدا نەكرێت .

## دووەم- بەرپرسیارێتی لە بڵاوكراوەی تردا :
دەكرێت تاوانی بڵاوكردنەوە لە چاپكراوی تر بێجگە لە ڕۆژنامە ڕووبدات بۆ نموونە لە كتێب یان ناميلكە یان وێنە یان نیگار یان هەر ڕێگەیەكی تری دەربڕین ، جا بڵاوكردنەوەكە ڕاستەخۆ لە عێراق كرابێت یان لەدەرەوەی عێراق كرابێت و دواتر هێنرا بێت بۆ عێراق، چاپكاربەرپرسیار دەبێت لەو كتێب یان ئەو بڵاوكراوەیەی چاپی دەكات ، هاوردەكار بەرپرسیار دەبێت لەو كتێب یان بڵاوكراوەیەی كە لە دەرەوەی عێراق چاپ و بڵاوكرابێتەوە دواتر هێنرابێت بۆ عێراق، بەڵام ئەگەر شوناسی چاپكار یان هاوردەكار نەزانراو بوون ئەوا فرۆشیارو دابەشكارو ئەو كەسەی هەڵی دەواسێت بەرپرسیار دەبن ، بەمەرجێك هەریەك لە هاوردەكار و فرۆشیارو دابەشكارو ئەو كەسەی هەڵی دەواسێت ئاگاداری ناوەرۆكی بڵاوكراوەكە بن .

**تاوانەكانی بڵاوكردنەوەی كەیسی دادگاكان و دروستكردنی كاریگەری لەسەر ڕەوشی دادپەروەری:**

یاسادانەری یاسای سزادانی عێراقی دەروازەیەكی تایبەتی داناوە بەتاوانەكانی پێشێلكردنی ڕەوشی دادپەروەری لەناویشیاندا هەندێك كرداركەلەرێگەی ڕاگەیاندن و بەئاشكرایی ئەنجامبدرێن قەدەغەكردووەو سزای بەندكردن یان غەرامەی بۆداناون بەپێی هەردوو مادەی ٢٣٥و٢٣٦ و كەئەمانەی خوارەوەن :

١-بەیەكێك لە ڕێگە ئاشكراكان شتێك بڵاوبكرێتەوە كەئەگەری هەیە كاریگەری هەبێت لەسەر ئەو دادوەرانەی داواكە دەبینن و یەكلایی دەكەنەوە یان كەسانی تری دادگا لە فەرمانبەرانی لێكۆڵینەوەو شارەزایان و ناوبژیوانان و شایەتەكان لەو داوایانەدا، یان كارو بارێك ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەو كەسانەدا كە ڕاستییەكان بخەنەڕوو.
٢-بڵاوكردنەوەی هەواڵێك لەبارەی دادگایی كردنێكەوە كە یاسا بڕیاری دابێت ئەو دادگایی كردنە نهێنی بێت بۆ نموونە لە كەیسەكانی بەرنگابوونەوەی توندو تیژی خێزانی یاسا بڕیاریداوە كە بەنهێنی ببینرێن ، یان دادگا قەدەغەی كردبێت بڵاوبكرێتەوە یان هەواڵێك لە بارەی لێكۆڵینەوەیەك لە تاوانێك یان بەڵگەنامەیەك لە بەڵگەنامەكانی ئەو لێكۆڵینەوەیە ئەگەر دەسەڵاتەكانی لێكۆڵینەوە قەدەغەی كردبێت شتی لەبارەوە بڵاوبكرێنەوە .
٣-بڵاوكردنەوەی هەواڵ لەبارەی لێكۆڵینەوەكان یان ڕێكارەكان لەداوای ڕەچەڵەك یان هاوسەرگیری یان تەڵاق یان كۆچكردن هجر) یان جیا بوونەوە یان زینا .
٤-بڵاوكردنەوەی گفتوگۆو تاوتوێكانی نێوان نێوان دادوەرانی دەستەیەكی دادگا (مداولات المحاكم) .
٥-بڵاوكردنەوەی ئەوەی ڕوویداوە لە دانیشتنە ئاشكراكانی دادگادا بە ناپاكی و بەمەبەستی خراپ .

٦-بڵاوكردنەوەی ناو و وێنەی تاوانلێكراوان لە تاوانەكانی لاقەكردن (اغتصاب) و دەستدرێژی كردنە سەر ناموس ، هەروەها ناو و وێنەی تۆمەتباری نەوجەوان .
٧-بڵاوكردنەوەی ئەوەی ڕوویداوە لە دانیشتنی داوا شارستانی یان سزاییەكان كە دادگا بڕیاری داوە بە نهێنی بەڕێوەبچێت ،یان ڕێكارەكانی پەیوەندیداربەلێكۆڵینەوە لە تاوانەكانی تۆمەت هەڵبەستن و جنێودان و ئاشكراكردنی نهێنی بەڵام تەنها بڵاوكردنەوەی حوكم سزای لەسەر نییە ئەگەر بەڕێپێدانی دادگای تایبەتمەندبوو .

## تاوانەكانی تۆمەت هەڵبەستن (القذف) و جنێودان (السب)ی ئاشكرایی :

یاسای سزادانی عێراقی لە مادەكانی ٤٣٣ و ٤٣٤ ئاماژەی بە تاوانەكانی تۆمەت هەڵبەستن و جنێودانی ئاشكرایی كردووە كە لە تاوانەكانی مافی تایبەتن و پێویستە كەسی تاوانلێكراو خۆی سكاڵاكار تۆمار بكات لە ماوەی سێ مانگدا بەپێچەوانەوە دواتر سكاڵاكەی لێ وەرناگیرێت هەروەها ئەگەر لەگەڵ تۆمەتبار ڕێكەوتن(صلح) و سازش(تنازل)ی كرد لە سكاڵاكەی ئەوا دادگا سكاڵاكەی ڕەت دەكاتەوە ئەگەر تاوانەكە جێودان بێت هەروەها دەتوانێت قبوڵی ڕێكەوتنەكە بكات ئەگەر تاوانەكە تۆمەت هەڵبەستن بێت لەهەردوو بارەكەشدا كێشەكە دادەخات ئەوانەش كە ئاماژەمان پێدا بەمەرجێك تاوانلێكراو فەرمانبەر یان ڕاسپێردراو نەبێت بەخزمەتگوزاری گشتی بەڵام ئەگەر یەكێك بێت لەوانە ئەوا مافی گشتیان تێدایەو ئەو بنەمایانەیان بەسەردا ناچەسپێت و بەڕێكەوتنیش كێشەكە داناخرێت[٦٧] .

**بڕیاری دادگا**

**١- ژمارەی داوا : ٢٢٦/ت/٢٠١٤**[٦٨]
**ڕێكەوت : ٢٠١٤/٤/١٠**

تێبینیكراكە بڕیاری هەواڵە ناڕاستەو پێچەوانەی یاسایە لەبەرئەوەی تاوانەكە لە ئەگەری سەلماندنی تۆمەت هەڵبەستنەكە مادەی (٣) لە یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەكانی بەسەردا دەچەسپێت و ، لەبەرئەوەی كەسكاڵاكار سكاڵای لەدژی تۆمەتبار نەجوڵاندووە دروست نییە ڕێكاری لێكۆڵینەوە لەدژی تۆمەتبار بگیرێتەبەر ....

**٢-ژمارەی داوا : ٣٥٧/ج/٢٠١٤**[٦٩]
**ڕێكەوت : ٢٠١٤/٥/٢٦**
تێبینیكرا كە تانەی پێداچونەوە لە ماوەی یاسایی پێشكەشكراوە بۆیە بڕیاردرا بە قبوڵكردنی لە ڕووی شێوەوە ، پاش سەرنجدان لەبڕیارە تانەلێدراوەكە دەركەوت كە ڕاستەو گونجاوە لەگەڵ یاسادا ، لەبەرئەوەی تاوانی

---

٦٧بڕوانەمادەكانی (٣)و (١٩٤)و (١٩٥)و(١٩٧) لە یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەكان

٦٨ (بڵاونەكراوە )- بڕیاری دادگای تاوانەكانی سلێمانی /١

٦٩ (بڵاونەكراوە )- بڕیاری دادگای تاوانەكانی سلێمانی /١

ئەنجامدراو تۆمەت خستنەپاڵ (قذف)ە دژی ڕاسپێردراو بە خزمەتگوزاری گشتی و بەتاوانی مافی تایبەت دانانرێت...

**تاوانی تۆمەت هەڵبەستن :**

یاسادانەر لە مادەی ٤٣٣ لە یاسای سزادان پێناسەی تۆمەت هەڵبەستنی كردووە بەوەی (ڕووداوێكی دیاریكراو بخرێتە پاڵ كەسێك بەیەكێك لە ڕێگاكانی ئاشكرایی ،كە ئەگەر ڕووداوەكە ڕاست بێت دەبێتە هۆی ئەو كەسە سزا بدرێت یان لەلایەن هاونیشتمانیانی خۆیەوە ڕقیان لێ ببێتەوە .

**پایەكانی تاوانی تۆمەت هەڵبەستنی ئاشكرایی**
پایەكانی تاوانی تۆمەت هەڵبەستنی ئاشكرایی دێتەدی ئەگەر پایەكانی مادی و ئاشكرایی و واتایی لەخۆ بگرێت. پایەی مادی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كە رووداوێك بخرێتە پاڵ كەسێك بۆ نموونە تۆمەت پاڵدەر بڵێت كە تۆمەت خراوە پاڵ بەرتیلی وەرگرتووە یان ساختەكارییەكی كردووەو ، ئەو تۆمەت خستنەپاڵەش بەیەكێك لەڕێگاكانی بڵاوكردنەوە بڵاو بكرێتەوە كەئەوەش پایەی ئاشكراییە و ، پایەی سێیەمیش ئەوەیە كە كەسی تاوانبار ویستی هەبێت و ئاگادار بێت بەوەی كە ئەو ڕووداوە دەخاتە پاڵ تۆمەت خراوەپاڵ كەئەوەش پایەی واتایی تاوانەكەیە ، ئەمە بێجگە لە پایەی شەرعی كە خۆی لە بەتاوانكردنی كردارەكەو سزاكەیدا هەیە كەلە مادەكەدا خۆی دەبینێتەوە.

**سزای تاوانی تۆمەت هەڵبەستن :**
بەپێی مادەی (٤٣٣) لە یاسای سزادان تاوانی تۆمەت هەڵبەستن تاوانێكی كەتنە و سزاكەی بەندكردن و غەرامە یان بەیەكێك لەو دووسزایە ، كە ئەگەر ئەو كەسەی تۆمەتەكەی خراوەتە پاڵ فەرمانبەر یا ڕاسپێردراو بوو بەخزمەتگوزاری گشتی (مكلف بخدمة عامة) ،كەسی تۆمەتپاڵدەریش ئەو ڕووداوەی سەلماند كە خستویەتییە پاڵی ئەوا تاوان نامێنێت و تۆمەت پاڵدەر بێ تاوان دەبێت ( واتە یاسای سزادانی عێراقی میتۆدی نییەت پاكی وەرگرتووە هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێكردووە ) ، بەڵام ئەگەر كەسی تۆمەت پاڵدراو فەرمانبەر یان ڕاسپێردراو نەبوو بە خزمەتگوزاری گشتی ، ئەوا كەسی تۆمەت پاڵدەر لەهەموو بارێكدا سزا دەدرێت ئەگەر بیشی سەلمێنێت ئەو تۆمەتەی خستویەتییە پاڵ تۆمەتخراوەپاڵ ڕاستە [٧٠].

**تاوانی جنێودان (السب) ی ئاشكرایی :**

جنێودان بریتییە لە (لەكەداركردنی ناموس و پێگەی كەسێك یان بریندارکردنی هەستی ئەگەر ڕووداوێكی دیاریكراویشی نەداتەپاڵ [٧١]) كە دەكرێت بە ئاشكرایی بێت یان ئاشكرایی نەبێت و ئەگەر بە ئاشكرا بێت ئەوا دەبێتە دۆخێكی توند بۆ تاوانەكە .

٧٠جاسم محمد هادى المالكى – جريمة التشهير (القذف ) فى القانون العراقى – توێژینەوەیەكە لە ماڵپەری (مركز النهرين للدراسات الاستراتيجية ) بڵاوكراوەتەوە www.alnahrain.iq--دوا سەردان ٢٠٢٢/٨/٧

٧١ بڕوانەمادەی ٤٣٤ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩

**پایەکانی تاوانی جنێودان**

لە پێناسەکەوە دەردەکەوێت بەهەمان شێوەی تۆمەت خستنەپاڵ جنێودانی ئاشکراییش سێ پایەی هەیە :
پایەی مادی بەپێوتنی تاوانلێکراوە بە قسەیەك یان دەستەواژەیەك کە ناموس و پێگەی لەکەدار بکات یان هەستی بریندار بکات کەئەمەش هەندێك جار لەهەندێك دەستەواژەدا لەگەڵ تاوانی تۆمەت هەڵبەستن تێکەڵی دروست دەبێت بۆنموونە تاوانبار بە تاوانلێکراو بڵێت (بێ ڕەوشت ) ئایا لێرەدا تەنها وەك جنێوێك ئەو دەستەواژەیەی وتووە یان وەك تۆمەت هەڵبەستنێك کە هەڵسەنگاندنی ئەو لایەنەش لە دەسەڵاتی دادگادایە بەپێی دۆخی ڕووداوەکە دیاری بکات ، دووەم پایەی ئاشکرایی کە پێویستە بۆ بەدیهاتنی تاوانەکە جنێودانەکە بەیەکێك لە ڕێگەکانی ئاشکرایی کرا بێت کەلە مادەی (١٩) لە یاسای سزادان ئاماژەی بۆکراوە ، سێیەمیش پایەی واتاییە کەبەو پێیەی جنێودان بە ئاشکرایی تاوانێکی ئەنقەستە بۆیە پێویستە بکەرەکەی مەبەستی تاوانکاری هەبێت [٧٢]، ئەمە بێجگە لە پایەی شەرعی کە خۆی لە بەتاوانکردنی کردارەکەو سزاکەیدا هەیە کەلە مادەکەدا خۆی دەبینێتەوە .

**سزای تاوانی جنێودان :**
هەرکەسێك جنێو بەکەسێکی تر بدات سزا دەدرێت بەبەندکردن بۆ ماوەیە لە ساڵێك زیاتر نەبێت و بەغەرامەیەك کە زیاتر نەبێت لە (٢٢٥٠٠٠) دووسەدو بیست و پێنج هەزار دینار یان بەیەکێك لەو سزایە و ئەگەر جنێودانەکە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە کرابێت لە ڕۆژنامە یان چاپکراوەکان یان بەیەکێك لە ڕێگاکانی ئاشکرایی ئەوا بەبارودۆخی توندکردنی سزا دادەنرێت[٧٣] .

## بابەتی دووەم
## یاسای چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣

یاسای چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ یەکەم یاسایە کەلەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووەو تایبەتە بە چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە،کە مەبەستی یاسادانەر لەدەرکردنی ئەو یاسایە ئەوەبووە بوارێکی زیاتر برەخسێنێت بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەو لەگەڵ واقیعی نوێی هەرێمی کوردستان بگونجێت و کۆتایی بەو کۆسپ و ئاستەنگانە بهێنێت کەلەیاسای چاپەمەنییەکانی ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨دا هەبوون ، لەو ڕووەوە لەمادەی دووەمی یاساکەدا هاتووە(چاودێری لەهەرێمدا ناخرێتە سەر چاپەمەنی و هەر هاوڵاتییەك سەربەستە لەدەرکردنی هەرچاپەمەنییەك بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە)هەروەها لە مادەی سیازدەیەم هاتووە(هیچ کۆتێك لەسەر هاتنی چاپکراو بۆ ناو هەرێم و بردنی بۆ دەرەوەی نییە) .
یاساکە چاپکراوی خولی (دەوری) و چاپکراوی ناخولی(نادەوری) لە خۆگرتوووەو لە مادەی یەکەم چاپکراوی خولی بەوە پێناسە کردووە کەبریتییە لە(هەرچاپکراوێك بەردەوام بەژمارەی زنجیرەیی و لەکاتێکی دیاریکراودا

---

[٧٢] قیس لطیف کجان التمیمی- هەمان سەرچاوەی پێشوو- ل ٧٧٢ و٧٧٣

[٧٣] بڕوانە مادەی ٤٣٤ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩

دەربچێت وەك ڕۆژنامەوە گۆڤارو بڵاوكراوەو هەرچییەكی لەم بابەتە بێت ) و چاپكراوەی ناخولیشی بەوەپێناسەكردووە كە ( هەر چاپكراوێك بۆ یەكجار دەربچێت یان بەشبەشی دیاریكراو بەبێ گوێدانە چاپكردنەوە وەك مەوسوعەو قاموس وكتێب و نامیلكەو نەخشە و نیگارو هەرچییەكی لەم بابەتە بێت ) .

**بەرپرسیارێتی سزایی كەسەكان لە یاساكەدا :**

لە چاپكراوی خولیدا هەریەك لە خاوەنی ئیمتیاز یان سەرنوسەر و نوسەری وتار بەرپرسیارێتی بنەڕەتییان دەكەوێتە ئەستۆو ، پێشكەشكەریش لە چاپكراوی ناخولیدا بەرپرسیارێتی بنەڕەتی دەكەوێتە ئەستۆ، هەروەها هاوردەكار و ناردەكاریش بەرپرسیاریەتییان دەكەوێتەسەر ئەگەر چاپكراوێك بهێننە ناو هەرێم یان هەناردەی دەرەوەی هەرێمی بكەن و یەكێك لەوتاوانانە لەخۆبگرن كەلەمادەی نۆیەمی یاساكەدا ئاماژەیان بۆكراوە ،بەڵام لە یاساكەدا باسی شێوەی بەرپرسیاریەتیی هەریەكەیانی نەكردووە بەجێی هێشتووە بۆ یاسا بەركارەكانی تر، بەو پێەش بەرپرسیارێتی خاوەن ئیمتیاز لەكاتێكدا دێتەدی كەبەكرداری سەرپەرشتی بڵاوكردنەوەی بابەتەكان بكات و ئاگاداری بێت بەپێچەوانەوە ئەگەر ئاگاداری ناوەڕۆكی بابەتەكان نەبێت و تەنها كۆمەكی مادی بۆ بڵاوكراوە خولیەكە دابین بكات ئەوا بەرپرسیارێتی ناكەوێتە ئەستۆ، بەپێی مادەی دوازدەیەمیش لە یاساكە تاوانباركردن (ئیدانەكردن)ی هەریەك لە خاوەن ئیمتیاز یان سەرنوسەر خودی چاپكراوەكە بۆ نمونە ڕۆژنامە یان گۆڤارەكە ناگرێتەوەو بەردەوام دەبن لە بڵاوكردنەوە ، بەڵام ئەگەر چاپكراوەكە ناخولی بێت وەكو كتێب ئەوا بە تاوانباركردنی پێشكەشكەرەكە چاپكراوەكەش دەستی بەسەردا دەگیرێت و بڵاوكردنەوەی قەدەغە دەكرێت.

**تاوانەكانی بڵاوكردنەوە بەپێی یاساكە:**

هەرچەندە لە مادەی نۆیەم ئاماژەی بەچەند كردارێك كردووە كە قەدەغەن لەوانە هاندانی تاوان و كاری تیرۆریستی و دەستدرێژی بۆ سەر ئایین و مەزهەبەكان و دابونەریت و سیستەمی گشتی و جنێو و تانەلێدان و ناوزڕاندنی كەسەكان بەڵام هیچ سزایەكی بۆ دانەناوە لەكاتی ئەنجامدانیان و بەجێی هێشتووە بۆ یاسا بەركارەكانی تر.

## بابەتی سێیەم
## یاسای ڕۆژنامەگەری لە كوردستان –ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧

یاسای ڕۆژنامەگری لە كوردستان چەند بنەمایەكی لەخۆگرتووە كە گرنگن بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری لەوانە بۆ دەركردنی ڕۆژنامە پێویستی بە مۆڵەت نییەو تەنها ئەوەند بەسە كە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەكەی بەیانی دەركردنی ڕۆژنامەكە لەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەرێم بڵاوبكاتەوە [٧٤]، ئەم بنەمایەش هیچ ڕۆتین و ئاستەنگێكی لەبەردەم دەركردنی ڕۆژنامەوە نەهێشت، هەروەها لەكاتی سوكایەتی یان دەستدرێژی كردن بۆ سەر ڕۆژنامەنوس ئەوا هەمان ئەو سزایە دەیگرێتەوە كە بۆ دەستدرێژی كردنە سەر فەرمانبەرێك لەكاتی یان بەهۆی بەجێهێنانی ئەركەكانی دانراوە و[٧٥]، لەهەردوو مادەی ٢٢٩ و ٢٣٠ لە یاسای سزادانی عێراقی ئاماژەیان بۆكراوە كە تاوانی مافی گشتین و ئەگەر سكاڵاكاریش واز لە سكاڵای بهێنێت و لە تۆمەتبار خۆش بێت ئەوا مافی گشتی

---

٧٤ بڕوانە مادەی سێیەم –برگەی یەكەم لەیاسای ڕۆژنامەگەری لەكوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧

٧٥بڕوانە مادەی حەوتەم – بڕگەی پێنجەم لەیاسای ڕۆژنامەگەری لەكوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧

تێدا دەمێنێت،هەروەها یاساکە سزای بەندکردنی وەك سزایەکی بنەڕەتی تێدا نییە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکانی بڵاوکردنەوەو تەنها سزای غەرامەی لەخۆگرتووە [٧٦]، هەروەها هیچ حاڵەتێکدا رۆژنامە قەدەغە ناکرێت و دەستی بەسەردا ناگیرێت .[٧٧] بنەمایەکی تر لە بنەماکان ئەوەیە لەکاتی گرتنەبەری رێکاری یاسایی بەرامبەر بەرۆژنامەنوس کەبەکارێك تۆمەتبار دەکرێت پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەیە ، پێویستە سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستانی لێ ئاگاداربکرێتەوە [٧٨].

**بڕیاری دادگا**
**ژمارەی داوا : ٤٦٢/پ/٢٠١٥**[٧٩]
**رێکەوت : ٢٠١٥/٧/٥**

دەرکەوت بڕیاری هەواڵکردن ناڕاستەو پێشوەختە لەبەرئەوەی ڕەچاوی مادەی (هەشتەم )لە یاسای رۆژنامەگەری نەکراوە بە ئاگادارکردنەوەی سەندیکای رۆژنامەنوسان لە ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی بەرامبەر تۆمەتباران کەرۆژنامەنوسن ، لەبەرئەوە بڕیاردرا بەهەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەو گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوە ..

**پێناسەی رۆژنامەنوس**
لە ڕووی زمانەوانییەوە رۆژنامەنوس واتە هەرکەسێك پەراوەی پیشەی رۆژنامەگەری بکات ، لەرووی زاراوەشەوە یاسادانەری فەرەنسی بەوە پێناسەی کردووە کە (هەرکەسێك پەراوەی پیشەی رۆژنامەگەری بکات بەسیفەتێکی بنەڕەتی و ڕێکخراو لە رۆژنامەیەك یان زیاتر رۆژانە بێت یان خولی (دەوری)یان لە ئاژانسێکی هەواڵ کە داهاتی بنەڕەتی لەو کارەوە دەست بکەوێت )، بەڵام یاسدانەری میسری بەپێی یاسای سەندیکای رۆژنامەنوسان ئاڕاستەیەکی تری وەرگرتووە و رۆژنامەنوسانی کردووە بەچوار پۆلێنەوە رۆژنامەنوسی کارا کە ئەو رۆژنامەنوسەیە بەکردار کاری رۆژنامەگەری دەکات و پیشەگەرە،دووەمیان رۆژنامەنوسی ناکارا ئەو رۆژنامەنوسەیە کە خانەنیشین بووەو، رۆژنامەنوسی(منتسب) کە ئەو رۆژنامەنوسەیە پیشەیەکی تری هەیە وەك مامۆستای زانکۆ و پارێزەر و فەرمانبەرو پزیشك بەڵام لەگەڵ پیشەکەی خۆیدا وتار دەنوسێت یان هەرکارێکی رۆژنامەگەری تر دەکات بەڵام نەیکردۆتە پیشەی سەرەکی خۆی، چوارەمیش ئەو رۆژنامەنوسەیە کەلەژێر ڕاهێناندایە [٨٠].
یاسادانەری هەرێمی کوردستانیش ڕۆژنامەنوسی بەوە پێناسە کردووە کە(هەر کەسێك لە بواری ڕۆژنامەگەریدا لەهەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن کاربکات)[٨١]، ئەو پێناسەیەش جیاوازە لەو پێناسەیەی کەپێشر بۆ رۆژنامەنوسی

٧٦بڕوانە مادەی نۆیەم لەیاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧

٧٧بڕوانە مادەی سێیەم – برگەی سێیەم لەیاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧

٧٨بڕوانە مادەی هەشتەم – برگەی یەکەم لەیاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧

٧٩ (بڵاونەکراوە )- بڕیارێکی پێداچونەوەیە دەرچووە لەدادگای تاوانەکانی سلێمانی/١ بەسیفەتی پێداچونەوە .

٨٠ د.أشرف رمضان عبدالحميد-حرية الصحافة –دراسة تحليلية فى التسريع المصرى والقانون المقارن –چاپی یەکەم قاهرە ٢٠٠٤ –ل٢٠٧

٨١ بڕوانە مادەی یەکەم –برگەی پێنجەم لە یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧

كردووەو دەڵێت (هەركەسێك كاری ڕۆژنامەوانی بكات و،ئینتیمای سەندیكاكەی كردبێ و ئیلتیزامی خۆی بە جێ هێنا بێ )[٨٢] .

**تاوانەكانی بڵاوكردنەوە لە یاساكەدا :**

لەیاساكەدا ئەگەر لەكاتی بڵاوكردنەوەی هەواڵ یان بابەت یان وتار یان ریپۆرتاژ یان نیگار یان وێنە یان هەر كارێكی تری ڕۆژنامەگەری یەكێك لەم كردارانەی لەخۆ گرت بوو ئەوا بە تاوان ئەژمار دەكرێت [٨٣] كە بریتین لە مانەی خوارەوە :

**١- چاندنی تۆوی ڕق و كینەو لێكترازانی پێكهاتەكانی كۆمەڵ :**

دەشێت چاندنی ڕق وكینە لەڕێگەی هاندانەوە بێت كە وا لەخوێنەر یان وەرگر بكات ڕقی لە پێكهاتەیەكی كۆمەڵگا یان نەتەوەیەك یان شارێك یان حیزبێك ببێتەوەو ببێتە هۆی دروست بوونی دووبەرەكی لێلكترازانی كۆمەڵایەتی.

**٢- سوكایەتیكردن بە بیرو باوەڕو پیرۆزییەكان و ڕێو ڕەسمە ئاینییەكان .**

ئایین پەیوەندی نێوان تاك و خوا ڕێكدەخات كە ئەو پەیوەندییەش هەر یەكێك یان گروپێك یان كۆمەڵگایەك بەشێوەیەك بیرو باوەڕی خۆی لەسەر بیاتناوە كە دابەش بووە بە سەر ئاینە جیاوازەكاندا جا ئاسمانی بن یان نائاسمانی كە بەر شێوەیەك بێت پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت و سوكایەتی نە بە ئایینەكە نە بەڕێوڕەسمەكانی نەكرێت و هەست و سۆزی پەیڕەوكارانی بریندار نەكرێن، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە نابێت ڕەخنەیان لێ بگیرێت چونكە ڕەخنەگرتن دەچێتە چوارچێوەی ئازادی ڕادەربڕینەوە سەرەڕای ئەوەش زۆرجار ئایینەكان تێكەڵ دەبن لەگەڵ خورافیات و بۆچوونی هەڵەوە كە ئەگەر ڕەخنەیان لێ نەگیرێت ئەوا زیان بەخودی ئایینەكەش دەگەیەنێت و كۆمەڵگاش لەدواكەوتویی دەهێڵێتەوە .

**٣- هەر بابەتێك پەیوەندی بە نهێنییەكانی ژیانی تایبەتی تاكەوە هەبێت هەرچەندە ڕاستیش بێت بەڵام بڵاوكردنەوەی ببێتە هۆی لەكەدار بوونی :**

دەتوانرێت بوترێت كە ژیانی تایبەت هەموو ئەو كاروبارانەی تاكە لە ئازادی هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی كەسی و خێزانی و هزری و بیرو باوەڕی و گفتوگۆو نامەگۆڕینەوە دوور لە دەستوەردان بەشێوەیەك كە زانیاری لەبارەوە نەزانرێت و بڵاو نەكرێتەوە بە ڕەزامەندی خۆی نەبێت، ئەم مافەش هەندێك جار بەریەك كەوتنی هەیە لە گەڵ ئازادی ڕادەبرین و ئازادی ڕۆژنامەگەری بەهۆی ئەوەی هەواڵ و زانیاری لەبارەی كەسەكان بڵاو دەكرێنەوە كەدەچێتە چوارچێوەی ژیانی تایبەتییانەوە و هیچ پەیوەندی بە ئەركەكانی ئەو تاكەوە نییە بەرامبەر بەكۆمەڵگاو هیچ كاریگەریشی لەسەر بەرژەوەندی گشتی نییە[٨٤] .

---

٨٢ بروانە مادەی (یەكەم برگەی د) لەیاسای سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانی عێراق ژمارە(٤)ی ساڵی(١٩٩٨)

٨٣بروانە مادەی نۆیەم لە یاسای ڕۆژنامەگەری لەكوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧

٨٤د. سامان فوزی عمر – *هەمان سەرچاوەی پێشوو* ل١٤٧ و١٤٨

**٤- جنێودان و توانجی نارەواو ناوزڕاندن :**

یاساكە پێناسەی بۆ جنێودان و تۆمەت هەڵبەستن نەكردووە بەڵام وەك تاوانی بڵاوكردنەوە ئاماژەی بۆ كردوون ئەگەر لە ڕۆژنامەیەك بڵاوبكرێنەوە هەروەها هەردوو تاوانەكەی لەیەك برگە ئاماژەی پێكردووەو سزاكانیشی وەك یەكە لەكاتی ئەنجامدانیان ، بەڵام تۆمەت خستنەپاڵ فەرمانبەر یان ئەوەی خزمەتگوزارییەك پێشكەش دەكات یان سیفەتی نوێنەرایەتی گشتی هەبێت  تاوان نییە ئەگەر هاتوو بڵاوكردنەوەكە لەچوارچێوەی ئەركی فەرمانبەری و خزمەتی گشتی و نوێنەرایەتی دەرنچێت و بەڵگەی سەلمێنەر پێشكەش بكات [٨٥].

**٥- هەر بابەتێك زیان بەرێكاری لێكۆڵینەوەو دادوەری بگەیەنێت :**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرترین هەواڵ لەبارەی تاوان و كێشەكۆمەڵایەتییەكان لە ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەكان بڵاو دەكرێنەوە لەكاتێكدا كە لێكۆڵینەوە لەو تاوان و كێشانە هێشتا لە قۆناغی لێكۆڵینەوە یان دادگایی دان ، كە هەرچەندە بڵاوكردنەوەی هەواڵ لەو بارانەوە جێگەی گرنگی پێدانی هاوڵاتیانن،بەڵام دەبێت بڵاوكردنەوە لەو بابەتانە لە سنووری دیاری كراو بێت و نابێت یەكێك لەو كردانە لەخۆبگرێت كەلە مادەكانی ٢٣٥ و٢٣٦ لە یاسای سزادان قەدەغەیان كردووەو پێشتر ئاماژەمان پێدا  چونكە كاریگەری نەرێنی لەبارەی ڕەوشی لێكۆڵینەوەو دادگایی كردنەكان و مافی تۆمەتبارو لایەنەكان  دروست دەكەن كە جاری وا هەیە  وتە لە شایەت یان لایەنێك بڵاو دەكرێنەوەو سۆزی ڕای گشتی بەرەو لایەنێك ڕادەكێشرێت لەكاتێكدا ڕەوشی لێكۆڵینەوەو بەڵگەكان بەشێوەیەكی ترە ئەمەش لە كۆتاییدا ئەگەر دادگا بڕیارێك دەربكات بە پێچەوانەی ئەوەی كە ڕای گشتی لەسەر گۆشە كراوە دەبێتە جێگەی نارەزایی خەڵك لە دژی بڕیاری دادگاو لاوازكردنی متمانەی خەڵك بەرامبەر دادگا، هەروەها پێشێلی مافی تۆمەتبار دەكات ئەگەر لە كۆتاییدا بێ تاوان دەربچێت ، هەروەها زۆر بڵاوكردنەوەی هەواڵ لەبارەی وردەكاری  تاوانەكانەوە لەوانەیە ببێتە هۆی ئاسایی بوونی تاوان كردن لەلای بەشێك لە هاوڵاتییان  یان هانیان بدات لەسەر تاوان كردن .

**بەرپرسیارێتی سزایی لە یاساكەدا :**

هەر یەك لە ڕۆژنامەنوس و سەرنوسەر بەرپرسیارێتی سزایی هاوبەشیان دەكەوێتە سەر ئەگەر یەكێك لە تاوانەكانی ڕاگەیاندن كەلە یاساكەدا هاتووە ئەنجام بدەن ،بەڵام ئاماژە بە دانەری نوسین یان نیگار یان وێنە نەكراوە ئەگەر لەحاڵەتێكدا بەپێی ئەو پێناسەیەی لە یاساكەدا هاتووە ڕۆژنامەنووس نەبوو ، هەروەها بەپێی یاساكە ڕۆژنامەكە وەك كەسی واتایی لەگەڵ ڕۆژنامەنوس و سەرنوسەر بەرپرسیارێتی سزایی دەكەوێتەسەر [٨٦].

---

٨٥بڕوانە  مادەی هەشتەم –برگەی چوارەم  لە یاسای ڕۆژنامەگەری لەكوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧

٨٦بڕوانە  مادەی نۆیەم لە یاسای ڕۆژنامەگەری لەكوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧

# بابەتی چوارەم
# یاسای قەدەغەكردنی خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندی كردن لە هەرێمی كوردستان- ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨

یاسای قەدەغەكردنی خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندی كردن لە هەرێمی كوردستان تایبەتە بەو تاوانانەی كە ئامێرەكانی پەیوەندی كردن یان ئینتەرنێت وەك هۆكار بەكاردەهێنن بۆ ئەنجامدانی تاوانەكانی دژ بەبەرژەوەندی گشتی یان دژی بەرژەوەندی تایبەتی كەسەكان و بەشێوەیەكی دیاریكراو باسی تاوانەكانی رۆژنامەی ئەلیكترۆنی نەكردووە هەروەها باسی لەو تاوانانەش نەكردووە كە خودی ئامێرە ئەلیكترۆنییەكان دەكاتە ئامانج كەپێشتر باسمان لێوەكرد .

**تاوانەكانی تۆڕی زانیاری بەپێی یاساكە :**

لە یاساكەدا باسی لە دوو جۆر تاوان كردووە كەلە ڕێگەی ئامێرەكانی پەیوەندی كردنەوە ئەنجام دەدرێن كەسزاكەیان بەندكردن و غەرامەیە :

جۆری یەكەم : بڵاوكردنەوەی هەواڵی جۆراوجۆر كە ترسی لێ بكەوێتەوە یان بڵاوكردنەوەی نامە یان وێنەی جێگیر و جوڵاو كە دژی رەفتارو رەوشتی گشتی بێت كەئەمانە دژ بەبەرژەوەندی گشتین.

جۆری دووەم :هەرەشەكردن و جنێودان و تۆمەت هەڵبەستن و دزەپێكردنی گفتوگۆكان یان بێزاركردن كەئەمانە دژ بە بەرژەوەندی تایبەتی كەسەكانن[٨٧] .

**بریاری دادگا**
**ژمارەی داوا : ٢٤٤/ج/٢٠١٤[٨٨]**
**ڕێكەوت : ٢٠١٤/٤/١٣**

دەركەوت كە بریاری هەواڵە ناڕاستەو دەركراوە پێش ئەوەی لێكۆڵینەوە مەبەستەكەی بهێنێتەدی ، بەوپێیەی سكاڵاكاران وتەیان داوە كە خاوەنی ژمارە مۆبایلی (.....)خراپەی بە هاوسەرەكانیان كردووە، كە پێویست بوو هاوسەرەكانیان بانگێشت بكرێن و وتەیان وەربگیرێت بەسیفەتی سكاڵاكار،سەرەڕای ئەوەش سكاڵاكار(...)وتویەتی داوای پەیوەندی لێكردووەو ناوی زڕاندووە ئەوانەش چەند تاوانێك لەخۆ دەگرن پێویستە لێكۆڵینەوەیان لەبارەوە بكرێت، هەروەها بەو پێیەی ئەو تاوانانەی كەكراوە لەڕێگەی هۆكارەكانی پەیوەندی (مۆبایل) كراوە پێویست بوو كێشەكە یاسای قەدەغەكردنی خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندی كردنی بۆ دابنرێت نەك یاسای سزادان..

٨٧ بروانە مادەی دووەم و سێیەم لە یاسای قەدەغەكردنی خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندی كردن لە هەرێمی كوردستان

٨٨ (بڵاونەكراوە )- بریاری دادگای تاوانەكانی سلێمانی /١

**پایەی ئاشكرایی لە یاساكە :**

هەروەك دەزانرێت ئامێرە ئەلیكترۆنییەكان بەشێوەیەكی گشتی و ئامێری مۆبایل بە شێوەیەكی تایبەت بووەتە هۆكارێك بۆ رۆژنامەی ئەلیكترۆنی و میدیای بینرا و بیستراو سۆشیال میدیا كە ئاشكرایی پایەیەكی سەرەكییە تیایاندا لە ماوەیەكی كەمدا دەگاتە زۆرترین بینەرو بیسەرو خوێنەر ، بەڵام لە یاسای قەدەغەكردنی خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندی كردن لە هەرێمی كوردستان هیچ ئاماژەیەكی بە پایەی ئاشكرایی نەداوەو تەنانەت نەیكردووە بەدۆخی توند ئەگەر ئەو تاوانە لەرێگەی ئامێرە ئەلیكترۆنییەكانەوە دەكرێت بەئاشكرا بێت و بڵاوبكرێنەوە بۆ خەڵك واتە جیاوازی نەكردووە لە نێوان هەرەشەكردن یان جنێودان یان تۆمەت هەڵبەستن ئەگەر كەسی تاوانبار بە نامەیەكی نهێنی بۆ تاوانلێكراوی بنێردرێت یان بەشێوەیەك لە شێوەكانی ئاشكرا لە رێگەی ئامێرە ئەلیكترۆنییەكانەوە بڵاوی بكاتەوە.

## باسی چوارەم

## ئەو کێشانەی هەن لە یاسا بەرکارەکاندا

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو یاسایانەی تایبەتن بەتاوانەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە کەلە هەرێمی کوردستان بەرکارن دەبینین کەم وکورتی تەشریعیان تێدایەو نەیان توانیوە بواری ڕاگەیاندن بەتەواوی ڕێکبخەن هەروەها بەدروستی ڕووبەڕووی تاوانەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە ببنەوەو بەرپرسیارێتی کەسەکان دیاری بکەن، کەمەبەست لە کەموکورتی تەشریعی نەگونجانی دەقێکی یاساییە لە کاتی جێبەجێکردنیدا بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵگادا کە هەندێک جار بە هۆی گەشەسەندنی جەوهەری لە کۆمەڵگادا دروستدەبێت و لەتوانای ئەو دەقە یاساییانە نابێت کە پێشتر دانراون شان بەشانی ئەو گەشەسەندنە بڕۆن،ئەوەش بەهۆی کۆنی یاساکان یان بەهۆی گۆڕانکاری سیاسی گەورە لەکۆمەڵگادا لەدۆخێکی سیاسی دیاریکراوەوە بۆ دۆخێکی سیاسی تەواو گۆڕاو یان بەهۆی گەشەسەندنی تەکنۆلۆجیاوە لەهەمووشیان سەرەکی تر کەم ئەزموونی لەسەر بنەمانی داڕشتنی یاسایی (مبادیء الصیاغة التشریعیة)ەوە ، بۆیە لەم باسەدا سەرەتا ئاماژەیەك بە داڕشتنی یاسایی دەدەین پاشان هەوڵ دەدەین باسێکی کورتی ئەو کێشانە بکەین کەلەو یاسایانەدا هەن کەکردومانن بەسێ بابەتەوەو خۆیان دەبیننەوە لەپەرتەوازەیی لەیاساکانداو کەموکورتی و تێکەڵاو بوون لەرێکخستنداو ناوردی لەداڕشتندا .

**داڕشتني یاسایی( الصياغة التشريعية) :**
مەبەست لە داڕشتنی یاسایی لە ڕووی زمانەوانییەوە بریتییە لە ئامادەکردنی شتێك و بنیتنانی... لە ڕووی میتۆدیشەوە بەوە پێناسە دەکرێت کە ئامرازێکە بۆ گۆڕینی ئەو مادە سەرەتاییانەی بنەمای یاساییان لێ پێکدێت بۆ کۆمەلێك بنەمای کرداری گونجاو بۆ جێبەجێکردنێك کە مەبەستەکەی بپێکێت و، هەموو کەس بە ئاسانی لێی تێبگات و کەمتر شرۆڤەو تەئویلی جیاوازی بۆ بکرێت لە لایەن جێبەجێکارانییەوە [89].

داڕشتنی یاسایی گرنگیەکەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەمانگەیەنێتە دانانی یاسایەکی پێشکەوتوو ڕوون کە هەموو لایەنەکانی ئەو بوارە لە خۆبگرێت و کەموکورتی تێدا نەبێت و گونجاو بێت لەگەڵ دەستورو ویاسا کارپێکراوەکانی تر و شیاوی تێگەشتن بێت و بتوانرێت جێ بەجێ بکرێت.
دەوڵەتە پێشکەوتوەکان بۆ بنیاتنانی سیستمی یاسایی پشت دەبەستن بەو بنەماو ڕەگەزە بنەڕەتیانەی کە لە یاسا سروشتییەکان و بنەماکانی دادپەروەری و مافی مرۆڤدا هەن و سورن لەسەر ئەوەی یاسا ناکۆك نەبێت لەگەڵ ڕێکەوتننامەو بەڵێننامە نێودەوڵەتیەکان ، هەروەها ئەو یاسایەی دەریدەکەن ڕوئیا یەکی تیادا بێت بۆ داهاتوو ئەوەش بەوەی ئەو بابەتانەش چارەسەر بکات کە چاوەڕێ دەکرێت ڕوبدات لە پاش دەیان ساڵ ، ئەمەش بێ گومان دەبێتە هۆی دروست کردنی متمانە بۆ یاساکان لەناو ئەو دەوڵەتە، ئەگەر متمانەش دروست بوو ئەوا دڵنیایی و پێگە یاساییەکانی تاکیش جێگیرتر دەبێت.

---

[89] د. لیث کمال نصراوین- متطلبات الصياغة التشريعية الجيدة وأثرها على الإصلاح القانوني – گۆڤاری کۆلێژی یاسای کوەیتی جیهانی – بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەڕی www.journal.kilaw.edu.kw ل٣٨٥-دوا سەردان ٢٠٢٢/٨/٧

## بابەتی یەكەم
## پەرتەوازەیی لە یاساكاندا

بەپێی بنەماكانی داڕشتنی یاسایی پێویستە كەیاسایەك دادەنرێت بۆ ڕێكخستنی بوارێك نابێت پارچە پارچە بكرێت و پەرتەوازە بكرێت لەچەند یاسایەكدا تەنها كردە تاوانییەكان و سزاكانی ئەو بوارە نەبێت كەوا باشترە لەچوارچێوەی كۆد(متن)ی یاسای سزادانـدا ڕێك بخرێت، بەڵام ڕێكخستنی بواری ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە بە تایبەتی لە ڕێكخستنی كردە تاوانییەكانی و سزاكانی پەرتەوازەبوون بەسەر ئەو یاسایانەدا كەپێشتر ئاماژە بۆكردن بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- كاتێك یاسای ڕۆژنامەگەری لە كوردستان –ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە دەرچوو هەمواری لایەنی بڵاوكراوەی خولی كرد كەلە یاسای چاپەمەنی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە دەرچووە بەڵام لەو یاسایەدا باسی چاپكراوی ناخولی وەك كتێب و ناميلكە نەكردووە بۆیە یاسای ڕۆژنامەگەری بەشێكی یاسای چاپەمەنی كەچاپكراوی خولییە لەكارخست بەڵام بۆ ڕێكخستنی بەشەكەی تری كە چاپكراوی ناخولییە بە تایبەتی لە وەرگرتنی ژمارەی سپاردن لەیاسای چاپەمەنی وەك خۆی هێشتەوەو تا ئێستاش كاری پێدەكرێت .

٢- ئەگەر كەسێك ڕۆژنامەنوس نەبێت بەپێی ئەو پێناسەیەی كە یاسای ڕۆژنامەگەری لە كوردستان –ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بۆ ڕۆژنامەنوس كردویەتی وتارێك یان ڕیپۆرتاژێك یان كاریكاتێرێك یان وێنەیەكی لە ڕۆژنامەیەك بڵاوكردەوە و یەكێك لە تاوانەكانی بڵاوكردنەوەی لەخۆ گرت بوو ئەوا یاسای ڕۆژنامەگەری بەسەردا ناچەسپێت و پێویستە بۆسزادانی دادگا بگەڕێنەوە بۆ یاسای سزادان چونكە ئەو یاسایە ئەو سزایانەی كە دیار یكردووەو لەكاتی ئەنجامدانی تاوانێكی بڵاوكردنەوە پێویستە ئەو كەسە ڕۆژنامەنوس یان سەرنوسەر بێت .

٣- ئەگەر هەركەسێك بە ڕۆژنامەنوسیشەوە لە لە هەژماری خۆی لە یەكێك لە تۆرە كۆمەڵایەتییەكان وەك فەیسبوك و ئینسیتگرام و تویتەر بابەتێكی ڕۆژنامەوانی بڵاوكردەوە ئەوا یاسای قەغەكردنی خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندی كردنی بەسەردا دەچەسپێت نەك یاسای ڕۆژنامەگەری لە كوردستان –ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ چونكە ئەو یاسایە تایبەتە ڕۆژنامەی چاپكراو ( كاغەز).

بەوەش دەبینین كە چۆن ڕێكخستنی بواری ڕاگەیاندن و تاوانەكانی بڵاوكردنەوەو ڕاگەیاندن لەچەند یاسایەكدا پەرتەوازە كراون .

## بابەتی دووەم
## كەموكورتی و تێكەڵاوكردن لە ڕێكخستندا

بنەمایەكی تر لە بنەماكانی تری داڕشتنی یاسایی ئەوەیە كاتێك یاسایەك دادەنرێت و دەردەكرێت پێویستە یاسایەكی گشتگیر بێت و هەموولایەنەكانی ئەو بوارە لە خۆ بگرێت و كەموكورتی تێدا نەبێت بۆ ئەوەی ناچار نەبن دوای ماوەیەكی تر هەموار بكرێتەوە، بەڵام ئەو یاسایانەی كە بەركارن لەهەرێمی كوردستان بەهەموویان نەیانتوانیوە بە تەواوی بوارەكانی بڵاوكردنەوەو ڕاگەیاندن لەخۆ بگرن ، هەروەها نابێت لە یاسای ڕێكخستن (القانون التنظيمي )ی بوارێكدا دەقی ڕێكاری و سزایی تێكەڵ بكرێت ئەگەر هەر گۆڕانكارییەك یان زیادەیەك پێویست بكات لەو بوارەدا دەبێت خودی یاسا ڕێكارییەكە یان سزاییەكەی بۆ هەموار بكرێتەوە كە دەتوانین ئەو دوولایەنە لەم خاڵانەدا كورت بكەینەوە :

١- كاتێك یاسای ڕۆژنامەگەری لە كوردستان –ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە

دەرچووە دەبووا ئەو یاسایە ناوی(یاسای بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن) بووایە هەموو بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن لەچاپکراوی خولی و چاپکراوی ناخولی و رادیۆو تەلەفیزیۆن و بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێتیشی لەخۆبگرتایە تاوەکو یاسایەکی گشتگیر بێت بەڵام یاساکە تەنها تایبەتە بە چاپکراوی خولی کە خۆی لە رۆژنامەی چاپکراو و گۆڤاری چاپکراودا دەبینێتەوە کەهەرچەندە لە(مادەی یەکەم برگەی چوارەم)ی یاساکە،ڕۆژنامەگەری بەوە پێناسەکردووە کە ( پیشەی ڕۆژنامەگەریە لە کەناڵە جیاوەزەکانی ڕاگەیاندندا )و لە برگەی پێنجەمی هەمان مادەدا ڕۆژنامە نوسی پێناسەی کردووە بە(هەر کەسێك کە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن کاردەکات ) کەلە سەرەتادا وا دەگەیەنێت یاساکە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن ئەگرێتەوە ، بەڵام لە برگەی شەشەمی هەمان مادەدا تەنها پێناسەی ڕۆژنامەی کردووە بەم شێوەیە (ڕۆژنامە هەر چاپکراوێك کە بە شێوەی خولی و ناوێکی دیاریکراو بە ژمارەی ریزبەندی و بە ڕێك و پێکی دەربچێت و دابەشکرێت) و لە هیچ مادەیەکدا پێناسەی رادیۆ و تەلەفیزۆنی نەکردووە سەرەڕای ئەوەش بەپێی پێناسەی ڕۆژنامە تەنها چاپکراو دەگرێتەوە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ناگرێتەوە ، لە مادەکانی سێهەم و چوارەم و پێنجەم کە باس لە مەرجەکانی دەرکردن و دەستبەرداربوون لە ڕۆژنامە دەکەن بە تەنها باس لە چاپکراوی کاغەزی دەکەن و یاساکە باسی چۆنیەتی دامەزراندنی تەلەفیزیون یان رادیۆی نەکردووە، لە مادەی نۆیەمیش (برگەی یەکەم) هاتووە ( ڕۆژنامەنووس و سەرنوسەر بە بڕێك پارە غەرامە دەکرێن کە لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە(٥٠٠٠٠٠٠)لە پێنج ملێون دینار پترنەبێت ) ئەگەر تێبینی ئەو دەقە بکەین دەبینین سەرنووسەر بۆ ڕۆژنامەیەو بۆبەرپرسی تەلەفیزۆن و رادیۆ ناوترێت سەرنوسەر بەڵکو بەرپرسی ئەو دوو راگەیاندنە دەوترێت بەڕێوبەر ، سەرەڕای ئەوانەش زۆر لایەن هەیە کەیاساکە بەلایدا نەچووە کە زیاتر تایبەتن بە ڕادیۆو تەلەفیزۆن بۆ نموونە لە بەرنامەیەکی راستەوخۆدا بیسەران یان بینەران بەشداریان کرد و یەکێك لەوانە تاوانێکی ڕاگەیاندنی کرد ئایا تا چەند بەرپرسیارێتی دەچێتە سەر دەزگاکەو بەڕێوبەرەکەی ، هەروەها یاساکە باسی لە بەرپرسیارێتی بێژەر و پێشکەشکاری بەرنامە نەکردووە ئەگەر لەکاتی پەخشدا یەکێك لە تاوانەکانی بڵاوکردنەوە ئەنجام بدات .

٢- ئەگەر سەرنج بدەین لە یاسای چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣تەنها یاسایەکی ڕێکخستنی بواری چاپکراوی خولی و ناخولییە پابەندبووە بە بنەماکانی دارشتنی یاساییەوەو هیچ دەقێکی ڕێکاری و سزایی لەخۆ نەگرتووەو ئەوانەی بەجێهێشتووە بۆ یاسا بنەما دادگەرییە سزاییەکان و یاسای سزادای عێراقی ، بەڵام یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان –ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ چەند دەقێکی سزایی تێدایە کەلەمادەی شەشەم –برگەی دووەم و مادەی نۆیەم ئاماژەیان پێکراوەو هەروەها دەقی رێکاریشی لەخۆگرتووە کەتیایدایە هەڵەی جوهەری تێدایە بۆ نموونە لەمادەی هەشتەم –برگەی پێنجەم هاتووە(نابێ دوای تێپەربوونی ٩٠ نەوەد رۆژ لەمێژووی بڵاوکردنەوە هیچ ڕێکارێکی یاسایی لەبەرامبەر رۆژنامەنوس بگیرێتەبەر)
دەبینین ئەم دەقە بەڕەهایی هاتووەو جیاوازی نەکردووە لەنێوان مافی تایبەتی کەسەکان ومافی گشتیدا کە ئەم دەقە زیادەو چونکە لەمادەی (٣)ی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان ئەم بابەتەی یەکلایی کردۆتەوە.

**بڕیاری دادگا**
**ژمارەی داوا : ٣٩٢٩/ج/٢٠١٤**[٩٠]
**ڕێکەوت : ٢٠٢١/٨/٢٢**

بەو پێیەی سکاڵاکار لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٢/٥ سکاڵای تۆمارکردووە لەدژی تۆمەتبار لەسەر بابەتێك

---

٩٠ (بڵاونەکراوە )- بڕیاری دادگای کەتنی سلێمانی /٢

کەبڵاوکراوەتەوە لەرۆژنامەی(...) لەرێکەوتی ٢٠٠٧/٩/١، بەو جۆرەش دەردەکەوێت کە سکاڵاکار لەدوای (٩٠) نەوەد رۆژ سکاڵاکەی تۆمارکردووەو لە ماوەی یاساییدا نەبووە بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی سکاڵاکە پاڵپشت بە مادەی هەشتەم –بڕگەی پێنجەم لە یاسای رۆژنامەگەری کوردستان بە ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ .

ئەو بڕیارە ڕاستێنراوە (تصدیق) بەبڕیاری دادگای تێهەڵچونەوەی سلێمانی بەسیفەتی پێداچونەوە- دەستەی سزایی بەژمارە ١٩٤/ت.جنح/٢٠٢١ لە ٢٠٢١/٩/٢٧ .

٣- لە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن لە هەرێمی کوردستان- ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ بەهەمان شێوە باسی رێکخستنی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و تاوانەکانی ڕاگەیاندنی نەکردووە، کە ئاشکرایی پایەیەکی سەرەکییە تیاندا و هیچ جیاوازی نەکردووە لە نێوان هەرەشەکردن یان جنێودان یان تۆمەت هەڵبەستن ئەگەر کەسی تاوانبار بە نامەیەکی نهێنی بۆ تاوانلێکراوی بنێردرێت یان بەشێوەیەك لە شێوەکانی ئاشکرا لە رێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوی بکاتەوە یان لە رۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی بڵاوی بکاتەوە و باسی بەرپرسارێتیی سەنوسەری رۆژنامەی ئەلیکترۆنی و بەرێوبەری بڵاوکردنەوە لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکانی تر و ماڵپەرەکانی نەکردووە ، کەئەم یاسایە لە ناوەڕۆکدا یاسایەکی سزاییەو دەکرا یاسای سزادانی عێراقی بۆ هەمواربکرێت و لەچواچێوەی ئەو یاسایەدا جێگەی بکرایەتەوەو پێویستی نەدەکرد یاسایەکی تایبەتی بۆ دابنرێت .

٤-

## بابەتی سێیەم
## نا وردی لە داڕشتندا

پێویستە لەسەر یاسادانەر لە داڕشتنی وشەو ڕستەکان وردبێت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکات و بزانێت دواتر لە چەسپاندن (تطبیق)و جێبەجێکردندا چی لێ دەکەوێتەوەو نابێت وشەی ناڕوون و دەستەواژەی لاستیکی و بێ هەڵسەنگاندن وشە دابنرێت چونکە هەر وشەو ڕستەیەك کە بە ناتەواوی داڕێژرا ئەوا دواتر لە کاتی جێبەجێکردن ئێشکالیەتی لێئەکەوێتەوە ، کە ئەمانە لەهەردوو یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان و یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێن کەبەکورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین :

١- لەمادەی حەوتەم بڕگەی سێیەم هاتووە (رۆژنامەنوس مافی ئەوەی هەیە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا نەکات تەنها بە بڕیاری دادوەری نەبێت) ، بەپێچەوانەی ئەو دەقەوە دەبوا رۆژنامەنوس بەبڕیاری داوەریش بۆی هەبووایە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا نەکات بەمەرجێك خۆی بەرپرسیارییەتیەکەی هەڵبگرێت هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد تاوەکو متمانە لەدەست نەدات لای سەرچاوەی زانیارییەکانی و ئەوانەی نایەنەوێت شوناسیان زانراو بێت .

٢- لە مادەی نۆیەم بڕگەی (١) لە یاسای ڕۆژنامەگەریدا هاتووە (ڕۆژنامەنووس و سەرنوسەر بە بڕێك پارە غەرامە دەکرێن کە لە (١٠٠٠٠٠٠ )یەك ملێون دینار کەمتر و لە (٥٠٠٠٠٠٠)پێنج ملێون دینار زیاتر نەبێت)، نا وردی ئەم دەقە لەوەدایە کە یاسای ڕۆژنامەگەری تەنها بەسەر ڕۆژنامەنووسدا دەچەسپێت ، واتە ئەگەر کەسێك ڕۆژنامەنوس نەبێت کارێکی ڕۆژنامەوانی بکات یان بابەتێك یان وتارێك یان نیگارێك یان وێنەیەك بڵاوبکاتەوە لە رۆژنامەیەك یان کەناڵێکی ڕاگەیاندن و تاوانێکی لەخۆ گرت بوو ،دواتر سکاڵای لەسەر تۆمارکرا ئەوا دادگا

ناچارە یاسای سزادانی بەسەردا بچەسپێنێت چونکە بەپێی ئەم مادەیە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە پێ یاساکە رۆژنامەنوسن و لە کەناڵێکی ڕاگەیاندن کاردەکەن ، کە دەبوو لە جیاتی وشەی ڕۆژنامەنوس ئەو دەقە بەم شێوەیە دابڕێژایە (دانەری نوسین یان نیگار یان وێنە ...) ،هەروەها لە بەکار هێنانی وشەی سەرنوسەریش سەرکەوتوو نەبووە چونکە سەنوسەر تەنها بۆ ڕۆژنامە بەکادەهێنرێت دەبووا وشەیەکی فراوانتری بەکاربهێنایە تا هەموو بوارەکانی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن بگرێتەوە بۆ نموونە زاراوەی (بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە)ی بەکاربهێنایە کەوردتر و گشتگیرترە .

**بڕیاری دادگا**

**١- ژمارەی داوا : ٢٠٢/پ/٢٠١٥**[٩١]
**ڕێکەوت : ٢٠١٥/٥/٢٠**

دەرکەوت بڕیارەکە ناڕاستەو پێچەوانەی یاسایە ، لەبەرئەوەی تۆمەتبار ڕۆژنامەنوس نییە و کاری تۆمەتبار یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧) نایگرێتەوە ، دەبووا دادگای لێکۆڵینەوە کێشەی ناوبراوی جیابکرایەتەوە و بەپێی مادەی (٤٣٣) لەیاسای سزادان هەواڵەی دادگای تایبەتمەندی بکردایە .. بۆیە بڕیاردرا بەدەستوەردان لەبڕیاری هەواڵەو هەڵوەشاندنەوەی و گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ دەرکردنی بڕیاری یاسایی گونجاو .

**٢- ژمارەی داوا : ١٠٩١/پ/٢٠٢٢**[٩٢]
**ڕێکەوت : ٢٠٢٢/٧/١٧**

دەرکەوت کە بڕیارەکە ناڕاستەو پێچەوانەی یاسایە لەبەرئەوەی تۆمەتبار ڕۆژنامەنوسەو کارە تاوانییەکە بەهۆی کارەکەیەوە دراوەتەپاڵی پێویست بوو لێکۆڵینەوە لەدۆسیەکە بەپێی مادەی (٩) لە یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) بکرایەو ڕەزامەندی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان وەربگیرایە پێش دەستکردن بە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە پاڵپشت بە مادەی (٨) لە هەمان یاسا ، بۆیە بڕیاردرا بەدەسستوەردان لەبڕیاری هەواڵەکەو هەڵوەشاندنەوەی و گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوەو پەیوەست کردنی بەبڕیاری گونجاو.

**تێبینی /** تۆمەتبار بەپێی مادەی دووەم لە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن هەواڵە کرابوو

٣- لە مادەی نۆیەم بڕگەی _٥ یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان جنێودان و تۆمەت هەڵبەستنی بە تاوان ئەژمارکردووە بەبێ ئەوەی پێناسەیان بکات بەپێچەوانەوە یاسادانەری یاسای سزادانی عێراقی لە مادەکانی ٤٣٣و٤٣٤ بەروونی پێناسەی هەردوکیانی کردووەو پێشتر ئاماژەمان پێکردون، هەروەها هەمان سزای داناوە بۆ هەردووکیان کە غەرامەیەکە لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و (٥٠٠٠٠٠٠) لە پێنج ملیۆن

٩١ (بڵاونەکراوە )- بڕیارێکی پێداچونەوەیە دەرچووە لەدادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣ بەسیفەتی پێداچونەوە .

٩٢ (بڵاونەکراوە )- بڕیارێکی پێداچونەوەیە دەرچووە لەدادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢ بەسیفەتی پێداچونەوە .

دینار زیاتر نەبێت، ئەمە لەكاتێكدا تاوانی تۆمەت هەڵبەستن قورسترەو كاریگەری لەسەر تاوانلێكراو زیاترە لە جنێودان  ئەمەش ناوردی دەردەخات لە دارشتنی دەقی یاسادا .

٤- لە مادەی نۆیەم بڕگەی (٦) لە یاسای ڕۆژنامەگەریدا هاتووە (هەر بابەتێك زیان بە رێكاری لێكۆڵینەوەو دادوەری بگەیەنێت تەنیا مەگەر دادگا رێگەی بە بڵاوكردنەوە دابێت ) ، دەبینین ئەم دەقە زۆر لاستیكی و ناڕوونەو ئەو حالەتانەی دیاری نەكردووە كەزیان بە رێكاری لێكۆڵینەوەو دادوەری دەگەیەنن لەكاتێكدا یاسادانەری  یاسای سزادانی عێراقی لە هەردوو مادەی ٢٣٥ و ٢٣٦ كە پێشتر ئاماژەمان پێداون بەروونی ئەو حاڵەتانەی  دیاری كردووە كە بەتاوانەكانی پێشێلكردنی ڕەوشی دادپەروەری دادەنرێن .

## كۆتايی

ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا لە دنیای ئەمڕۆماندا بووەتە یەكێك لە كاریگەرترین هۆكارەكان لەسەر تاكەكانی كۆمەڵگەی ئێمە كە سەرەڕای ئەوەی بەدەیان و سەدان رۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفیزیۆنی ئاسمانی و ناوخۆیی هەن بەهەزاران پەیج و رۆژنامەی ئەلیكترۆنیش هەن ، كە ڕاستە كاریكی گرنگە ئەو ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیایانە بەئازادی بمێننەوەو لەمپەر و ئاستەنگیان بۆ دروست نەكرێت و سنووری ئازادییان كەم نەكرێتەوە، بەڵام لەهەمان كاتدا پێویستیان بە ڕێكخستنەوە هەیە پێویستیان بەوە هەیە كەهەموو ڕاگەیاندن و پەیج و هەژمارێك خاوەنەكانیان دیاربێت بە تایبەتی كە دەبینین چەندین پەیج و رۆژنامەو كەناڵ هەن كە خاوەن و بەرپرسی بڵاوكردنەوەو خاوەنی نوسینەكانیان دیار نین و لەڕێگەیانەوە زانیاری و هەواڵی ناڕاست بڵاو دەكەنەوە و جنێو و تۆمەتی ناڕەوا بەزۆرێك لە تاكەكانی كۆمەڵگە دەدەن ، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی تاوانەكانی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە بەشێوەیەكی نائاسایی تەشەنە بكەن و ببێتە كارێكی چاولێكەری بەتایبەتی لەناو توێژی گەنجانداو وای كردووە كاریگەری خراپ بكاتە سەر پەروەردەو ئاستی هۆشیاری تاك ، سەرەڕای ئەوەی كاریگەری زۆر دەكەن لەسەر كەسێتی و ناوبانگ و باری دەروونی تاوانلێكراو كە هەندێكیان لەدوای سكاڵاكردنیش لە دادگاكان شوناسیان نادۆزرێنەوەو ناتوانرێت هیچ رێكارێكی یاساییان بەرامبەر بكرێت بۆیە لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە كۆمەڵێک دەرەنجام و ڕاسپاردە كە بە كورتی ئاماژەیان پێ دەدەین :

**یەكەم – دەرەنجامەكان :**

١- هەرچەندە یاسا بەركارەكانی تایبەت بەبواری ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە لە هەرێمی كوردستان زۆرن بەڵام نەیانتوانیوە ئەو بوارانە ڕێك بخەن و بەتەواوی ڕووبەڕووی تاوانەكانی بڵاوكردنەوە ببنەوەو بەرپرسیارێتی كەسەكان بەوردی دیاری بكەن.

٢- پەرتەوازەیی یاساكانی بواری ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە وای كردووە كە ناسەقامگیرییەك دروست بكات لەدادگاكاندا و بڕیاری پێچەوانە دەربچێت لە دادگایەكەوە بۆ دادگایەكی تر تەنانەت لە هەمان دادگادا لە كێشە هاوشێوەكاندا .

٣- كەم و كورتی لە یاساكانی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە لە هەرێمی كوردستان یەكێكە لەو هۆكارانەی كە بووەتە هۆی تەشەنەكردنی تاوانەكانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی لەڕێگەی رۆژنامەی ئەلیكترۆنی و سۆشیال میدیاوە .

**دووەم – ڕاسپاردەكان :**

١- بوارەكانی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە لە چوارچێوەی یەك یاسادا ڕێك بخرێنەوە بەناوی(یاسای بڵاوكردنەوەو ڕاگەیاندن) كەیاسایەكی گشتگیر و بێ كەموكورتی بێت بتوانرێت هەموو بوارەكانی ڕاگەیاندن لە بڵاوكراوەی خولی چاپكراو و بڵاوكراوەی ناخولی رۆژنامەی ئەلیكترۆنی و ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و سۆشیال میدیاش بگریتەوە، كە دەقەكانی وردو ڕوون بێت هەروەها بەرپرسیارییەتییەكی كەسەكان بە وردی دیاری بكات،بەشێوەیەك پێویستی بەدەق و یاسای تر نەبێت كە بگەڕێتەوە سەری ، بەڵام خۆی بەدوور بگرێت لەدەقی ڕیكاری و سزایی ئەوانە بەجێی بهێلرێت بۆ یاسای ڕێكاری وەك یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەكان و

یاسای سزایی وەك یاسای سزادان ئەگەر كەم و كورتییەكیش لەواندا هەبێت لەبواری ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە لەواندا هەموار بكرێنەوە، تاوەكو یاسایەك بێت بەتەواوی گونجاو بێت لەگەڵ بنەماكانی داڕشتنی یاساییدا .

٢- دادگایەكی كەتن لە ناوەندی هەر پارێزگایەكی هەرێمدا تایبەت بكرێن بە بینینی تاوانەكانی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە كە دادوەرەكانیان ڕاهینان و خولی تایبەتیان بۆ بكرێت تاوەكو تێگەیشتنی باشتریان هەبێت لەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەری و لەهەمان كاتدا دەبێتەهۆی دوور كەوتنەوە لە بڕیاری پێچەوانەو دژ بەیەك .

٣- دادوەرانی لێكۆڵینەوە خول و ڕاهێنانیان پێ بكرێت لە سەر ئازادی ڕۆژنامەگەری و یاسا بەركارەكانی تایبەت بەبڵاوكردنەوەو ڕۆژنامەگەری هەروەها لە بارەی ڕاگرتن و ڕانەگرتنی ڕۆژنامەنوسانەوە لەكاتی ئامادەبوون یان دەسگیركردنی ڕۆژنامەنوس یان هەر كەسێكی تر كە تۆمەتبارە بەتاوانەكانی ڕاگەیاندن .

# سەرچاوەکان

## یەکەم- کتێب


١- د.اشرف رمَضان عبدالحميد - حرية الصحافة –دراسة تحليلية فی التسريع المصری والقانون المقارن –چاپی یەکەم -قاهره ٢٠٠٤

٢- ابراهيم الداقوقي –قانون الاعلام -بغداد ١٩٨٦

٣- د. خالد رمضان عبدالعال سلطان - المسؤولية الجنائية عن جرائم الصحافة -دراسة المقارنة- چاپی یەکەم – قاهیره ٢٠٠٢

٤- د. جمال ابراهيم الحيدری – الوافی فی القسم العام من قانون العقوبات –بيروت ٢٠١٧

٥- چيا اسماعيل عثمان– المسؤولية الجنائية للصحفي عن جرائم النشر –مصر / الامارات ٢٠١٧

٦- د. سامان فوزی عمر– بنەماکانی یاسای ڕاگەیاندن– چاپی سێیەم– کوردستان -سلێمانی ٢٠٢٠

٧- قيس لطيف كجان التميمی- شرح قانون العقوبات العراقی بقسميه العام والخاص وتعديلاته – چاپی نوێ- بيروت -بغداد ٢٠١٩

٨- د. عمر سالم - نحو قانون جنائي للصحافة –چاپی یەکەم -قاهيره ١٩٩٥

٩- د.عمادعبدالحميد النجار - الوسيط فی تشريعات الصحافة- مصر ١٩٨٥

١٠- عمرو محمد فوزی الابشيهی – جرائم النشر والاعتداء علی حقوق الملكية الفكرية- زانکۆی طنطا – کۆلێژی ماف

١١- دكتور علی حسين الخلف و دکتۆر سلطان عبدالقادر الشاوی – المبادیء العامة فی قانون العقوبات – بغداد-٢٠٠٦

١٢- پارێزەر محسن ناجی –الاحكام العامة فی قانون العقوبات – چاپی یەکەم-بغداد- ١٩٧٤


## دووەم -توێژینەوە


١- د. أحمد محمد اللوزی – المسؤولية الجزائية لمقدم البرنامج التلفيزيونية – زانکۆی الشرق الاوسط حزيران ٢٠٢٢ - بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیwww.meu.edu.jo

٢- د. خالد خضير دحام - احكام المسؤولية الجزائية في القانون العراقي – دراسة مقارنة- گۆڤاری دراسة الحقوق/ ژمارە یەك ٢٠١٤ - بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی عراق السلام www.iraqpf.com

٣- جاسم محمد هادى المالكى – جريمة التشهير (القذف ) فى القانون العراقى – توێژینەوەیەكە لە ماڵپەری (مركز النهرين للدراسات الاستراتيجية ) بڵاوكراوەتەوەwww.alnahrain.iq
٤- د. ليث كمال نصراوين- متطلبات الصياغة التشريعية الجيدة وأثرها على الإصلاح القانوني – گۆڤاری كۆلێژی یاسای كوەیتی جیهانی – بڵاوكراوەتەوە لە ماڵپەڕی www.journal.kilaw.edu.kw
٥- عادل كاظم السعود- نحو قانون جنائي يكفل حرية الصحافة في العراق- زانكۆی اهل البيت- بڵاوكراوەتەوە لە ماڵپەڕی abu.edu.iq
٦- هبة خيرالله – توێژینەوەیەك دەربارەی رۆژنامەی ئەلیكترۆنی - بڵاوكراوەتەوە لە ماڵپەڕی ئەلیكترۆنی www.sotor.com
٧- نعيمى توفيق- المسؤوليه الجزائية عن جرائم الصحافة الاكترونية- بڵاوكراوەتەوە لە ماڵپەڕی ئەلیكترۆنی studies.aljazeera.net/ar/mediastudi.
٨- وسيلة عاس - جرائم الاعلام /٢٠١٤-٢٠١٥- یاداشتێكی تەواوكەرە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر – زانكۆی الهربي ابن مهيدي- بڵاوكراوەتەوە لە ماڵپەڕی - bib.univ-oeb.dz

**سێیەم -یاساكان**
١- یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩
٢- یاسای چاپەمەنی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣
٣- یاسای كاری رۆژنامەگەری لە كوردستان –ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧
٤- یاسای قەدەغەكردنی خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندی كردن لە هەرێمی كوردستان- ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨